# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان
# هەولێر - دەشتی هەولێر

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک

٢٠٢٣

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان
# هەولێر - دەشتی هەولێر

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک

٢٠٢٣

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان هەولێر - دەشتی هەولێر
ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک
پێداچوونەوە: لاڤە حەیدەر
دیزاین: دکتۆر ئەکرەم فەرەیدون
تایپ: نووسەر
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢
نۆرەی چاپ: یەکەم
چاپخانەی:

ژمارەی سپاردن: ژمارە (٧٧٤)
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

**پێشکەشە....**

بەسەرجەم پێشمەرگە پارتیزانەکان و ئەو
پێشمەرگانەی خەباتیان کرد لە پێناو رزگاری و
ئازادیدا

**حەیدەر مەنتک**

# وردەکاریەکانی مێژووی شۆڕشی نوێ!

نووسینەوەی وردەکارییەکانی مێژووی خەباتی چەکداریی و نهێنی و بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە و زانیارییەکانی ئەو سەردەم ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە و بایەخێکی گەورەیان هەیە. لە ماوەی ڕابردوودا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بیرەوەریی تایبەتی تێکۆشەرە دێرینەکان، کتێب، نامیلکە و بەڵگە فیلم لە بوارە جیا جیاکانی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەنگاوی بەرچاو نراوە، بەڵام هێشتا لە چاو ئەوەی پێویستە بکرێ و هەبێ زۆر کەمە و زۆریشی ماوە.
ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان بەئاڕاستە و مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و بەرچاوڕوونکردنەوەی نەوەکانی داهاتوو لەو قۆناغە سەختەی ژیانی کوردەواری هەوڵێکی باشە و شایستەی دەستخۆشییە.
ئەم ئینسکلۆپیدیایە کە لە سێ کتێب پێکدێت، مێژووی ژیان و خەباتی پۆلێک پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەگرێتەخۆ. دیارە شانبەشانی ئەو تێکۆشەرانەی ناویان لێرەدا هاتووە و ئەوانەیش هێشتا ناویان نەهاتووە لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی داگیرکەراندا گیانبازانە وەستاونەتەوە و تێکۆشاون، ڕێکخستنە نهێنییەکان و کەسوکاری پێشمەرگەکانیش ڕۆڵێکی کارا و کاریگەریان گێڕاوە و لەو پێناوەشدا ڕووبەڕووی لە سێدارەدان، زیندان و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە بۆ باشووری عێراق بوونەتەوە.
ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون و ماون دەزانن کە گەلەکەمان بە چ قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەگەر وردەکاریی ئەو مێژووە دژوار و سەختە نەنوسرێتەوە و بە دیکۆمێنت نەکرێت، ئەوا لە دواڕۆژدا بڕواکردن بەو بەسەرهات و چیرۆک و ڕووداوە ڕاستەقینانە ئەستەم دەبێ، بۆیە نووسینەوە و بەئەرشیفکردن و بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەر و ستەمدیوانەی کە لەو ڕۆژگارە سەختانە ڕۆڵێکی ئەفسانەییان گێڕاوە کارێکی گرنگ و پێویستە و لەو بوارەشدا ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە بەردێکی بنچینەییە لە بناغەی مێژوو و ئەرشیفی شۆڕشی نوێ.
کاتێک بەندە چاوێکم بەسەر ناوی ئەو تێکۆشەرانەدا گێڕا کە لێرەدا باسیان کراوە، یەکسەر بە بیرم هاتەوە کە ئەو کات باوک، دایک، خوشک، برا، ژن و منداڵی زۆربەی

هەرە زۆری ئەوانە گیراون و زیندانیکراون، ئەوانەی کە نەشگیرابن ئەوا شانبەشانی ڕۆڵەکانیان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لەژێر سایەی بۆمبارانی تۆپ و تەیارە و پەلامارە بەردەوامەکاندا بوون یان لە ئاوارەیی و دەربەدەری ژیانێکی پڕ لە مەترسی و کولەمەرگی دەژیان. ئەوکات، تێکۆشەرانی ئەم گەلە نەک هەر ئامادە بوون ڕێگای سەختی خەبات بگرنەبەر و بە گیانی خۆیان ڕووبەڕووی داگیرکەران ببنەوە، بەڵکو بەهۆی بەشدارییان لە خەباتی گەلەکەیان کەسوکارەکانیشیان ڕووبەڕووی گرتن و زیندانیکردن، دەربەدەریی و نەداری دەکردەوە. خۆ ئەگەر ئەو لە خۆبردوویی و گیانفیداییەش نەبوایە، بێگومان چارەنووسی گەلی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا ڕاگواستن و بەعەرەب بوون بوو.

مێژووی شۆڕشی نوێ بەگشتی و مێژووی خەباتی یەکبەیەکی ئەو تێکۆشەرانەی شەهید بوون یان بەردەوامیان بە خەباتدا بەتایبەتی مایەی شانازیی هەتا هەتاییمانن. لە پلانی (مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری – بۆردی ئەرشیف و مێژوو)دایە هەنگاو بە هەنگاو ئاوڕ لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بدرێتەوە، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ تا ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بەشدارییان کردووە.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە کاک حەیدەر مەنتک دەکەم و هیوادارم لەسەر ئەو کارە گرنگ و ناوازەیە بەردەوام بێ. داواش لە نووسەر و تێکۆشەرانی تر دەکەم بێنە مەیدان و هەر یەکە و لای خۆیەوە بەردێک دانێتە سەر دیواری مێژووی پڕ لە سەروەریی شۆڕشی نوێ بەتایبەت و گەلی کوردستانیش بەگشتی.

**ئاریز عەبدوڵڵا**
**٢٠٢٣**

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان لە هەولێر بۆ؟

ئەوێ ڕۆژێ لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، هیوایەک نەمابوو کە جارێکی تر چەک و پێشمەرگە و شاخ بەدیداری یەکتر شادبکاتەوە، تروسکایەک بەدی نەدەکرا، بەداستان و قارەمانییەکانی پێشمەرگە، نیشتمان لەدوژمن پاک بکاتەوە. ئەوێ ڕۆژێ شۆڕشی کورد هەرەسی هێنابوو، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو، تاکی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان دڵتەنگ و پرسەداربوون. لەنێو ئەوهەموو نەهامەتی و کارەساتانەی بەسەر کوردو شۆڕشی کورد هاتبوو، دەستەیەک لە لاوە خوێندەوارو نیشتمان پەروەرو خوێن گەرمەکانی کوردستان، بەڕابەرایەتی سەرۆک مام جەلال زەنگی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانیان ڕاگەیاندن و هیوای گەڕانەوەی ئومێدیان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

شاخەکان لەگەڵ پێشمەرگە ئاشنابوونەوە، قەندیل بوو بە یەکەمین مەکۆی شۆڕشی نوێ، پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پڵنگ ئاسا چالاکی و داستانەکانیان دژ بەدوژمن تۆمار دەکرد، نەیاندەهێشت خەونە گڵاوەکانی جەلادەکانی بەعس، بەئاسانی بێتەدی. پێشمەرگە بوو بە سونبولی خەبات و تێکۆشان و کوردایەتی و مەردایەتی و مقاوەمەت. تا دەهات ڕیزەکانی شۆڕش پڕ لەپێشمەرگەی ئازاو چاونەترس دەبوون، بلێسەی شۆڕشی نوێ کڵپەی کردو دەنگی دایەوە.

لەبەر گەورەیی پێشمەرگەو ڕۆڵی سەرەکی پێشمەرگە لەبونیادنان و هەڵسانەوەی کوردو کودایەتی، بە پێویستم زانی وەک وەفاو پێزانین و ڕێزلێنانێک، پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان و سنووری پارێزگای هەولێر، لە دووتوێی دوو بەرگ بەناوی «ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە هەولێر» تۆمار بکەم. بەگرنگم زانیووە، ژیاننامەو مێژوویان ون نەبێت، چونکە مێژووی پێشمەرگە دێرینەکان، مێژووی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە، تاوەکو نەوەی ئێستاو داهاتوومان هەمیشە لەگەورەیی پێشمەرگەو سەروەرییەکانی پێشمەرگەو خەباتی ڕزگاری دوێنێ شاخ، بەئاگا بێت. تا هەموان ئاشنا بن، کە پێشمەرگە سەنتەری جێبەجێکردن و دەستەی پێشەوەی چالاکییەکان و گرەوی بردنەوەو سەرکەوتنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوونە.

لەم ئینسکلۆپدیایەدا، سیڤی و وێنەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

لەسنووری پارێزگای هەولێر کۆمکردۆتەوە. ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانەی لەشاخەکانی کوردستان چەکی شەرەفیان لەشان دەکردو بوێرانە پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکرد، کە هەر لە قەزای مەخمورەوە تا حاجی ئۆمەران دەگرێتەوە، تۆمارمکردوون.
بۆزانینی خوێنەران بەخۆم و لاپتۆپێک لەخزمەت ئەم ئینسکلۆپیدیایەدا بووینە. لە قۆناغی یەکەمدا، لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی دەستم پێکردو تەمەن یار بێت لە ئایندە کار لەسەر ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانە دەکەم کە ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانن لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندان.
لێرەوە دەمەوێ سوپاسی هەریەک لە لقەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێرو کۆیەو سۆران بکەم، کە بەپەرۆشەوە لەم پرۆژەیەدا هاوکارو پشتیوانم بوون. سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی ئەگەر بەیەک وشە بووبێت، زانیاریان پێداوم، چ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە ئێستا لەهاندەران نیشتەجێن یاخود لە کوردستانن.
دەمەوێ ئەو راستییە بەخوێنەرانی «ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە هەولێر» ڕابگەینم، کە بەندە لە راستی و دروستی ناوەڕۆکی ژیاننامەکان بەرپرس نیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەژیان ماون خۆیان فۆرمەکانیان پڕکردۆتەوەو ژیاننامەکانیان بۆ ناردوم. تەمەننا دەکەم خزمەتێکی بچوکم بە کتێبخانەی کوردی و بەم تێکۆشەرانە کردبێ، کە لە ئاست خەبات و ماندوبوونیان بێت. سڵاوو وەفاداری بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و درووود بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان.

**حەیدەر مەنتک**
**٢٠٢٣**

# سووتەمەنییەکانی شۆڕش و قەیرانی بەهاکان

لەم پێشەکییەدا دەمەوێ باس لەوە بکەم کە ئەزمونی وڵاتانی دوای شۆڕش، گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وسەرهەڵدانی ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی هەرێمی کوردستان بۆماف وئازادیەکان وەک وەئاگاهاتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێمان دەڵێن کە سیستم و بەهاکانی شۆڕش کە تا ئێستا ڕەوایەتی بە ڕەفتارو گفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی داوە لە هەرێمی کوردستان و زۆر وڵاتی دیکەی دوای شۆڕش، پێویستە سەرلەنوێ بخوێندرێنەوەو و بە جۆرێکی دیکە تەوزیف بکرێن.

شۆڕش ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە لەسەردەم و هەلومەرجێکی دیاریکراودا. ئامانجی شۆڕشەکانی کورد بریتی بووە لە ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە، بەتایبەت بۆ سووتەمەنی و قوربانیدەرانی شۆڕشەکان. لەگەڵ گۆڕانکاری لە سەردەم و هەلومەرجەکان، پێویستە پێوەر و بەهاکانی شۆڕش سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیان بۆ بکرێ، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی حوکمرانی دا. بەداخەوە زۆربەی شۆڕشە سیاسییەکان دوای ماوەیەک جۆرێک لە نائومێدی جەمارەرییان بەدوادادێ، بە هۆی چەق بەستن و مانەوە لە نێو سەروەری شانازییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕش. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە چوارچێوەی کولتوری شۆڕشگێڕیدا مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە شۆڕش ڕەوایەتی دەدات بە دەسەڵاتی کاریزمایی و ڕەهای سیمبولەکانی شۆڕش و جیاکاریی لەنێوان ئەوانەی کە لەبەرەی شۆڕش دان و ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو بەرەیەدان.

پێشمەرگە ئەکتەری سەرەکی شۆڕشەکانی کوردستان بووە، یان وەک دەڵێن سووتەمەنی سەرەکی شۆڕش بووە، بێگومان لەپاڵ هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە لەسایەی شۆڕش و دۆزی کورددا بوونەتە قوربانی. بۆیە سەیر نیە کە لە مێژووی کوردستانی باشور، شۆڕش، دۆزی کورد و پێشمەرگە لێک جیاناکرێنەوە. پێشمەرگە بریتی بوو لە کۆمەڵێ بەهای وەک بەرگری، خۆنەویستی، مرۆڤ دۆستی، قوربانی و ئازایەتی کە گورو تینیان دەدا بە شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی. لەدوای ڕاپەڕینی جەماوەری ١٩٩١ کولتوری باڵادەستی سیاسی بریتی بووە لە بەهاو سیمبوڵەکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانییەکان. لەوانەیە لەسەرەتادا ئەم کولتوری شۆڕشگێڕییە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگی هەبووبێ بەتایبەتی بۆسەرەتای قۆناغی گواستنەوە لەشاخەوە بۆ

شار، بەمەبەستی گرێدانەوەی پێشمەرگە، و هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە وەکو قوربانی وێناکراوبوون، بە کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی ببنەوە بەشێکی چالاکی کۆمەڵگا. بەداخەوە خراپ بەکارهێنانی بەهاکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانی و تێکەڵکردنی بە پرسی حوکمڕانی و ئیداریی ئەو بەهایانە مانای دروستی خۆیان لەدەستدا. بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەهاکانی شۆڕش بوونە سەرچاوەیەک بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیاکاریی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش بەتەوای جیاوازە لە ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕشەکانی کوردستان وپێشمەرگە.پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، یان پێشمەرگە دێرینەکان سووتەمەنی شۆڕش و هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانی بەرخۆدان و خۆنەویستی، ئەوانەن کە مێژووی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردستانی باشوربە قوربانییەکانیان دەنووسنەوە. ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان یان دانەبڕاوەکان دووبارە ئەو مێژووە دەخاتەوەڕوو سەرەوەرییەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا کە بەهاکانی شۆڕش لە قەیرانێکی قووڵ دان. ئەم هەوڵە لەسەردەستی برای بەڕێزم حەیدەر مەنتک کارێکی ناوازەیە بۆ دووبارە تێڕوانین و خوێندنەوەی ئەو قۆناغەی مێژووی گەلەکەمان، ئەمە بێجگە لەوەی کە گێڕانەوەی ئیعتیبارێشە بۆ سووتەمەنییەکانی شۆڕش لە زەمەنێکی قەیراناوی و بێباکیدا. لێرەوە بە هەلی دەزانم کە بڵێم ئامانج وبەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی پێویستە لە کۆنتێکستی خۆیاندا سەیر بکرێن و بخوێندرێنەوە، کە لەڕێی ئەم ئینسکلۆپیدیایە ئەم دەرفەتە دەخرێتە بەردەست، چونکە ئەو بەهایانە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو گونجاو بوون و بەهاکانی شۆڕش ناکرێ بۆ هەموو ئان و ساتێک بەرکاربن. بەهاکانی شۆڕش ئەگەر دووبارە تەوزیف نەکرێنەوە ناگونجێن لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن وحوکمڕانی دروست. بۆ ئەوەی بەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەکەدار نەبن پێویستە وەک مێژوو تەماشا بکرێن و ببنە سەرچاوەی وانەو ئیلهام بەخشین بۆ نەوەی نوێی دوای شۆڕش، بۆ نمونە دەکرێ بەهاکانی خۆنەویستی و بەرگری بکرێن بە بابەتی پەروەردەیی بۆ گەنجانی وڵات بە مەبەستی ڕاهێنانیان بۆ پەرەپێدانی کاری خۆبەخشی وهاوڵاتێتی کاراو خۆشەویستی نیشتمان.

**د. دانا سەعید سۆفی**
**هەولێر، ٢٠٢٣**

# ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئەحمەد سابیر محەمەد خدر (ڕەشۆ مەخموری) | 22 |
| 2 | ئەحمەد حەسەن حەمەد شێخە (ئەحمد بچکۆل) | 24 |
| 3 | ئەحمەد حەمەدەمین سالّح (شەهید ئەحمەد ژێرسە) | 26 |
| 4 | ئەحمەد عومەر حەسەن حەمەد (مەلا ئەحمەدی شێنێ) | 28 |
| 5 | ئەرسەلان بایز ئیسماعیل محەمەد سادق | 30 |
| 6 | ئازاد سەعدی عەلی جەراد (ئازاد باشتەپە) | 33 |
| 7 | ئازاد غەفور دەروێش ئەحمەد | 35 |
| 8 | ئازاد محەمەد قادر ڕەسوڵ (ئازاد جیهاز) | 37 |
| 9 | ئازاد مستەفا حەمەد ئەحمەد (ئازاد مەخموری) | 39 |
| 10 | ئیسماعیل خورشید (شەهید ئیسماعیل مورتکەیی) | 41 |
| 11 | ئەکرەم مەعروف محەمەد (ئەکرەم ئۆخسری) | 43 |
| 12 | ئەنوەر عەزیز باوە حەمەد | 45 |
| 13 | ئیبراهیم محەمەد حاجی جەرجیس | 47 |
| 14 | ئەیوب یوسف سەعید جوامێر (لیوا ئەیوب) | 49 |
| 15 | ئیدریس جەبار کەریم کامەلا (جوتیار) | 51 |
| 16 | ئیدریس مەحمود سەیدۆک محەمەد | 53 |
| 17 | برایم همزە فەرحان قەرەنی (مەلا برایم ئاغا) | 55 |
| 18 | بەختیار بایزید سادق | 57 |
| 19 | بەکر سەدیق ئیبراهیم خەلیل (بەکرە قیت) | 59 |
| 20 | بەکر مستەفا سەعید پیرداود (مامۆستا بەکر) | 61 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 21 | بەکر ئەحمەد یەعقوب تاجەدین (بەکرە سور) | 64 |
| 22 | بەهرام عەبدوڵڵا مامە عەلی (ڕێکخەر) | 67 |
| 23 | بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر (شەهید بەهرۆز قەشقە) | 69 |
| 24 | بورهان سەعید سۆفی | 71 |
| 25 | پوشۆ عەبدولکەریم عومەر عەبدوڵڵا | 74 |
| 26 | پیرداود حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود (پیرە) | 76 |
| 27 | تاهیر بەکر حوسێن ڕەسوڵ (مامۆستا تاهیر) | 78 |
| 28 | تەلعەت خدر سەیفەدین لاوە | 80 |
| 29 | جەعفەر قادر عومەر عەلی | 82 |
| 30 | جەلال سەعید ئیسماعیل شێرە (جەلال شێرە) | 84 |
| 31 | جەلال قادر عەزیز شەریف (رائد جەلال) | 86 |
| 32 | جەلال ئەحمەد ئیبراهیم محەمەد (جەلال ئاربیجی) | 89 |
| 33 | جەوهەر مستەفا حەمک (جەوهەر کرمانج) | 91 |
| 34 | جیهانگیر غەفور دەروێش ئەحمەد | 93 |
| 35 | حامد جەلیل مام رەش سلێمان (حەمید تەزویر) | 95 |
| 36 | حەسەن بەکر ئەحمەد یەعقوب | 97 |
| 37 | حەسەن مەحمود محەمەد قادر (ئارام چاوشین) | 99 |
| 38 | حەمەدەمین رەزا حەمەدەمین رەزا (حەمەدەمین تەقریر) | 101 |
| 39 | حەیدەر عولا حەسەن (شەهید حەیدۆ مەخموری) | 103 |
| 40 | حەیدەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەحمەد (دکتۆر ڕێبوار) | 105 |

# ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 41 | حوسێن مەحمود محەمەد قادر (سەعید سیاسی) | 107 |
| 42 | حیکمەت نعمەت عەلی زەمان (سەید حیکمەت) | 109 |
| 43 | خدر عومەر سور محەمەد (مامۆستا بێستون) | 111 |
| 44 | خەتاب ئەحمەد حەمەدەمین عەبدوڵڵا (مامۆستا خەتاب) | 114 |
| 45 | دانا سەعید سۆفی حەمەد | 117 |
| 46 | دڵشاد حەسەن مستەفا ساڵح (ڕێبازە گچکە) | 120 |
| 47 | ڕزگار عەزیز باوە حەمەد | 122 |
| 48 | ڕەشید عەلی هەینی فەقێ | 124 |
| 49 | ڕەفعت عەبدوڵڵا پیرداود (شەهید ڕێباز) | 126 |
| 50 | ڕێبین محەمەد سۆفی ئۆمەر (مامۆستا ڕێبین) | 129 |
| 51 | زرار قادر عەزیز شەریف (مامۆستا زرار) | 132 |
| 52 | زەکیە ئیبراهیم ڕەحمان ئیبراهیم | 134 |
| 53 | زیاد عوبێد قادر (شەهید زیاد گەزنەیی) | 136 |
| 54 | ژارۆ غەفور دەروێش ئەحمەد | 138 |
| 55 | سابیر بەکر محەمەد حەمەد | 140 |
| 56 | ساڵح حەمەدەمین نەبی حوسێن (ساڵح هەولێری) | 142 |
| 57 | سامان ڕەشید ئیسماعیل | 145 |
| 58 | ستار مامە مستەفا حەمەدەمین | 147 |
| 59 | سلیم محەمەد خدر حەمەد | 149 |
| 60 | سلێمان عارەب ئیسماعیل (مەلا سلێمان) | 151 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 61 | سلێمان مستەفا خالید قادر (سلێمان قومبەلە) | 154 |
| 62 | سمکۆ جەرجیس سۆفی فەقێ (خەبات) | 156 |
| 63 | سمکۆ محەمەد سەعید هەڵمەت | 158 |
| 64 | سەباح شوکر عوسمان عومەر (مامۆستا هێرش) | 161 |
| 65 | سەرباز تاهیر ئەحمەد داود (عەوڵا بۆر) | 163 |
| 66 | سەردار قادر ئیسماعیل سێودین (سەردار شورتە) | 165 |
| 67 | سەردار محەمەد عەبدوڵڵا مەولود | 167 |
| 68 | سەعدون رۆستەم عەبدوڵلا سەعدون (دکتۆر ئارام) | 169 |
| 69 | سەعید سۆفی حەمەد | 171 |
| 70 | سەلاح شەریف تەها (شەهید خەبات) | 173 |
| 71 | سەمەد سەلیم ڕەزا غائیب (ڕێکخەر) | 175 |
| 72 | سەیف الدین عەلی ئەحمەد عەلی (مامۆستا سەیفەدین) | 177 |
| 73 | سوارە جەلال عەلی فەتاح (سوارە بێستانەیی) | 179 |
| 74 | سواری عەولا قادر مەولود (نەبەزە کەڕ) | 182 |
| 75 | سۆران سەعید سۆفی حەمەد | 184 |
| 76 | سیراجەدین ڕەشید ئیسماعیل حوسێن | 186 |
| 77 | سیروان عەبدولڕەزاق ئیبراهیم مەولود | 188 |
| 78 | شاسوار ڕەسوڵ ئیسماعیل ڕەسوڵ | 190 |
| 79 | شۆرش مەجید حوسێن مورسەل | 192 |
| 80 | شێرزاد زیاد محەمەد عەلی (ڕێناس) | 194 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 81 | شێرزاد محەمەدەمین سەعید (ڕەنجەڕۆ) | 196 |
| 82 | شێرزاد مەغدید عومەر مستەفا (شێرزاد جیهاز) | 198 |
| 83 | عبدالڕەحمان عادل ئەحمەد سوار (ڕەحمانە شێت) | 200 |
| 84 | عەباس عومەر عەبۆ حەمە شەریف | 202 |
| 85 | عەباس عومەر مەولود باپیر | 204 |
| 86 | **عەباس مستەفا حوسێن** (شەهید عەباس سیاوی) | 206 |
| 87 | عەبدولڕەحمان خدر سەیفەدین لاوە | 208 |
| 88 | عەبدولڕەحمان عوسمان یونس حەمەد (دکتۆر زریان) | 210 |
| 89 | عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل (م. عەبدولڕەحمان) | 212 |
| 90 | عەبدولسەمەد محەمەد عومەر (حاکم سەمەد) | 215 |
| 91 | عەبدولقادر موحسین تەها پیرداود (ئاری) | 217 |
| 92 | عەبدولکەریم ئەحمەد حەسەن حەمەد (عەول) | 219 |
| 93 | عەبدولکەریم مەحمود مراد حوسێن | 221 |
| 94 | عەبدوڵڵا شێخە ئاودەل (مەلا عەبدوڵڵا) | 223 |
| 95 | عەبدولواحید ئیدریس شەریف (دکتۆر عەبدولواحید) | 225 |
| 96 | عەدنان ڕەشاد محەمەد الموفتی | 227 |
| 97 | عەدنان فەتاح نادر (عەدنان هەولێری) | 230 |
| 98 | عەزیز عەلی مستەفا حوسێن (بەردەقەیی) | 232 |
| 99 | عەلی عەبدوڵڵا حەمەد ئەحمەد (عەلی مەخموری) | 234 |
| 100 | عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد حەمەد (مامۆستا هەندرێن) | 236 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 101 | عوسمان محەمەد حاجی جەرجیس | 238 |
| 102 | عوسمان عەلی عەبدوڵلا | 240 |
| 103 | عومەر عەلی عەزیز محەمەد (گردەسۆری) | 242 |
| 104 | عیماد عەزیز فەتاح حوسێن (مامۆستا ئەژین) | 245 |
| 105 | غەفور ئەحمەد مەولود باپیر (غەفور قۆریتانی) | 247 |
| 106 | غەفور دەروێش ئەحمەد محەمەد (مامە غەفە) | 249 |
| 107 | فاتح سمایل قادر سمایل (فاتیح دیبەگەیی) | 252 |
| 108 | فارس حوسێن عەولا وەلی | 254 |
| 109 | فاروق جەبار کەریم (شەهید فاروق) | 256 |
| 110 | فاروق جەمیل سادق مستەفا | 258 |
| 111 | فاروق حسێن عەبدوڵلا (شەهید فاقە مەخموری) | 261 |
| 112 | فازیل ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد | 264 |
| 113 | فەخرەدین کەریم عەبدوڵلا قادر (فەخە مەخموری) | 266 |
| 114 | فەرمان عەزەدین مەحمود (ئازاد سەرسپی) | 268 |
| 115 | فەرهاد یاسین عەلی عەزیز (فەرهاد سەڕەتان) | 270 |
| 116 | فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد (فەرهاد کادیر) | 272 |
| 117 | فەرید سابیر قادر حەسەن (فەرید ئەسەسەرد) | 274 |
| 118 | فەرەیدون غەفور دەروێش ئەحمەد | 277 |
| 119 | فەیسەڵ عەباس عەولا وەسمان | 279 |
| 120 | فواد عومەر چەلەبی محەمەد (فواد چەلەبی) | 281 |

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 121 | قادر عەزیز محەمەدەمین | 283 |
| 122 | کامەران عەبدوڵڵا عەلی خدر (ڕێدار) | 286 |
| 123 | کامەران عەلی مەولود (کامەرانی عەریف عەلی) | 288 |
| 124 | کامەران نادر قادر محەمەد | 290 |
| 125 | کاوە جەلال سەعید ئیسماعیل | 292 |
| 126 | کەریم ئیسماعیل حەسەن ( مەولان گردەسۆری) | 294 |
| 127 | کەمال جەوهەر کەریم (دکتۆر هیوا) | 296 |
| 128 | کەمال ئیبراهیم حوسێن دەرویش (ملازم کەمال) | 299 |
| 129 | کوردۆ سەعید سۆفی حەمەد | 302 |
| 130 | لەتیف عەزیز حەمەد عەلی (لەتیفە سور) | 304 |
| 131 | لوقمان هادی حەمەد عەزیز (نەریمان باشتەپە) | 306 |
| 132 | محمد عەباس عەولا (شـەهید شاخەوان) | 309 |
| 133 | محەمەد محەمەد ئەمین حەسەن (محەمەد گاینجی) | 312 |
| 134 | مەحمود خدر باسە (شەهید مەحمود پاکستانی) | 314 |
| 135 | مەجید حوسێن مورسەل زەمان (سەید مەجید) | 316 |
| 136 | مەجید سۆفی حەمەد سۆفی (مەچکۆ) | 319 |
| 137 | مەجید مەحمود مستەفا عەلی | 321 |
| 138 | مەلەوان ڕەحمان قادر ئیسماعیل (جوتیارە ڕەش) | 323 |
| 139 | مەناف نادر قادر محەمەد (سەفین مەلا قەرە) | 325 |
| 140 | موحسین سەعید جوامێر دەلۆ (بەشدار) | 328 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 141 | ناسح قادر ئیسماعیل ئیبراهیم | 330 |
| 142 | نامیق خدر عەبدوڵڵا قادر (نامیقی عەلاقات) | 332 |
| 143 | نەجات عەبدوڵڵا ئیسماعیل (نەجات تورکمان) | 334 |
| 144 | نەجات قادر ئیسماعیل قادر (خالید) | 336 |
| 145 | نەسروڵا عومەر هیدایەت (سەرکەوتەڕەش) | 338 |
| 146 | نەهرۆ سەعید سۆفی حەمەد | 340 |
| 147 | نوری حوسێن جەمیل عەدۆ | 342 |
| 148 | هاشم حەمەدەمین جەمیل (شـەهید هاشم شەمامکی) | 344 |
| 149 | هەیاس ئیسماعیل محەمەد حوسێن (ئاریان) | 346 |
| 150 | هۆشیار عەبدولکەریم (شەهید وشیارە سوور) | 348 |
| 151 | هۆشیار ئیسماعیل محەمەد سەرهەنگ | 350 |
| 152 | هێرش مەجید حوسێن ڕەسوڵ | 352 |
| 153 | هێمن سەعید سۆفی حەمەد | 354 |
| 154 | هێمن غەفور دەرویش ئەحمەد | 356 |
| 155 | وریا ساڵح حەمەدەمین نەبی (وریا سور) | 358 |
| 156 | وریا قادر سەعدی (شـەهید وریا قوت) | 360 |
| 157 | وەسفی عەزیز عەلی فارس (چالاکی مهەندیس) | 362 |

# ناوەڕۆک



| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | بورهان خالید ئەمین محەمەد | 365 |
| 2 | تالیب عومەرقادر | 366 |
| 3 | جەواد محەمەد ساڵح | 367 |
| 4 | سەلاح عومەر ئیسماعیل محەمەد | 368 |
| 5 | سەدرەدین غازی عوسمان | 369 |
| 6 | نەریمان نەعمان محەمەد | 370 |
| 7 | مەحمود محەمە ئەمین خدر | 371 |
| 8 | عاسی ئەحمەد قادر محەمەد | 372 |
| 9 | عەبدولڕەحمان محەمەد محیێ دین | 372 |
| 10 | عەبدوڵلا عەلی محەمەد یاسین | 373 |
| 11 | فەرهاد مامەند ئیسماعیل | 373 |
| 12 | کەریم نامیق محەمەد یاسین | 374 |
| 13 | نازم محەمەد حەسەن | 374 |
| 14 | یاسین نامیق محەمەد یاسین | 375 |
| 15 | سامان نەجمەدین عەبدوڵلا | 375 |

# ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكان

# هەولێر - دەشتی هەولێر

# ڕەشۆ مەخموری





- ناوی تەواو: ئەحمەد سابیر محەمەد خدر
- ناسراوە بە: رەشۆ مەخموری
- ساڵی لە دایکبوون: ١/٧/ ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی سەربازی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەرانی: سەمیرە محەمەدەمین قادر، ڤیان ئەحمەد حەمەد
- ناوی منداڵەکانی: ژیار، دیار، شەوین، هێلین، فێنک، نسار، بنار، کۆمار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢١ /٣/ ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢)
- دواتر گواسترایەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرتی (١)
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە لە ناو شاری هەولێرو دواتر مەخمور بەتایبەتی ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و لە سەردەمی تەشکیلاتی تیپەکان فەرماندەی تیپ و دواتر فەرماندەی لە شکر بووە..
- دەرچووی خولی یەکەمی ئەکادیمیای سەربازی قەڵاچۆلانە..
- دواپلەی: عەمیدی سەربازی یە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٦٦

# ئەحمەد بچکۆل





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: احمد حسن احمد شیخە

نازناو: احمد بچکۆل

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧

ژمارە: ١٢٦٨

مام جلال

- ناوی تەواو: ئەحمەد حەسەن حەمەد شێخە

- ناسراوە بە: ئەحمەد بچکۆڵ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی (١) ناوەندی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: فەخریە موراد ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: تروسکە، تریفە، توانا، فاتیمە، محەمەد

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢/٣/٢٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ دوای (٣) مانگ بەهۆی نەخۆشییەوە دابراوە، دواتر لە ١٧/ ١٢/١٩٨٦ پەیوەندی کردۆتەوە بە هێزی پێشمەرگە..

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە (١ـ کەرکوک ٢ـ هەولێر ٣ـ دۆڵی سماقوڵی)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨) تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینوە هەر لە شارۆچکەی شێنێ تاوەکو کەرکوکی شاری پێکەوە ژیان..


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە و خزمەتی بە ئۆرگانەکانی پێشمەرگایەتی کردووە لەوانە، لە ساڵی ١٩٩٢ تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە لە ئاسایشی هەولێر خزمەتی کردووە بۆ پاراستنی سەروەت و گیانی هاوڵاتیانی هەولێر.. دواتر لە میحوەری سێ بەردان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و ناوبراو ئاوارەی سنوری رانیە بوە لە ٣١ی ئاب ...

- دواپلەی: فەرماندەی هێز، لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر.

- دەرچووی خولەکانی (بەختەران، ئەهواز، قاسمە ڕەش)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٦٨

# شەهید: ئەحمەد ژێرسە



- ناوی تەواو: ئەحمەد حەمەدەمین سالّح عەلی

- ناسراوبە: ئەحمەد  ژێرسە

- سالّی لەدایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پیرداود، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە

- باری خێزان: خێزاندار بووە

- ناوی هاوسەری خێزان: ڕێزان محەمەد شێخان

- ناوی منداڵەکانی شەهید: نامۆ، ژولیا

- سالّی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٩ ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، سەربە قادرمستەفا بووە.

- لە سالّی ١٩٨٢ بۆ ماوەی (٦) مانگ دەستگیردەکرێ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب دواتر ئازاد دەکرێ.

- لە سالّی ١٩٨٣ دەبێتە پێشمەرگە لەهەرێمی (٨)ی هەولێر کەرتی (٦) لای مام غەفور.

- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی نەبەردی و چالاکیەکانی سنورەکەی کردووە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە کۆمەڵگای دارەتوو، گوندی مەچلوبە

- لە سالّی ١٩٨٧ لەگەڵ شەهید دکتۆر ڕەشید سەنگەری خەباتیان گواستۆتەوە ناو ڕێزەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ کەرتی (٢) درێژە بە خەبات دەدا .


- لە سالّی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرین دەکات و ڕۆڵی گرنگی هەبوو.

- لە دوای ڕاپەرین دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە.

- لە سالّی ١٠- ٣- ١٩٩٣ لەناو شاری هەولێر گەڕەکی (کوران) تیرۆرکراوە.

# مەلا ئەحمەدی شێنێ





ناوی تەواو: ئەحمەد عومەر حەسەن حەمەد

- ناسراوە بە: مەلا ئەحمەدی شێنێ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی خەزنە، ناحیەی شەمامک، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ماستەر لە پەروەردەی ئاینی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: خاوەر عومەر خدر

- ناوی منداڵەکانی: گەڵا، هاموون، هەرێز

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩/٣/٢٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢/٨/١

- ئۆرگان: تیپی مەڵبەند

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە .لەبەستی قەشان و لەگوندی خەتێ....


- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئێزگە دەنگی گەلی کوردستان

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری ڕاگەیاند

- لە ئێستا دا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٠٢

# دکتۆر ئەرسەلان بایز





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: ئەرسەلان بایز إسماعیل
نازناو: ئەرسەلان بایز
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٠
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمارە: ١٥٠٥

- ناوی تەواو: ئەرسەلان بایز ئیسماعیل محەمەد سادق

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاریتان، ناحیەی دیبەگە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: پەخشان جەلال، شیرین فاتح

- ناوی منداڵەکانی: هاوێر، لاسک، ڤاینا، ئامێز، ئارین

- لە ساڵی شەستەکان پەیوەندی بە باڵی مەکتەبی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کردووە.

- لە ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە. لە مانگی (٣) ی ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلول کردووە لە سنوری چۆمان. لە ساڵی ١٩٧٥بە فەرمانبەری کۆمپانیای پەلەوەری هەولێر دامەزراوە... پاش هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی کۆمەڵە، شەهید جەعفەر عەبدوالواحید لێپرسراویەتیی بە هەڤاڵان (ئەرسلان بایزو عەبدولرەزاق ئەحمەد) سپارد... زۆری نەبرد بریاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو لەگەڵ ژمارەیەک کادیر لەسنور ڕێوشوێنێکی مسۆگریان بۆ گەیشتن بەسەقز چنگ نەکەوت خۆیان ڕادەستی پاسگایەکی ئێرانی کرد، حکومەتی ئێران لەگەڵ (شەهاب شێخ نوری، فەریدون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلی، جەعفەر عەبدولواحید، عەلی بچکۆل، شێخساڵح، ئەرسەلان بایز) لە دووایین رۆژی ساڵی ١٩٧٥ رادەستی عێراق کرانەوە...

- لە ساڵی ١٩٧٦ لە بەغدا بە (٦) ساڵ زیندانی حکوم درا، لە ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا....

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩

- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی، لەناو زەنگ

- لە ساڵی ١٩٨٠ وەک کادیر ڕەوانەی دەشتی هەولێرو کۆیە کرا. لە مانگی (٨) ی ساڵی ١٩٨٠ گواسترایەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی و کرایە لێپرسراوی ڕادیۆی گەلی کوردستان لە (توژەڵە)

- لە ساڵی ١٩٨١ کرایە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن تا ساڵی ١٩٨٨...

- لە ساڵی ١٩٨٢ کاتێک خولی سێیەمی (ڕێبازی نوێ) بە شێوەیەکی گۆڤار دەستی پێکرد ئەرکی سەرنوسەری گرتە ئەستۆ، لە چەند قۆناغێکی تر کە ڕێبازی نوێ دەرچووە ناوبراو سەرنوسەری بووە..

- لە ساڵی ١٩٨٨ وەک نوێنەری (ی.ن.ک) لە ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی بۆ گوندی ڕاژان گوازرایەوە لەوێ بەشداربوو لەدەرکردنی (ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی)

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: بەرگەڵوو

- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن

- لە ساڵی ١٩٩٢ بووە یەکەم سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا ، هەرهەمان ساڵ بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا....

- لە ساڵی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٥ لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٩٧ تا ١٩٩٩ وەزیری پەروەردە بووە لە ئیدارەی سلێمانی. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا بۆماوەی (١٠) ساڵ لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن بووە. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٩ ـ ٢٠١٢ جێگری سەرۆکی پەرلەمان بووە، لە کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە .. لە دانیشتنی ١٥/ ٢/ ٢٠١٢ بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا...

- ئەو پۆستانەی لەحکومەت بینیویەتی: ئەندام پەرلەمان، وەزیری پەروەردە، سەرۆکی پەرلەمان

- دواپلەی: ئەندامی ئەنجومەنی باڵای بەرژەوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

- خاوەنی نووسینی چەندین کتێبی بە پێزە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٠٥

# ئازاد باشتەپەیی





- ناوی تەواو: ئازاد سەعدی عەلی جەراد

- ناسراوە بە: ئازاد باشتەپەیی

- ساڵی لە دایكبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایكبوون: قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سەكتە مەحمود عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەكانی: پایەدار، بەشدار، كاروان، ژیلوان، شاڵاو

- ساڵی پەیوەندی بەرێكخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەكەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری كردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەركردایەتی ...

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری كردووە ....

- لە تەشكیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە هێزی (١١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ..

- دواتر گوازرایەوە دەزگای ئاسایش لەوێ درێژەی بە خەبات و خزمەت داوە بۆ زامنی ئاسایشی هاوڵاتیان...

- دواپلەی: فەرماندەی تیپ

- ژمارەی ناسنامەی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكان: ٢١٧

# ئازادی مام غەفور




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئەدرێت بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمدا
و ئەبەو لە حەبانیان کردوە

ناوی چواری: ئازاد غەفور دەروێش احمد
نازناو: ئازادی مامە غەفە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ١٢٥٥

مام جلال

- ناوی تەواو: ئازاد غەفور دەروێش ئەحمەد

- ناسراوە: ئازادی مام غەفور

- ساڵی لە دایکبوون: ١/ ٧/ ١٩٧١

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەید عوبێد، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئەمەل لەتیف ڕەسوڵ

- ناوی منداڵەکانی: شەمێران، گارا، دیاکۆ، بەختەران، نورجان، ئەسید.

- بەهۆی ئەوەی باوکی فەرماندەیەکی ناو هێزی پێشمەرگە بوو ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ خانەوادەکەی دەستگیر دەکرێ تاوەکو سالی ١٩٨٢ لە سەرای هەولێر.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، مەفرەزەی (تیپ)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە رزگار کردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە دوای ڕاپەرین ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپ و هێزو لەشکرەکانی هەولێر تا ٣١ی ئاب..

- دوای ٣١ی ئاب لە فەرماندەیی (٥) ی دوکان درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٧، دواتر لە فەرماندەیی (٩) ی کۆیەو دواتر فەرماندەیی هەولێرو دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای (١٠) ی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە گوندی ئازیانە، شەری داعش

- بەشداری خولی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەلاچۆلانی کردووە.

ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٥٥

# ئازادی جیهاز





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

[illegible]

ناوی چواری: ئازاد محمد قادر رسول

نازناو: خالیدی جیهاز

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٩


ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ژمارە: ١٣١٥

- ناوی تەواو: ئازاد محەمەد قادر ڕەسوڵ
- ناسراوە: ئازادی جیهاز
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی پیشەسازی کارەبا
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: تانیە ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی: ژیار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند چالاکیەک کردووە...
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: سکرتاریەتی هەڤاڵ (مام جەلال)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی: ئەندامی سکرتاریەتی هەڤاڵ (مام جەلال)
- لە ساڵی ١٩٨١ خولی سەربازی بینیوە لە (مالیمۆس)
- لە ساڵی ١٩٨٣ خولی جیهازی ڕاکاڵی بینیوە لە سەرگەڵوو.
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە..
- ناوبراو فەرمانبەری گومرگی هەولێر بووە.
- لە دوای ڕاپەڕینیش ناوبراو عەدەد جیهازێکی شارەزاو بە ئەزموون بووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢١٥

# ئازۆ مەخموری





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: ئازاد مستەفا احمد جميل

نازناو: ئازاد مەخموری

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ١٢٠٨

مام جلال

- ناوی تەواو: ئازاد مستەفا حەمەد ئەحمەد

- ناسراوە: ئازۆ مەخموری

- ساڵی لە دایکبوون: ١ /٧/ ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئەدیبە کەریم حوسێن

- ناوی منداڵەکانی: گۆرس، شاکێو، دەریا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢) ئەوکات شەهید ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، دەستەی تیپ

- لە کۆتا تەشکیلات کراوەتە فەرماندەی کەرت.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لەدوای ئەنفالەکان (٢) جار پارتیزان بووە لە ساڵی ١٩٨٩/١٩٩١.

- لە قۆناغی پێش ڕاپەرین ناوبراو فەرماندەی (کەرت) بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: قاسمەڕەش

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- پاشان لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە سوپای یەکگرتووی کوردستان فەرماندەی فەوجی (١) ی بادینان بووە.


- بەشداری خولی (١)ی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی کردووە.

- دواپلەی جێگری لیوای (١١٢) ی موسڵ بووە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای (١١٢)ی موسڵ.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٠٨

# شەهید: ئیسماعیل مورتــكەیی



- ناوی تەواو: ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم ئیسماعیل

- ناسراوبە: ئیسماعیل مورتکەیی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٣/٧/١

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی مورتکە، ناحیەی دارەتوو، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- شوێنی پێشمەرگایەتی: لە کەرتی (٣) لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ کەهەڤاڵ (عومەر ناسر) فەرماندەی کەرتەکە بووە بۆتە پێشمەرگە، پاشان گواسترایتەوە کەرتی سێ لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە تەشکیلاتی ساڵی ١٩٨٩ لە سەر سنور گواسرایتەوە تیپی (٨٨)ی شەمامک کە شەهید هاشم شەمامکی فەرماندەی تیپەکە بوو، دواتریش هەربەیەکەوە شەهید بوون.


- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بوە لە شێخ وەسانان بە کیمیاوی.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی کردووە لەوانە (لێدانی رەبیەکانی نێوان هەولێر - پردێ، مەعمەل قیر، داستانی گرتنی تەق تەق، داستانی گرتنی دێگەڵە، داستانی گرتنی سەری ڕەش، شەڕەکانی سەرکردایەتی، داستانی سماقوڵی)

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٠/٩/١٩

- شوێنی شەهید بوون: شینایەکانی سنوری گوندی دەلووگوڵ

# ئەکرەم مەعروف ئۆخسری





ئەکرەم مەعروف ئۆخسری

- ناوی تەواو: ئەکرەم مەعروف محەمەد بەکر

- ناسراوە بە: ئەکرەم ئۆخسری

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی براغ، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: نەسرین ئەسعەد محەمەد، ساجیدە سلێمان

- ناوی منداڵەکانی: سەنگەر، سۆران، گۆران، بێوار، شاباز، شەمس خان، کەوسەر

- ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردوە لە ساڵی ١٩٧٤ تاوەکو نسکۆ لە سنوری (چۆمان)

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٤)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. بە کیمیاوی لە سەرگەلو بەرگەڵوو

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: قۆناغی پارتیزانی لە ١٣ / ٢/ ١٩٩١

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە.

- دەرچووی خولی (٢) ی کانی گۆمەیە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٣٤٥

# ئەنۆی (عەزە) باوە





کومەلەی پیشمەرگە دیرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: ئەنوەر عزیز باوە حمد

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٢

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ژمارە: ١٢٦٠

- ناوی تەواو: ئەنوەر عەزیز باوە حەمەد

- ناسراوە بە: ئەنۆی (عەزە) باوە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٢/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەلا قەرە، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: مونیرە حەمید عوسمان، پاکستان خدر باوە

- ناوی منداڵەکانی: ئومێد، هیوا، رێکان، رەوەز، ئاشنا، ئەژین، ئاشتی، رێژین، رۆژین

- لە ساڵی ١٩٦٨ تاوەکو نسکۆی شۆڕش پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلول

- لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە لە (هێزی زورگەزراو) تا ساڵی ١٩٨٥..

- ساڵی ١٩٨٥ خەبات و ئینتماو پێشمەرگایەتی گواستەوە ناو رێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (سەرەتا بزوتنەوەی سۆسیالیستی پاشان کۆمەڵەی ڕەنجدەران)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی تیپ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ...

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە...

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە هێزی (١١) ی سەفین ، فەرماندەی بەتالیۆنی (٤) ی شەهید (دەهام حەمەد باوە) ، ناوبراو فەرماندەی فەوجی (تەواری) لە هەولێر پێ سپێردراوە..

- لە دەزگای ئاسایش درێژەی بە خزمەتەکانی داوە ئەفسەرێکی شارەزاو دڵسۆزو پشوو درێژ بووە پلە دوای پلەکانی بڕیوە تا جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ـ لە کۆیە بە پلەی لیوا...

- دەرچووی خولی ئەکادیمیای پێگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی ساڵی ٢٠٠٥


- دواپلەی: لیوا لە دەزگای ئاسایش

- لە ٣١ /٨/ ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە.

ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢١٠

# مامۆستا برایم





- ناوی تەواو: ئیبراهیم محەمەد حاجی جەرجیس
- ناسراوە: مامۆستا برایم
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: کەلسووم قادر حاجی
- ناوی منداڵەکانی: محەمەد، سۆما، سێبەر، ئیحسان، ئەحمەد
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- لە ١٩٨٢/١/٧ دەستگیر کراوە لەگەڵ دایک و باوکی لە بەندیناخانەی (فەزیلە)
تا ١٩٨٢/٧/١٢ دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراون .
- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: بارەگای (١) ی کۆمەڵە
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: بەتالیۆنی (٨) تیپی (٨٦)
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکان
- دواتر کراوە بە کارگێڕی کۆمیتەی شەهیدان.
- ناوبراو بەردەوام کاری کردووە لە چەندین ئۆرگانی یەکێتیی، دوا ئۆرگان کۆمیتەی ڕێکخستنی (١٦) ی دارەتوو، سەر بەمەڵبەندی (٣)ی هەولێر.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢١١٢

# لیوا ئەیوب





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی

ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆرشی نوێی گەلەکەماندا

لە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: أيوب يوسف سعيد جوامێر

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

ژمارە: ٢٣٩١

- ناوی تەواو: ئەیوب یوسف سەعید جوامێر

- ساڵی لە دایکبوون: ١/ ٧/ ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دارەتوو/ قەزای بنەسلاوە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: زەکیە ئیبراهیم رەحمان ئیبراهیم

- ناوی منداڵەکانی: شەنگە، ئیرۆن، نەوە

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ، کەرتی تیپ

- دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (١) ئەوکات شەهید جوامێر فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەتەوە مەفرەزەی شەهید (سەرداری سەعید سۆفی) سەربە مەڵبەندی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٩) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: قاسمە ڕەش

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی تیپی پلە (٢) بوو لەکۆتا تەشکیلاتی سەر سنور..

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شاری هەولێرو شاری کەرکوک

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی کاری کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٥ لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بە پلەی نەقیب خزمەتی کردووە.

- لە دوای ٣١ی ئاب ناوبراو لە مەفرەزەکانی بەڕێز (کۆسرەت ڕەسوڵ) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٣٩١

# جوتیار جەبار





- ناوی تەواو: جوتیار جەبار کەریم کامەلا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی ٨٣ ی هەورێ، ئەوکات هەڤاڵ سمکۆ دزەیی فەرماندەیی ئەم تیپە بووە.

- دواتر لە تیپی (٩١)ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. لەوکەرتەی کە شەهید جوامێر فەرماندەی کەرت بووە.

- پاش شەهید بوونی جوامێر ناوبراو لەگەڵ شەهید فاروق و لیوا ئەیوب چەند پێشمەرگەیەکی تر بەناوی مەفەرەزەی سەرداری سەعید سۆفی دەخرێنە سەرمیلاکی مەڵبەندی (٣) و ڕاستەوخۆ سەربە هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی دەبن..

- ئەو ماوانەی لەگەڵ مەفرەزەکەی شەهید سەردار بەیەکەوە بوون دەیان چالاکی لەناو شاری هەولێرو دەوروبەری ئەنجام داوە..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای سەرکردایەتی

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی بینیوە..

- لە دوای ڕاپەرینەوە ناوبراو لە مەکتەبی تایبەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ئەرکی بینیوە..

- برایەکی بەناوی فاروق جەبار شەهیدەو ژمارەیەک شەهیدیان لە خانەوادەکەیان هەیە.

- لە ٢٠٢٢/٤/١ کۆچی دوای کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٩٦

# سەید ئارام



- ناوی تەواو: ئیدریس مەحمود سەیدۆک محەمەد

- ناسراوە بە: سەید ئارام

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دواناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: دیمەن عوسمان عەزیز

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦


- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: زەلێ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

# مەلا برایم ئاغا




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆرشی نوێی کەلەکەماندا
و لەپیناوالە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: براهیم همزه فرحان قەرەنی
نازناو: ملا برایم اغا
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٨٦

- ناوی تەواو: برایم هەمزە فەرحان قەرەنی

- ناسراوە بە: مەلا برایم ئاغا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: هیام محەمەد مەحمود

- ناوی منداڵی: کاتینا

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢/٣/١٥

- ئۆرگان: قوەی خۆشناوەتی

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەرپرسی دارایی دەشتی هەولێر

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بوە لە قەیوان ماوەت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان ناوبراو (ڕێبەری سیاسی) بەتالیۆنی (١) ی هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر بووە.


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە ...

- دواپلەی بەرپرسی ئیدارەی فەرماندەی (٢) هەولێر بە پلەی (رائید)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٦

# بەختیار بایزید سادق





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە نیشانە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
وە پاڵەوانانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: بەختیار بایزید صادق
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ٢٢٣٦

- ناوی تەواو: بەختیار بایزید سادق

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەشمیل کەمال عەزیز

- ناوی منداڵەکانی: ڕامان، شاد، ئالین

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی (٤) ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: کۆمیتەی شاخ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە . لە مەعسکەر (فایدە)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەکتەب عەسکری

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- لە قاسمەڕەش خولی سەربازی و ڕۆشنبیری بینیوە....

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ئیدارەی فەرماندەیی گشتی، دواتر دامەزراوە لەحکومەت، لە بەنداوەکان..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٢٦

- ناوبراو لە ئێستادا فەرمانبەرەو لە ئەرکدایە

# بەکرە قیت



- ناوی تەواو: بەکر سەدیق ئیبراهیم خەلیل

- ناسراو بە: بەکرە قیت

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی قوشاغلو، ناحیەی قوشتەپە، قەزای بنەسڵاوە، پارێزگای هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: نیشتمان رەزا ئیبراهیم، زەیتوون ڕەسوڵ دەروێش

- ناوی منداڵەکان: بنار، پاڵە، هاژە، کەنار، هاوژین، تۆڵە، پۆلا

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن : ١٩٧٦ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ڕێگای هەڤاڵ ئەرسلان بایز ڕێکخراوە.

- لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن ڕژێمی بەعس دەستگیر دەکرێ و بە موئەبەد حکوم دەکرێت، بەڵام لەساڵی ١٩٧٩ بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد دەکرێت.

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە ١٩٨٠هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر

- لەساڵی ١٩٨٤ دەکرێتە ڕێبەری سیاسی .

- ماوەیەک فەرماندەی کەرتی(٥) لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر ئەو کات مام غەفور فەرماندەی تیپ بووە.

- فەرماندەی کەرتی (٢) بووە لە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی..

- لە دوای ڕاپەرین چەندین پلەو پۆستی وەرگرتوە لەوانە (ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤ، لێپرسراوی لقی هەولێری پێشمەرگە دێرینەکان.

- برایەکی بەناوی (فاروق) لەشەرەکەی دەشتێو لە ساڵی ١٩٧٨ شەهید بووە.

- ڕۆژو مانگ وساڵی کۆچ کردنی: ١٤ـ٥ـ٢٠٠٧

- شوێنی ماڵئاوایی - لەسەر ڕێگای مەخمور - هەولێر

# مامۆستا بەکر





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کە تەکەماند!
و تەیناوانە حەباتیان کردوە

ناوی چـواری: بکر مستەفا سعید پیرداود
نـاز نــاو: مامۆستا بکر
سـاڵی لەدایـک بـوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
ژمــاره: ١٢٤٠

مام جلال

- ناوی تەواو: بەکر مستەفا سەعید پیرداود

- ناسراوە: مامۆستا بەکر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٣/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان/ بەغداد

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: گوڵاڵە عەبدولڕەحمان ئیسماعیل

- ناوی منداڵەکانی: شاد، شاباز ، شازاد

- لە ساڵی ١٩٦٧ تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق کاری کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لەپاش کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەناوزەنگ لە ساڵی (١٩٨٢) کراوەتە لێپرسراوی کەرتی (شەقڵاوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠/٧/١٠

- ئۆرگان: هەرێمی (٨) ی هەولێر

- دواتر لە درێژەی خەبات و پێشمەرگایەتی قۆناغ بەقۆناغ پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە وەک فەرماندەی تیپی (٩١) ی سەفین و فەرماندەی تیپی (٩٣) ی کۆیە ..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وەک: شەڕی ئەسپیندارە، چیوەی سەرێ، قەڵاسنج، زیارەت، دۆڵی بالیسان و سماقوڵی، شەڕەکانی دەشتی هەولێر، قەندیل و کونە کۆتر، کارۆخ و هەلەموند، شەڕی مەڵبەندی (٤)، داستانی ڕزگاری سەری ڕەش و دەیان داستان و نەبەردی تر ..

- لە ١٩٨٨/٨/٢٨ هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە بۆ سنوری قاسمە ڕەش ناوبراو کراوەتە لێپرسراوی عەسکری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: قاسمە ڕەش

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە لە ١٩٩١/٣/٦ لە ڕانیەوە بۆ کۆیەو هەولێر دواتر کراوەتە لێپرسراوی میحوەری (قوشتەپە).. دواتر بەشداری ڕزگارکردنی کەرکوکی کردووە.

- له ته‌شكیلاتی دوای ڕاپه‌رین له‌سه‌ر ته‌كلیفی (مام جه‌لال) كراوه‌ته فه‌رمانده‌ی (هێزی ١٢) ی باڵه‌ک له سنوری حاجی ئۆمه‌ران تا سنوری شه‌قڵاوه. دواتر كراوه‌ته جێگری له‌شكری (٢) ی هه‌ولێر

- (له ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٤ كراوه‌ته قائیدی مه‌نتیقه‌ی هه‌ولێر)

- له ساڵی ١٩٩٤ تاوه‌كو ساڵی ١٩٩٦ كراوه‌ته فه‌رمانده‌ی له‌شكری (٤) ی هه‌ولێر.

- له ژیانی پێشمه‌رگایه‌تی (١) جار بریندار بووه له سه‌رده‌می ڕژێم.

- له وه‌زیفه‌ی حكومه‌تدا چه‌ند پۆستێكی وه‌رگرتووه وه‌ک، ئه‌ندام په‌رله‌مانی خولی یه‌كه‌م، به‌ڕێوه‌به‌ری ئاسایشی هه‌ولێر، وه‌كیل وه‌زیری ئاوه‌دان كردنه‌وه له ئیداره‌ی سلێمانی، پارێزگاری هه‌ولێر له ئیداره‌ی سلێمانی له كۆیه، ڕاوێژكاری سه‌ربازی سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان

- له كۆنفرانسی ساڵی ٢٠٠٦ به هه‌ڵبژاردن ده‌رچوو بۆ لێپرسراوی مه‌ڵبه‌ندی ٣ی ڕێكخستنی هه‌ولێر..

- ژماره‌ی ناسنامه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی پێشمه‌رگه دێرینه‌كان: ١٢٤٠

# بەکرە سوور





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و ئەوپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: بکر احمد یعقوب تاج الدين
نازناو: بکرە سور
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٠
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٢٢٨

ـ ناوی تەواو: بەکر ئەحمەد یەعقوب تاجەدین

ـ ناسراوە بە: بەکرە سور

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٠

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ شەروان، ناحیەی شەمامک، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە مێژوو، ماجستێر لە مێژووی ئەمریکا

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: رابیعە سەدیق

ـ ناوی منداڵەکانی: حەسەن، دیار، ڕۆژگار، ڕێدار، ڕەوەند، ئاوات، ئاشتی، ئارەزوو، سنور، ساوێن

ـ لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کردووە.

ـ سەرەتای حەفتاکان پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول، پاش نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، دواتر گەڕاوەتەوە عێراق و لە فەرمانگەیەکی کشتوکاڵ لە چۆمان دامەزرا... هەرلەم ماوەیەش پەیوەندی کردەوە بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەران)

ـ لە ساڵی ١٩٧٩ گواسترایەتەوە بۆ فەرمانگەی کشتوکاڵی قوشتەپە...

ـ هەڵسوراوێکی دیاری ناو ڕێکخستنەکانی ناو هەولێر بووە هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٨٤ بووە ئەندامی ڕێکخراوی هەولێر، لەم ماوەیەدا ڕژێم کۆمەڵێک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دەستگیر کردوو هەندێک شانە کەشف بوون..

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

ـ ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی (شەقلاوە) بە پلەی ئەندام (کەرت)

ـ دواتر کراوەتە ڕێبەری سیاسی تیپی (٩١) ی سەفین

ـ دواتر گواسترایەوە بۆ تیپی (٩٩) ی بیتوێن وەک بەرپرسی رێکخستنی شاخ و شار....

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ....

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٩٩)

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی ڕێکخستنی شارو شاخ بۆ تیپی (٩٩) ی بیتوێن

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و لە سەنتەری شاری ڕانیەوە ڕۆڵی کارای بینی ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لێپرسراویەتی کۆمیتەی مەخموری لە ئەستۆ گرت..

- پاش هەڵبژاردنەکانی مەڵبەندی (٣) بە کارگێڕی مەڵبەندی (٣) هەڵبژێردرا. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢ ناوی لە لیستی سەوز بوو.. ساڵی ١٩٩٣ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی (ئاکرێ). لە ساڵی ١٩٩٥ بوە قائیمقامی ناوەندی هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئیدارەی سلێمانی بوە قائیمقامی قەزای کۆیە، دواتر بەهەمان پلە بۆ ڕانیە گواسترایەوە خزمەتی زۆری بە دانیشتوانی ڕانیە کردووە..

- لە سەردەمی پرۆسەی ئاشت بوونەوەی یەکێتیی و پارتیدا ئەندامی دوو لێژنەی ئاشتی بووە.

- لە ساڵی ٢٠٠٢ بوە ئەندامی پەرلەمان کوردستان..

- لە ساڵی ٢٠٠٦ بووە لێپرسراوی مەڵبەندی (مەخمور) پاش کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان لە ساڵی ٢٠١٠ ناوبراو کرایە جێگری مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێرو بەرپرسی بەشی ڕێکخستن... لەم ماوەیەدا خزمەتی زۆری بە ڕێکخستنەکان گەیاند...

- دیارترین لە بەرهەمەکانی، دەرکەوتنی ئەمریکا وەک زلهێزو ڕۆڵی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە ١٩١٩ - ١٩٨٠ بەزمانی عەرەبی.

- لە ٢٠٢١/٩/١١ کۆچی دوایی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٢٨

# حاجی ڕێکخەر




كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی ی.ن.ك

ناوی چواری: بەهرام عبداللە ماما علی
نازناو: ڕێكخەر
ساڵی لەدایك بوون: ١٩٦٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ٨٣٨

مام جلال

- ناوی تەواو: بەهرام عەبدوڵڵا مامە عەلی

- ناسراوە بە: ڕێکخەر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: قەدریە حەمەدەمین ئۆمەر

- ناوی منداڵەکانی: خۆزگە، تۆڵە، پۆلا

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری ئیدارەی بەتالیۆنی (٨)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو بەرپرسیاریەتی وەرگرتوە لە قۆناغەکانی تەشکیلاتی (تیپ، هێز، لەشکر) لە بواری ئیداری و چاودێری...

- دواپلەی: جێگری لیوای (١٠) بە پلەی (عەمید)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٢٦

# شەهید: بەهرۆز قەشقەیی



- ناوی تەواو: بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر

- ناسراو بە: شوان

- تەمەن: ١٩٥٣/٧/١

- شوێنی لە دایكبوون: گوندی قەشقە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر.

- ئاستی خوێندن: دەرچووی كۆلیژی یاسا ساڵی ٢٠٠١ بۆ٢٠٠٢

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی خێزان: ستی عەلی جوكل

- ناوی منداڵەكانی: كاروان، كۆچەر، كەنار، كۆسار، گەرمیان

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٦ لەڕێگای شەهیدی سەركردە عەبدولرەزاق، كۆمیتەی هەرێمی هەولێر..

- لە ساڵی ١٩٨٢وەک یەکێ لە نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی هەولێر بەشداری دووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد لە ناوزەنگ..

- ناوبراو ئەوكاتانەی كاری ڕێكخراوەیی لە هەولێر ئەنجام دەدا، ڕۆڵـی كارای هەبوو لە كارئاسانی و هاوكاری پێشمەرگە بۆناو شار چ بۆ چالاكی یان بۆ چارەسەری بریندارى و نەخۆشی یان ئەو كادیرو ئەندامانەی لە ڕێكخستنەكان كەشف دەبوون شەهید بەهرۆز هەوڵی جدی دەدا بۆ دەربازبوونیان..

– بەشداری لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کرد لە مێرگەپان.. پاشان لە سەر داواکاری هەڤاڵانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد...

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر، ڕێكخراوی (١)

- بەشداری زۆربەی شەڕەكانی سنوری مەڵبەندی ٣ی كردووە.

- لە دوای ڕاپەرینەوە زیاتر بەكاروباری ڕێكخستن سەرقاڵ بوو، لە ساڵی ١٩٩٣ كرایە جێگری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- لە سالی ١٩٩٨ بووە جێگری لیپرسراوی مەڵبەندی ڕێكخستنی پێشمەرگە..

- دواپلەی بەرپرسی مەكتەبی مافی مرۆڤ، سلێمانی بووە لە ساڵی ٢٠٠٣.

ڕۆژ و مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١ـ٢ـ ٢٠٠٤

- شوێنی شەهید بوون: بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر

# بورهان سەعید سۆفی






- ناوی تەواو: بورهان سەعید سۆفی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئەڤین عەلی عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی: ڕەوش، شاکێو

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/١١/٢٧

- ئۆرگان: قوەتی خۆشناوەتی

- لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری کردووە لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانی....

- لەبەر ئازایەتی و چاونەترسی لە ساڵی ١٩٨٢ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی (٣) لە تیپی (٨٣) ی هەورێ...

- لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی کراوەتە جێگری کەرت، بەهۆی زۆری جموجۆڵەکانی دژی بەعسیەکان کراوەتە فەرماندەی (کەرت)

- لە قۆناغی دوای ئەنفال بۆ ماوەی (١٤) مانگ لە ئابی ١٩٨٨ تا تشرینی ١٩٨٩ بە شێوەی پارتیزانی لە سنوری دەشتی هەولێر درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتی داوە..

- لە دوا تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە لە سەر سنور ناوبراو کرایە فەرماندەی تیپی (٩٣) ی کۆیە.

- پێش ڕاپەرین بۆ جاری دووەم بە شێوەی پارتیزانی نێردرایەوە سنوری دەشتی هەولێر بۆ دروست کردنی هەماهەنگی زۆرتر لە نێوان هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناو شار..

- لەڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لە سنوری پارێزگای هەولێر ڕۆلێکی دیاری هەبووە لە ڕزگارکردنی ناوچەکە بەتایبەتی بەرپرسیاریەتی ڕزگارکردنی (کۆڕێ، مەسیف، بەستۆرە، مەلا ئۆمەر، کەورگۆسک، کەڵەک، سەربازگەی ڕەشکین) لە ئەستۆی ناوبراو بووە..

- سەرەتای ڕاپەرین لە شەقڵاوە ناوبراو بەڕێوەبەری مەکتەبی بەرێز (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) بووە.

- ناوبراو دوای ڕاپەرین کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆنی (١٤) ی بەڕانەتی، دواتر جێگری هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر..

ـ لە قۆناغی  دوای ڕاپەڕین لەکاتی پێشرەویدا هێزەکانی عێراق لە موسڵەوە بۆ هەولێر  لە شارۆچکەی خەبات ڕووبەڕووی هێزەکانی عێراق بۆوە و لەم شەڕەدا بریندار بوو....

ـ لە ساڵی ١٩٩٣  کرایە فەرماندەی لیوای (٤٠) ی ئاکرێ، لە ساڵی ١٩٩٥ کراوەتە فەرماندەی لیوای (تایبەت).

ـ ماوەیەک ناوبراو جێگری قیادەی مەنتیقەی هەولێر بووە.

لە سالی ١٩٩٦ لە کاتی هێرشەکانی هێزەکانی عێراق  بۆ سەر شاری هەولێر بەشدار بووە، پاش بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکانی یەکەمی  گەردەلولی تۆڵە بەشداری لە گرتنی شاری چوارتا کردوو بریندار بوو، پاش ئۆپەراسۆنەکە بۆتە سەرلەشکری (٤)ی هەولێر، دواتر بووە فەرماندەی فەرماندەیی (٢) ی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. دواتر کرایە  کارگێڕی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگە، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشدارییەکی کارای کرد لە ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەی تیرۆریستانی پشتیوانانی ئیسلام. لێپرسراویەتی پاککردنەوەی ناوچەی بیارەی پێ سپێردرا.

ـ  لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠ وەزیری گواستنەوەو  گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.

ـ لە کۆنگرەی  چوارەمی یەکێتیی لە ساڵی ٢٠٢٠ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا..

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی... وەک (داستانی سەری ڕەش لەم داستانە ناوبراو بەرپرسیاریەتی گرتنی قەسری مەلیک فەیسڵی پێ سپێردرابوو  وێرای گرتنی  دەستکەوت لەم قەسرە ١٠٠٠ کلانشکۆف و دەیان BKC و دەیان RBGو تەقەمەنی بێ ئەژمار) .. گرتنی مقەر فەوجی دێگەڵە، داستانی رزگاری، شەری ١١ ڕۆژەی سماقولی  لە مەڵبەندی ٣،  گرتنی شارۆچکەی هیران، ناحیەی بێتواتە، ڕزگارکردنی تەق تەق، رزگارکردنی کەرکوک لە پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق..

ـ لەم ماوەیەدا (٤) برا پێشمەرگە بوون و زۆرترین لە ئەندامەکانی تری خێزانەکانیان لە زیندان بوون.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە. لە (١ـ بەڕانەتی ٢ـ بێتواتە ٣ـ ڕاپەڕین.

٤ـ چوارتا ٥ ـ قەندیل  سنوری کۆزینە)

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە، بەتالیۆنی (٨)

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی تیپی (٩٣) ی کۆیە

ـ  لە ساڵی  ٢٠١٨ کراوەتە لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤) ی ڕێکخستنی کۆیە...

ـ دواپلەی لە ئێستادا: ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی و لێپرسراوی مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٩٩

# پوشۆ عەبدولکەریم عومەر





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبساوانە خەباتیان کردووە

ناوی چواری: پوشۆ عبدالکریم عمر عبدالله
ناز ناو: پشکۆ کریم عمر
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ١٣٤٦

مام جلال

- ناوی تەواو: پوشۆ عەبدولکەریم عومەر عەبدوڵڵا

- ناسراوە: پوشۆ دیبەگەیی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: دیبەگە، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی..

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی منداڵەکانی: محەمەد، ڕێباز، سەیران، ژیار..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨٠ بۆماوەی (٣) مانگ دەستگیر کراوە

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی(١) کە ئەوکات شەهید محەمەد شینە فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...

- ماوەی شەش مانگ لەبارەگای کۆمەڵایەتی لە سماقوڵی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (١)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی هەبووە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین سەرەتا لە هێزی (١١) بووە

- لە تەشکیلاتی یەکگرتووی کوردستان ناوبراو لە لیوای (٣٠) فەوجی (١) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و لەوێ (جێگر سریە) بووە.

- دواتر لە لەشکری (١٨) ی بەڕانەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٤٦

# پیرداود حەسەن عەبدوڵلا (پیره)





- ناوی تەواو: پیرداود حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود

- ناسراوە بە: پیرە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئازی کەند، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ملکیە محەمەد فقێ کارەسوڵ

- ناوی منداڵەکانی: فریا، دەریا، دلفیا، داهێن، داهات

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٥/ ٢/ ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (١)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە. لە (١ـ گەرەشێخان ٢ـ مشار ٣ـ قوچە بلباس ٤ ـ پیرداود ٥ ـ زورگە زراو)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: قاسمە ڕەش

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو سەرتیپ بوە لە میحوەری هەولێر، دواتر لە هێزی (١١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- لە تەشکیلاتی سوپای یەکگرتووی کوردستان ناوبراو کراوەتە جێگری فەوجی (٤) لە لیوای (٣١)

- لە ساڵی ١٩٩٤ کراوەتە فەرماندەی فەوج، دواتر لە لەشکری (١٦) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا (٣١) ی ئاب ..

- دواپلەی: جێگر لەشکر بووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بەردەوام بوە لە خزمەتی کۆمەڵەکەو وەک ڕاوێژکاری باڵای کەم ئەندامانی سەنگەر کاری کردووە...

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٣٠

# مامۆستا تاهیر



- ناوی تەواو: تاهیر بەکر حوسێن ڕەسوڵ

- ناسراوبە: مامۆستا تاهیر

- ساڵی لەدایکبوون: ٢٨-٣-١٩٥٩

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر، گەڕەکی کوران

- ئاستی خوێندن: خوێندکاری دکتورا بوو لە زمانی کوردی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: کوردستان ساڵح مەولود

- ناوی منداڵەکانی شەهید: ڕەنج، سایە، دییە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٩

- لایەنی سیاسی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: سەرەتا لەمەڵبەندی ٣ بۆتە پێشمەرگە دواتر لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ڕێبەری سیاسی بووە.

- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرین کردووەو ڕۆڵی کارای هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی پێشمەرگەو کۆمەڵانی خەلکی کوردستان.

- ناوبراو دوای ڕاپەرین لێپرسراوی کۆمیتەی (١) ی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بوو.

- لەدوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ئاوارەی سلێمانی بووە بە خێزانەوە.

- مامۆستا تاهیر دواپلەی ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی بووە لە شاری سلێمانی ..

- لەزۆربەی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی یەکێتیی بەشداری تیا کردووە.

- ڕۆژ و مانگ و ساڵی کۆچ کردنی: ٢٠٠٥/٨/٢٤

# هاوڕێ تەلعەت



- ناوی تەواو: تەلعەت خدر سەیفەدین لاوە

- ناسراوە بە: هاورێ تەلعەت

- ساڵی لە دایکبوون : ١٩٥٢

- شوێنی لەدایکبوون: دەربەندی گۆم/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: گولبەهار سەدیق حارس

- ناوی منداڵەکانی: توانا، دانا

- ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلوڵ لە ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی کردووە تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ کادیری ناوچەی مەخمور بووە.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: تەموزی ساڵی ١٩٧٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە بەرواری ١٩٧٧/٥/١١ ناوبراو لەسەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەستگیرکراوە لە ئەمنی هەولێر و هەیئەی خاسەی کەرکوک تا بەرواری ١٩٧٧/١٢/٣١ دواتر کە تەنازول ناکەن و هیچ نهێنیەک نادرکێنن ئازاد دەکرێن..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- ناوبراو لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە بووە لە سنوری تیپی (٨٣) ی هەورێ بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کادیری ڕێکخستن بووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان و ڕێکخراوەیی کارەکانی مەیسەر کردووە وەک ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە، مەکتەبی ڕێکخستن، وە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش بووە.

- دواپلەی: ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن

# جەعفەر مەرزانی





- ناوی تەواو: جەعفەر قادر عومەر عەلی

- ناسراوە بە: جەعفەر مەرزانی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی تەعجیل، هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: نەسرین شەریف، میدیا مەهدی

- ناوی منداڵەکانی: کارزان، کاروان، کۆسرەت، محەمەد، پەرێز، ماد، ماف، مەزن..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٦)، کەرتی (١)

- پاش تەشکیلاتی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ ناوبراو لە کەرتی (٣) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .

- دواتر گواسترایتەوە بارەگای مەڵبەندی (٣) مەفرەزەکانی لێپرسراوی مەڵبەندی ئەوکات..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی.. بەشداری زیاتر لە (٣٠) داستان و چالاکی کردووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەران

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) بووە .

- لە ساڵی ١٩٩٣ کراوەتە فەرماندەی (فەوجی) مەکتەبی سیاسی تا (٣١)ی ئاب.


- لە دوای (٣١)ی ئاب کراوەتە فەرماندەی (لەشکر) لە فەرماندەیی (٥)ی دۆکان تا ساڵی ١٩٩٧دواتر خانەنشین کراوە.

- دواپلەی: فەرماندەی لەشکرلە فەرماندەی (٥) ی دۆکان . ئەوکات هەڤاڵ (مەحمود سەنگاوی) فەرماندەی (٥) ی دۆکان بوو.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٤١

# جەلال شێرە





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبەزانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: جلال سعید اسماعیل
نازناو: جلال شێوە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٢٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١٤٣٠

- ناوی تەواو: جەلال سەعید ئیسماعیل شێرە

- ناسراوە بە: جەلال شێرە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٣١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: گوڵبەهار عەبدوڵڵا عوبێد

- ناوی منداڵەکانی: نەهرۆ، کاوە، شێرزاد، هەژار

- ناوبراو بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردووە لە ساڵی ١٩٦١ تاوەکو ساڵی ١٩٧٤

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.


- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە شەڕی هندرێن لە ساڵی ١٩٦٢

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ناوەندی کۆمەڵە لە قاسمە ڕەش

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان:١٤٣٠

# ڕائید جەلال




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: جلال عبدالقادر عزیز
نازناو: رائد جلال
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ١٣٤٧

- ناوی تەواو: جەلال قادر عەزیز شەریف

- ناسراوە بە: رائید جەلال (ئەوکاتی پەیوەندی بە شۆڕش کرد پلەکەی (رائید) بوو بۆیە ناسراوە بە رائید جەلال...

- ساڵی لە دایکبوون: لە بنەڕەتدا لە ١٩٤٨ لەدایک بووە بەڵام لە پێناسی نوسراوە ساڵی ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دووشیوان، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلێژی ئیدارەو ئابوری، دەرچووی خولی سەربازی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: شلێر ئیسماعیل

- ناوی منداڵەکانی: زمناکۆ، تاڤگە، میر شاد، ئاڤان، دلۆڤان

- لە ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیان کردووە، دواتر پشگیری لە باڵی مەکتەبی سیاسی کردووە لە ساڵی ١٩٦٦، ئەندامێکی دڵسۆزو کارا بوە لە ڕێکخستنەکان ..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣/١١/١٤

- ئۆرگان: مەڵبەندی (٣)

- ئەوکات پلەی ئەفسەری (رائید) بووە، ناوبراو فەرماندەی فەوجی مغاویر بووە لە فیرقەی (٢٣) لە ڕیزەکانی سوپای عێراقی لە ناوچەی (قەسرێ) کەپەیوەندی بە شۆڕش کردووە و کراوەتە لێپرسراوی عەسکری مەڵبەندی (٣) .

- هەرهەمان ساڵ ڕژێمی بەعس خێزان و منداڵەکانی زیندانی دەکات لە ئەمنی هەولێر، پاشان بەرلێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەبن..

- لە سەر داواو پشگیری هەڤاڵ (مام جەلال) لە ساڵی ١٩٨٤چەندین خولی سەربازی لە مێرگە پان و دۆڵە کۆگە دەکاتەوە...

- لە ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەتەوە مەڵبەندی (٤) ی بادینان و وەک لێپرسراوی عەسکری مەڵبەند دەست بەکار بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری بادینان، سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەکتەبی عەسکەری

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەرپرسی عەسکری بووە لە مەڵبەندی (٣)

- لە دوای قۆناغی ئەنفالەکان بەخێزانەوە ئاودیوی ئێران بوون.. پاشان ڕووی لە هانەدەران کردووە .

- لە ساڵی ٢٠٠٠ گەڕاوەتەوە کوردستان بە یەکجاری و لە ساڵی ٢٠٠٨ کراوەتە ڕاوێژکاری جەنابی مام جەلال لە بەغدا ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەند ئۆرگانیک خزمەتی کردووە دوا ئۆرگانیش ناوبراو ڕاوێژکاری سەربازی سەرۆک کۆماری عێراق بوو..

- دواپلەی: لیوا

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٤٧

- مەخابن لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٣١ بە نەخۆشیەکی درێژخایەن گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

# جەلال ئاربیجی





- ناوی تەواو: جەلال ئەحمەد ئیبراهیم محەمەد

- ناسراوە بە: جەلال ئارپێجی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨٢ تاوەکو ساڵی ١٩٨٣ زیندانی بوە لە دائیرەی ئەمنی هەولێر

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢٥/ ١١/ ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٩)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکان..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە...


- ناوبراو لە ١٩٩٦/٨/٢٥ زیندانی بوە لای پارتی تاوەکو ١٩٩٨/٩/١

- پاش ئازادبوونی ناوبراو ئاوارەی شاری کۆیە دەبێت و لەوێ درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لە بەشی هەندەسەی سەرۆکایەتی ئەرکان...

- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین: جێگری تیپ

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٧٩

# جەوهەر کرمانج



- ناوی تەواو: جەوهەر مستەفا حەمک

- ناسراوە بە: جەوهەر کرمانج

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی خەزنە، ناحیەی شەمامک، پارێزگای هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- لەساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو ماوەی ساڵانی ١٩٦٨ - ١٩٧٠ ئەندامی لێژنەی ناوچەی قوتابیانی سەربە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەرگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عێراق، ناوبراو چووە ڕیزی شۆڕشەوە و تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە بواری ڕاگەیاندن کاری کرد، ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە هەولێر.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نوسەرانی کوردستان

- لەساڵی١٩٨٣ لەگەڵ چەند نوسەرێکی شاری هەولێر لە گوندی وەرتێ بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری (نوسەری نوێ) کە گۆڤاری لقی هەولێری یەکێتیی نوسەرانی کوردستان بوو.

- لە ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ دکتۆر ئەرسەلان بایز لەسەقز ژمارە (٥) ی گۆڤاری (کەلتور) ی دەرکرد کە دووایین ژمارەی ئەم گۆڤارە بوو.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١- ١٩٩٢ ئەندامی ئۆفیسی - پەیوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە دیمەشق.

- لە ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتیمانیەکان لە هەولێر..

- لە ساڵی ١٩٩٩ بوە یاریدەدەری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بۆ کاروباری ڕۆشنبیری

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە

- چەندین بەرهەمی هەیە لە بواری شیعرو وەرگێڕاندا ..

# جیهانگیری مام غەفور





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم نامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەپیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: جیهانگیر غەفور دەرویش احمد
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٢١٤

مام جلال

- ناوی تەواو: جیهانگیر غەفور دەروێش ئەحمەد

- ناسراوە: جیهانگیری مام غەفور

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەید عوبێد، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئاواز عەبدولقادر حەمەدەمین

- ناوی منداڵەکانی: محەمەد، ئیبراهیم، چرا، ئاریشە، ڕۆزە، ئەحمەد، لۆکە.

- بەهۆی ئەوەی باوکی فەرماندەیەکی ناو هێزی پێشمەرگە بوو ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ خانەوادەکەی دەستگیر دەکرێ تاوەکو ساڵی ١٩٨١ لە سەرای هەولێر.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (بزوتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ هەرێمی (٧) ی قەرەچوغ حزبی سۆسیالیست تاوەکو ساڵی (١٩٨٣)..

- لە ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی لەگەڵ باوکی گواستەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، دواتر لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ و پاشان کە مام غەفور دەکرێتە سەرتیپی (٨٦) ناوبراو لەمەفرەزەی تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە دوای ڕاپەرین ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپ و هێزو لەشکرەکانی هەولێر تا ٣١ی ئاب..


- دوای ٣١ی ئاب لە فەرماندەیی (٥) ی دوکان درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تاکۆتایی سالی ١٩٩٧، دواتر لە فەرماندەیی (٩) ی کۆیەو دواتر فەرماندەیی هەولێرو دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە سماقە، بەردەسپی، نێرەگین..

- بەشداری خولی (٥) ی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچوڵانی کردووە.

ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢١٤

# حەمید تەزویر





- ناوی تەواو: حامد جەلیل مام رەش سلێمان

- ناسراوە بە: حەمید تەزویر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دواناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سەلمەعەلی عەزیز

- ناوی منداڵەکانی: دیاکۆ/ دیە

- لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول تاوەکو ساڵی ١٩٧٥هێزی حەمرین

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/٣/٢١

- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی دواتر لە لقی (٣) زەڵێ، لەگەڵ هەڤاڵ (خدر مەعسوم)

- ناوبراو ماوەیەک لێپرسراوی گومرگی زەڵێ بووە..

- ماوەیەک وەک کادیری شۆڕشگێڕان لەدەشتی هەولێر ماوەتەوە.. دواتر لە لقی (٤) درێژەی بە خزمەت و خەبات داوە تا دوای مفەوەزاتی نێوان یەکێتیی و بەعس..

- پاشان گواسترایەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢) تاوەکو ساڵی ١٩٨٨..

- پاشان لە بادیناوە نیشتەجێبووە وەکو دیسپلینی پێشمەرگایەتیش سەربە میحوەری زەڵێ بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەند ئۆرگانێک خزمەتی کردووە، دواتر بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران خانەنشین کراوە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٢٢

# حەسەن بەکر ئەحمەد یەعقوب





- ناوی تەواو: حەسەن بەکر ئەحمەد یەعقوب

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢/٥/٢٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ شێروان، ناحیەی شەمامک، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: فائیزە مستەفا فرحان

- ناوی منداڵەکانی: سروشت، سرود، ڕێبەند، ڕیا، ڕەنوو، ڕەوشەن

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین، دەستەی تیپ


- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین تا خانەنشین بوونی لە دەستەی پاسەوانی باوکی بووە لە چەندین ئۆرگانی حزبی و حکومی.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٠١

# ئارام چاوشین





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەشیان بە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: حسن محمود محمد قادر
نازناو: ئارام چاوشین
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١١٨٣

- ناوی تەواو: حەسەن مەحمود محەمەد قادر

- ناسراوە بە: ئارام چاوشین

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨/١/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: بۆتان عەبدوڵلا ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: یونس، یوسف، هێدی، دەشنێ

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥/١٢/٢٥

- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٦) جار بریندار بووە. دێگەڵە، سەرکردایەتی، گۆمەسپان، ٣جاریش دوای ڕاپەرین..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بارەگای ناوەندی کۆمەڵە

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری تیپ

- ناوبراولە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.

- دواپلەی لە دوای ٣١ی ئاب سەرلەشکر بوە لە لە شکری (٣) ی هەولێر، فەرماندەی (٢) ی هەولێر..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٨٢

# حەمەدەمین تەقریر




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەتەکەماندا
و بەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: حمه امین رەزا حمه امین رەزا
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٣٣٣

مام جلال

ـ ناوی تەواو: حەمەدەمین رەزا حەمەدەمین رەزا

ـ ناسراوە بە: حەمەدەمین تەقریر

ـ ساڵی لە دایكبوون: ١٩٥٤

ـ شوێنی لەدایكبوون: گوندی تەلەلخێم، ناحیەی گوێر، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەرانی: عائیشە عەبدوڵڵا، ئەسمەر عەبدوڵڵا، بەیدا شاكر

ـ ناوی منداڵەكانی: نەسرەدین، فەخرەدین، گۆران، ئامانج، مەزلوم، كەلسوم، مەیسون، گولستان، دەرفەت، كاترین، لاجان......

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێكخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەكەمان: ١٩٧٩

ـ ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، (كۆمەڵە) ڕێكخراوی (١) كەرتی ڕێكخستنی هەولێر

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٢) ساڵی ١٩٨٥

ـ ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، كەرتی (٢) ی شەهید ئەحمەد قەمبەری

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری كردووە لە سنوری مەلبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەركردایەتی...

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە ساڵانی ١٩٨٥و١٩٨٦ و١٩٩٤

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: ڕابەری سیاسی كەرت

ـ ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری كردووە و لە دەروازەی ڕاپەڕین تا شاری كەركوك

ـ لە تەشكیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە وەك ڕێبەری سیاسی لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر، نەقیب لە فەوجی (تەواری)

ـ ژمارەی ناسنامەی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكان: ١٢٣٣

# شـەهید:حەیدۆ مەخموری



- ناوی تەواو: حەیدەر عولا حەسەن

- ناسراوبە: حەیدۆ مخموری

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لە دایکبوون: قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی سێی ساڵی ١٩٨٣

- شوێنی ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧) قەرەچوغ کەرتی (١)


- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی کردووە لەوانە: شەڕەکانی سەرکردایەتی، بیرەنەوتەکانی کەرکوک، گرتنی تەقتەق، قەیوان ماوەت، کونە کۆتر، قەرەچوغ (کەپەنک ڕەش) گرتنی مەخمور، دوبس، وە زۆربەی شەڕەکانی سنوری تیپەکەی.

- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩١/٣/٣١

- شوێنی شەهید بوون: سنوری ساڵەیی - ناحیەی دوبس

# دکتۆر ڕێبوار





ـ ناوی تەواو: حەیدەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەحمەد

ـ ناسراوە بە: دکتۆر ڕێبوار

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤/٤/٢٧

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دکتۆرا لە زانستی کشتوکاڵ

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: نەرمین سدیق مەعروف

ـ ناوی منداڵەکانی: هەڵوێست، هەڵمەت، هەڵکەوت، هەڵەموند، هەواڵ

ـ ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلوڵ بەشداری کردووە لە سنوری چۆمان..

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

ـ ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی (٤)

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی .

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە . لەسنوری سەرگەڵوو

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) تیپی (٧٨) ی کارۆخ

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری بەتالیۆن (٤).


ـ ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگان کاری کردووە وەک (ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن، ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سەرۆکی یانەی وەرزشی برایەتی، جێگری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، دواتر لە گۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوبراو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، پاشان لە پرۆسەیەک هەڵبژێردرا بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

ـ بەشداری چەندین خولی کردووە وەک، ڕێکخراوی وۆلف پاڵمای سویدی، خولی هەڵبژاردنی پسپۆری ئێران، خولی پێگەیاندنی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خولی سەربازی، خولی سەنتەری نێو دەوڵەتی....

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢١٧

# سەعید سیاسی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری: حسین محمود محمد قادر
ناز ناو: سعید سیاسی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٢١٩

- ناوی تەواو: حوسێن مەحمود محەمەد قادر

- ناسراوە بە: سەعید سیاسی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی حاجی شێخان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی منداڵەکانی: محەمەد، شاگول، عوسمان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە

- دواتر گواسترایەوە بۆ بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتی لە وەرتێ

- پاشان گواسترایەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ شەهید جوامێر فەرماندەی کەرتی بووە.

ناوبراو لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێرو تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ و دواتر دەستەی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.. کۆتا شوێن گواستراوەتەوە بنکەی گومرگی (جەلی)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە گوندی ئیلنجاغ، جەلی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئەندام کۆمیتەی باڵا لەبەرەی کوردستانی

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆلی کارای بینیوە لە ڕزگار کردنی شاروشارۆچکەکان

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین لەچەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی خزمەتی کردووەو بەرپرسیاریەتی بینیوە...

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢١٩

# سەید حیکمەت





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: حکمت نعمە علی زماق

نازناو: سەید حیکمەت

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ژمارە: ١٢٢١

- ناوی تەواو: حیکمەت نعمەت عەلی زەمان

- ناسراوە بە: سەید حیکمەت

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ڕێکات عەبدولعەزیز عەبدولکەریم

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی (٢) ی ساڵی ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/١٠/٢٤

- ئۆرگان: هەرێمی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٢) و (٣) ی هەولێر، شەڕەکانی سەرکردایەتی ...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە. لە گوندی پۆریجە لە ساڵی ١٩٨٣، بەنەباوی ١٩٨٧، شێراوە ١٩٩١، بەنەباوی ١٩٩٦، شەڕی داعش ٢٠١٤....

- لە قۆناغی دوا ئەنفالەکان ناوبراو لەیەکەی تیپی (٩٣) ی کۆیە فەرماندەی کەرت بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤) تیپی (١٢) ی سۆران

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: جێگری تیپی (١٢) ی سۆران

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکان.


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە هـێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر، لەشکری یەکگرتوو، فەرماندەییەکان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و لە زۆر ئۆرگانەکان بەر پرسیاریەتی بینیوە..

- دەرچووی خولی فەرماندەییەکان، خولی دژە هەوایی کرماشان، کۆلێژی سەربازی ئیمام حوسێن لە تاران.

- دواپلەی: لیوا لە وەزارەتی ناوخۆ ..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٢١

# مامۆستا بێستون





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەنیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چـواری: خزر عمر سور محمد
نـازنــاو: مامۆستا بێستون
سـاڵی لەدایک بـوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمـــارە: ٢١٩٣

- ناوی تەواو: خدر عومەر سور محەمەد

- ناسراوە بە: مامۆستا بێستون

- ساڵی لە دایكبوون : ١٩٥٣

- شوێنی لەدایكبوون: گوندی ئۆمەر مامەكە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان، بەكالۆریۆس لە یاسا، زانكۆی سلێمانی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سۆزان مەولود حاجی

- ناوی منداڵەكانی: سازان، سامان، كارزان، سەیوان، ساوێن، سان، عەبدوڵڵا

- لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولی كردووە. تاوەكو ساڵی ١٩٧٥ لە سنوری گەڵاڵە/ قاتعی دژە ئاسمانی....

- لەدوای هەرەس واتە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ كۆمەڵێك خوێندكار وەك (مەسعود عەقاری، عەلی بەرزنجی، ئیسماعیل شێخ محەمەد، شەهید (محەمەد شینە) چەندهەڤاڵی تر لەیەكتر نەترساون پەیوەندیان بە كۆمەڵەوە كردووە لەختی شەهید (عەبدولڕەزاق) دەستیان بەخەبات كردووە هەرچەندە بۆ ئەوكات رێگایەكی قورس بوە بۆ چالاكی و چونە ناو رێكخستنەكانی هەولێرو دەوروبەری، ئەوێ ڕۆژێ ئەم كۆمەڵە خوێندكارە خوێن گەرمە بەوپەڕی دڵسۆزی مهام و ووشیاركردنەوەی خوێندكارانی ترو لاوان و فەرمانبەرو توێژەكانی تریان لە دروست بوونی كۆمەڵە بۆ شی دەكردنەوەو چەوسانەوەو پێشێلكردنی مافەكانی كورد لەلایەن ڕژێم تەوەری گفتوگۆی نێوان ئەوان و ئەندامانی ڕێكخستن بوو، ئەوكات خەلك زۆر بەپیر دەنگیانەوە دەهاتن. ناوبراو پلەكانی ڕێكخستنی بڕیوە تا كراوەتە سەرپەرشتیاری ڕێكخراوی ناوشاری هەولێر، مۆری ڕێكخراو لەلایەن كاك كۆسرەت و شەهید عەبدولڕەزاق رادەستی كراوە، لە ساڵی ١٩٨٤ چالاكانە ئەو ماوەیە سەرپەرشــتی ڕێكخستنی كردووە كە بریتی بووە لە (٥) كەرتی ڕێكخستن، لەكۆتای ساڵی ١٩٨٤ بڕیاری گرتنی لە دائیرەی ئەمنی قوشتەپە بۆ دەرچووە، ئەوكات ئەم هەڤاڵانە لێپرسراوی كەرتەكان بوون (م. یوسف دەرگەڵەیی،شەهید حەیدەر جوكل، شەهید محەمەد قادر، خدر عەبدولڕەحمان، بەكر یەعقوب ناسراو بە بەكرە سور) دوای ئەوەی پەیوەندی بە شاخ كردووە، مۆری ڕێكخراو رادەستی شەهید (حەیدەر جوكل) كراوە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێكخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەكەمان: ١٩٧٥

- ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان)

- له ساڵی ١٩٨٤ بوو به مامۆستا له گوندی (سیاو) ی ناوچەی شەمامکی دەشتی هەولێر ، هەرهەمان ساڵ بریاری گرتنی له لایەن ئەمنی هەولێری بۆ دەرچوو.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: له کۆتایی ساڵی ١٩٨٤

- ئۆرگان: ناوەندی کۆمەڵە، ئەوکات له ئاوەژێ بوو..

- له ساڵی ١٩٨٥ بووه ڕێبەری سیاسی تیپی (مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- دواتر کراوه به لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی تاوەکو ساڵی ١٩٨٨.

- لەپاش ساڵی ١٩٨٦ بەشداری له خولی مەشق و ڕاهێنان له سەر بەکارهێنانی ڕاجیمەو هاوەنی (١٢٠) ملم کرد له گوندی سەرگەڵوو له دۆڵی جافەتی ..

- له قۆناغی دوای ئەنفالەکان، پاش پێکهێنانی هێزی پارتیزانەکان له ٢٨ی ئابی ١٩٨٨ بووه لێپرسراوی ڕێکخستنی ڕەتلی دەشتی هەولێر بۆماوەی (١٤) مانگ له سنوری بەڕانەتی، خۆشناوەتی، دەشتی هەولێر وەک پارتیزان ماوەتەوە..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووه بەشداری له چەندین هێرش و بەرگری کردووە له سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ..

- له ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووه. له (١ـ لەساڵی ١٩٨٥ له هێرشی سەر مەڵبەندی (٣) ٢ـ له ١٩٨٨/٩/٤ لەکاتی پارتیزانی له دەشتی هەولێر، له ١٩٩١/٣/٢١ له گەڕەکی ڕەحیماوا)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی (٨)

- ناوبراو له ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە و برینداریش بوە..

- له تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین سەرەتا بوە لێپرسراوی کۆمیتەی (٢) ی هەولێر، پاشان بوە کارگێری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، ساڵی ١٩٩٤ بووه ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان، له ساڵی ١٩٩٦ وەک ئەندام مەکتەب گوازرایەوە مەکتەبی ڕێکخستن.. پاش گەڕانەوەی بارەگای مەکتەبی ڕێکخستن بۆ هەولێر ناوبراوله بەشی چاودێری و سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکانی مەڵبەندەکانی هەولێرو دهۆک و موسلی پێ سپێردرا.....

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢١٩٣

# مامۆستا خەتاب





- ناوی تەواو: خەتاب ئەحمەد حەمەدەمین عەبدوڵڵا

- ناسراوە بە: مامۆستا خەتاب

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خولی سەربازی ئەکادیمیای قەڵاچۆلان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: فاتیمە حەسەن مەولود

- ناوی منداڵەکانی: ساوێن، سامان، بەلێن، لاوێن، ڕێوان، ڕێژوان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/٨/٣

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک/ کەرتی (٣)

- لە ساڵی ١٩٨٢ کراوەتە ڕێبەری سیاسی کەرتی (٣)

- لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ بەشداری خولی سەربازی لە مێرگەپان کردووە..

- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە تیپی (٧٤) ی باڵەک

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، هێزی پشتیوانی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: گومرگی بەرەی کوردستانی.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی: لێپرسراوی گومرگی بەرەی کوردستان، لە قاسمە ڕەش

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و لە ڕانیەوە ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان تا شاری هەولێر.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە هێزی (١١) ی سەفین بووە بە ڕێبەری سیاسی هێز،، لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ساڵی ١٩٩٣ دوای دامەزراندنی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان ناوبراو کراوەتە لێپرسراوی ئیدارەی قیادەی مەنتیقەی هەولێر بووە.

- لێپرسراوی ئیدارەی لەشکرەکانی (١٥) ی قەرەچوغ و لە شکری (١٨) ی بەڕانەتی بووە.

- ئەندامی فەرماندەییەکانی هەولێرو، کۆیە و بیتوێن بووە، ماوەیەک لێپرسراوی ئیدارەی

ناوەندەکانی هەولێر بووە. دواتر کراوەتە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی (دیبەگە) دواتر لە مەڵبەندی (٢٠) ی قەرەچوغ کراوەتە کارگێڕی مەڵبەند، دوای تێکەڵ کردنەوەی مەڵبەندەکان گواسترایتەوە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، لێپرسراوی بەشی (ئەرشیف)..

- بەشداری خولی سەربازی کردووەلە دیوی ئێران لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ ساڵی ١٩٩٠، بەشداری خولی ئیدارەی بەکرەجۆی کردووە لە ساڵی ١٩٩٢، بەشداری خولی پەیمانگای کادیرانی کردووە لە قەڵاچۆلان لە ساڵی ١٩٩٦ هەمان ساڵ کراوەتە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، بەشداری خولی سەربازی قەڵاچۆلان خولی شەشەمی (شەهید محەمەد سەراوی) ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣کردووە یەکەمی ئەم خولەبووە، بەشداری خولی کادیرانی سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٨) ..

- بەشداری کۆنگرەی (١) و (٤) ی کردووە.

- دواپلەی کارگێڕی مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێر، لێپرسراوی بەشی (ئەرشیف)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٤١

# دانا سەعید سۆفی حەمەد




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەبێ وەستان خەباتیان کردوە

ناوی چواری: دانا سعید سۆفی محمد
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٨٥١

- ناوی تەواو: دانا سەعید سۆفی حەمەد

- ناسراوە بە: دکتۆر دانا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دکتۆرا لە سۆسیۆلۆجی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: تریفە حامید سۆفی

- ناوی منداڵەکانی: زانا، شکۆ، ئێلا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، بەتالیۆنی (٨)

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە ...

- زمان؛ کوردی، سویدی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی

کاری ئێستا؛ لە ٢٠١٤ ەوە RID. سەرۆکی ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان NPAJJ. ڕێکخەری پرۆگرامی دیموکراسی لە عێراق لەگەڵ فریاکەوتنی میللی نەرویجی ڕاوێژکاری ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یاسا قازانج نەویستەکان ی ئەمریکی بۆ کاری ڕێکخراوەیی لە عێراق و ICNL هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤ ەوە

کاری پێشوو:. ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی لێژنەی کۆمەڵی مەدەنی، ئەندامی لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٣

. مامۆستای زانکۆ لە بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ستۆکهۆلم، ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٩

. تۆژەر لە زانکۆی ستۆکهۆلم لەسەر ئەنجومەنی زانستی سویدی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٢

. ڕاوێژکاری نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان (یونۆپس) لە عێراق

له بواری UNOPS پەرەپێدانی ستراتیژی نێوان حکومەت و کۆمەڵی مەدەنی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥

. ڕاوێژکار و شارەزا بۆ دامەزراوەی وێستمینیستەر بۆ دیموکراسی بەریتانی بۆ داڕشتن و پەرەپێدانی ستراتژی WFD ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٧

Un Punte Per. ڕاوێژکاری ریکخراوی «پردیک بۆ» ی ئیتاڵی لە پڕۆژەی شارەوانییە بیسنورەکان

. سەرنووسەری گۆڤاری سەراب ١٩٩٥

. بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی هەرێم ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٤

بڵاکراوە (پوختەیەک)

کتێب:

. هێڵە گشتییەکانی داڕشتنی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٨ (بە کوردی و عەرەبی)

. ڕێبەری کۆمەڵی مەدەنی ٢٠١٧ (بە کوردی)

. ڕەوشی بەشداریی گشتی لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٦ (بە ئینگلیزی و کوردی)

- مافی زانیاری لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا ٢٠١٦ (بە ئینگلیزی و کوردی)

. ئاسۆی گەڕانەوە لە نێوانی ململانێ و ئاشتیدا، دوای داعش لە نەینەوا ٢٠١٦ (بە عەرەبی، ئینگلیزی و کوردی)

. کۆنتیکستی سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە دیالی ٢٠١٨ (بە ئینگلیزی و عەرەبی)

. بەرەو پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٥ (بە کوردی)

. سیاسەتی نەتەوەیی لە کوردستان- عێراق ٢٠٠٩ (بە سویدی)


. نەوەد و سێ پڕۆژەیاسای خولی سێهەم ٢٠١٤ (بە کوردی)

- ناوبراو لە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار بابەتی ڕۆژنامەوانی نوسیوە بەزمانی جیاواز...

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٨٥١

# ڕێبازە گچکە





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەمیاوانە خەباتیان کردوە
ناوی چواری: دڵشاد حەسەن مستەفاساڵح
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١١٨٠
مام جلال

- ناوی تەواو: دڵشاد حەسەن مستەفا ساڵح
- ناسراوە بە: ڕێبازە گچکە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: پەخشان مەغدید خدر
- ناوی منداڵەکانی:سیڤەر، محەمەد، پەیوەند، ئەلەند، لەوەند
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٢)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. (١- هیران ٢- قەندیل)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٨٠

# ڕزگار عەزیز (باوە)





- ناوی تەواو: ڕزگار عەزیز باوە حەمەد

- ناسراوە بە: ڕزگار باوە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەلا قەرە، ناحیەی دیبەگە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: پەروین شەهاب حەمەد

- ناوی منداڵەکانی: ماردین، ڕێبەند، بارین، ڕێبەست

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ / کەرتی (٤) ی کەندێناوە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ....

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار برینداربووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە......

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.. وەک لەشکری قەرەچوغ، فەرماندەی (٢) ی هەولێر، فەرماندەی (٩) ی کۆیە

- دواپلەی: فەرماندەی (تیپ)

- لە ساڵی ١٩٩٨ گواسترایتەوە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر، لە کۆیە تاوەکو ئێستا لە ئەرکدایە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٣٦

# ڕەشید عەلی هەینی فەقێ





- ناوی تەواو: ڕەشید عەلی هەینی فەقێ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: پەیمانگا

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: نەرمین محەمەد هەینی

- ناوی منداڵەکانی:جوان، شالاو، شاکێو، هەوراز

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ، کەرتی شەهید سەید کەریم، ئەوکات هەڤاڵ (ڕزگار هاودیانی) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، داستانی ڕزگاری و هێرش و بەرگریەکانی سنوری سەرکردایەتی .

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. ١ـ هەریر ٢ـ پردێ ٣ـ دیبەگە..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) ئەوکات شەهید رەحمان سەیدە فەرماندەی ئەم بەتالیۆنە بووە.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ڕۆڵی کارای هەبووە لەڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکان

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و خزمەتی زۆری بە هێزی پێشمەرگە کردووە و لە زۆر قۆناغ بەرپرسیاریەتی هەبووە. بەتایبەتی لە ئیدارەی لەشکرەکانی هەولێر وە مەفرەزەکانی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ..

- ناوبراو لێپرسراوی ئیدارەی مەشقی چوارقورنە بووە.

- دەرچووی خولی ئەکادیمیای ئەفسەرانی قەڵاچۆلانە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٨١

# شەهید: ڕێباز



- ناوی تەواو: ڕەفعت عەبدوڵڵا پیرداود

- ناسراو بە: ڕێباز

- تەمەن: ١٩٥٢

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

باری خێزان: خێزاندار

- شەهید ڕێباز دوو کوری بۆ کوردستان جێدەهێڵێ بەناوەکانی (محمد و ڕێبان)

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٦٥ نازناوی (ڕەنجاو)

- ساڵی ١٩٦٩ زیندانی کراوە بە هۆی کاری سیاسیەوە .

- لە ساڵی ١٩٧٠ لەدوای بەیانی ١١ی ئازار چالاکانە بەشداری کاریگەری هەبووە لەکاری ڕێکخستن و خەباتی خوێندکاری و جەماوەری .

- لە ساڵی ١٩٧٢ ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێری تەواو کردوە .

- لە سالی ١٩٧٢ پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلول لە دەزگا جیاجیاکانی شۆڕش کاری کردوە تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥..

- لە ساڵی ١٩٧٥ بۆتە فەرمانبەر لەبەڕێوەبەرایەتی هەولێر..

- لە ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- لە ٥- ٥- ١٩٧٧ لەلایەن ڕژیمەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت .

- لە ١٦ - ٥ - ١٩٧٧ لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بۆتە پێشمەرگە یەکەم گوند چەمرگە بوو کە پێشمەرگە پێشوازیان لێ کردوە ئەم ڕۆژە شەهید ڕێباز لە ڕێگای سیامندی برای بە ئوتۆمبێلێکی جێب کەخاوەنەکەی (خلیل عەدۆ) بوو دایکی شەهید ڕێبازو پلکی لعلی وحاجی سافیە هاوسەفەری شەهید ڕێبازبوون. هەمان ڕۆژیش شەهیدی سەرکردە شاخەوان عباس پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەوە

- شەهید (ڕێباز) لە ژیانی پێشمەرگایەتی (فەرماندەی کەرت و فەرماندەی تیپی تیپەکانی (٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ بە لێهاتووی بڕیوە ..

- شەهید بەشداری و سەرکردایەتی دەیان چالاکی و داستانی کردوە.

- لە ساڵی ١٩٨٨ لە دوای ئەنفاڵ بۆماوەی (١٤) مانگ سەرکردایەتی ڕەتلی پارتیزانەکانی کردووە .

- لە ساڵی ١٩٩٠ لەسەرداوای (مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) گەڕاوەتەوە

سەرکردایەتی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ئەوروپا لەسەر کێشەی کورد ..

- لە ساڵی ١٩٩١پێش چەند ڕۆژێک بەرلە ڕاپەرین گەڕاوەتەوە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

- لە ڕاپەرین دا بەشداری کاریگەرو بەرچاوی هەبوە لە ڕزگارکردنی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی و هەولێرو دەوروبەر. هەروەها لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوک بەتایبەتی ڕەبابیەکانی دۆمەلان.

- لە دوای ڕاپەرین لەبەرەی کوردستانی لێپرسراوی سەربازی بووە بۆ چەسپاندنی یاساو خزمەت کردنی هاوولاتیان ..

- لە ساڵی ١٩٩٣ جێگری قیادەی مەنتیقەی دهۆک بووە لە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

- (شەهید ڕێباز) خاوەنی کتێبەکانی قەندیل بەغدای هەژاند ٣بەش ـ نرکەی کوردستان ٢ بەش..

- لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٥/٧ لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ دوای کاروانێکی پر سەروەری بە بریندار دەگیرێ پاشان بە دیلی شەهید دەکرێ.

- لە رێکەوتی ١٩٩٤/١١/١٤ تەرمی پیرۆزی لە کەرنەڤاڵی جەماوەری و شایستەدا گەینراوە گۆرستانی گردە رەشە لە شاری هەولێر بەخاک سێردرا.

- لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال مەدالیای پارتیزانی بۆ شەهید ڕێباز بەخشرا بە خانەوادەکەی .

# ڕێبین محەمەد سۆفی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی کەلادەکەدا و ئەوانەی خەباتیان کردووە

ناوی چواری: ڕێبین محمد سۆفی ئۆمەر

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٨

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ٧٥٨

- ناوی تەواو: ڕێبین محەمەد سۆفی ئۆمەر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دکتۆرا لە قانون دەستوری

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سەعدیە مستەفا عەولا

- ناوی منداڵەکانی: ڕاوێژ، ڕاهێن، ڕاوێن، ڕۆمان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ماوەی نێوان ١٩٧٩-١٩٨١ یاریدەدەری تێبینەری تەکنیکی بوو لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- ساڵی ١٩٨٣ لە سنوری کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز کادیری ڕێکخستن بووە، لە ساڵی ١٩٨٥ بوە ڕێکخەری ڕێکخستن لە تیپی (١٩) ی کۆڕەک، ساڵی ١٩٨٧ بوە ڕێبەری سیاسی تیپی (٧٨) ی کارۆخ، لە نیسانی ١٩٨٨ بوە جێگری فەرماندەی تیپی (١٢) ی سۆران، دواتر لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە سنوری تیپی (١٩)، لە مانگی ئابی ١٩٨٨ کراوەتە لێپرسراوی مەفرەزەیەکی پارتیزانی لە سنوری سۆران و ڕواندزو خەلیفان و شەقڵاوە تا ساڵی ١٩٨٩، لە ١٩٨٩ - ١٩٩٠ بوە لێپرسراوی هەرسێ تیپی (٦٤ی گەلاڵەو ٧٣ی قەندیل و ٧٩ی سادر) لە مانگی (٢) ی ساڵی ١٩٩١ کراوەتە ڕێبەری سیاسی بەتالیۆنی (٤)

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: رابەری سیاسی بەتالیۆنی (٤)

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی هەبوە لە گرتنی شەقڵاوەو دەوروبەری.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو چەندین ئۆرگان و پۆستی وەرگرتوە لە وانە (جێگری بەتالیۆنی ڕواندز، فەرماندەی بەتالیۆنی (٢٩) ی دەشتی هەریر، لێپرسراوی کۆمیتەی چۆمان، ساڵی ١٩٩٢ کراوەتە کارگێڕی مەڵبەندی (٦) ی سۆران، ساڵی ١٩٩٣ کراوەتە لێپرسراوی

کۆمیتەی باڵای ڕێکخستنی پێشمەرگایەتی، دواتر بوە بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٤ بوە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان لە ساڵی ١٩٩٦ بوە جێگری لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە تاران، لە ساڵی ١٩٩٧ تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ جێگری پارێزگاری هەولێر بووە لە کۆیە لە ساڵی ٢٠٠٧ کراوەتە لێپرسراوی مەڵبەندی (٦)ی سۆران، لە ساڵی ٢٠٠٩ کراوەتە لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤) ی کۆیە، لە ساڵی ٢٠١٢ بووە مامۆستا لە کۆلیژی یاسا لە زانکۆی جیهان.

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی....

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٥٨

# مامۆستا زرار





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و ئەمساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: زرار قادر عزیز شریف
نازناو: مامۆستا زرار
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٢٢٣

- ناوی تەواو: زرار قادر عەزیز شەریف

- ناسراوە بە: مامۆستا زرار

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دووشیوان، ناحیەی دیبەگە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ڕووناک عەبدی مەجید

- ناوی منداڵەکانی: هۆگر، نەژاد، هەردی، ڕێبین، زریان، کۆڕەک، وارڤین

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول ..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە سنوری بناری قەرەچوغ لە١٩٨٣

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٤) ی بادینان

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە کۆمیتەی ڕێکخستنی مەخمور و دواتر بووە بە کارگێڕی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، دواتر کراوەتە لێپرسراوی پەیوەندیەکانی یەکێتیی لە شنۆ....

- دوا پلەی: لە هەڵبژاردنی کۆنفرانسی ٢٠٠٦ بوە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی (٢٠) ی قەرەچوغ.....

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٢٣

# زەکیە ئیبراهیم ڕەحمان




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و ئەمڕۆ لە ژیاندا ماون و تێکۆشانیان کردوە

ناوی چواری: زەکیە إبراهیم رحمان إبراهیم

نازناو: ئارام


ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٠

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦

ژمارە: ٢٣٩٠

- ناوی تەواو: زەکیە ئیبراهیم ڕەحمان ئیبراهیم
- ناسراوە بە: ئارام
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری: ئەیوب یوسف سەعید جوامێر
- ناوی منداڵەکانی: شەنگە، ئیرۆن، نەوە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین – دەستەی مەفرەزەی (تیپ)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین چالاکی ناو شاری هەولێر کردووەو چەندین جار لە مەرگ گەڕایەتەوە.
- لەمانگی (٢) ساڵی ١٩٨٨ دەستگیرکراوە تاوەکو مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٨ لە دائیرەی ئەمن، بەرلێبوردن کەوتووە ئازاد کرا.. پەیوەندی بەشاخ کردۆتەوە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: سنوری قاسمە ڕەش
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە...
- ناوبراو برایەکی شەهید بوو لە سنوری تیپی (٩١) ی سەفین بەناوی (خەبات)
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٣٩٠

# شەهید: زیاد گەزنەیی



- ناو: زیاد عبێد قادر

- ناسراو: بە زیاد گەزنەیی

- ساڵی لە دایكبوون: ١٩٦٧

شوێنی لە دایكبوون: گوندی گەزنە، ناحیەی بەحركە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار بوو

ناوی منداڵەكانی شەهید: دیار ـ هونەر ـ عمر ـ نیگار

ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگایەتی:١٩٨٤

- شوێنی پێشمەرگایەتی كەرتی (٣) تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

- دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) قەرەچوغ كەرتی (٢)

- لە ساڵی ١٩٨٨ بۆتە فەرماندەی مەفرەزەی دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ بۆتە جێگری كەرت .

- شەهید لەساڵی ١٩٨٤تا ڕۆژی شەهیدبوونی بەشداری زۆربەی شەڕەكانی سنوری تیپەكەی لە پێش ڕاپەڕین كردووەو دوای ڕاپەرینش دەورێكی باڵای هەبووە لە ڕزگاركردنی شارو شارۆچكەكانی سنوری هەولێرو دەوروبەری بە شاری كەركوكی قودسی كوردستانیشەوە .. وەبەشداری كردوە لە زۆربەی ئەو شەرانەی بۆ بەرگری لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، پێشمەرگەیەكی ئازاو چاونەترس بووە....

- شەهید (٢١) ساڵ بەبێ دابڕان پێشمەرگە بوو لە ئامر مەفرەزەوە تا فەرماندەی هێز پلەكانی بڕیوە..

- دەرچووی كۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان بوو لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦

- ڕۆژی شەهید بوون: ١٠ /١٢/ ٢٠٠٠

- شوێنی شەهید بوون: بناری قەندیڵ سنوری گوندی كوزینە

# ژارۆی مام غەفور





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەتەکەماندا
و لەپێناویە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: ژارۆ غەفور دەرویش احمد
نازناو: حاجی ژارۆ
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٢٦٤

مام جلال

- ناوی تەواو: ژارۆ غەفور دەروێش ئەحمەد

- ناسراوە: ژارۆی مام غەفور

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەید عوبێد، ناحیەی دیبەگە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ژوان عوسمان ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: شاژین، پارسا، یاسا، سام

- بەهۆی ئەوەی باوکی فەرماندەیەکی ناو هێزی پێشمەرگە بوو ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ خانەوادەکەی دەستگیر دەکرێ تاوەکو ساڵی ١٩٨٢

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، مەفرەزەی (تیپ)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: قاسمە ڕەش سەر سنور

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە دوای ڕاپەرین ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپ و هێزو لەشکرەکانی هەولێر تا ٣١ی ئاب..

- دوای ٣١ی ئاب لە فەرماندەیی (٥) ی دوکان درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٧، دواتر لە فەرماندەیی (٩) ی کۆیەو دواتر فەرماندەیی هەولێرو دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە (کەلەکی یاسین ئاغا)

ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٦٤

# سابیر بەکر محەمەد





- ناوی تەواو: سابیر بەکر محەمەد حەمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: شیرین بەکر
- ناوی منداڵەکانی: داستان، هەکاری، ئەحمەد، دونیا، زنار، ئیمان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەڵەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، کەرتی (٤)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ...
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٩)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، بەردەوام بوە لە زۆربەی ئۆرگانەکان پلەی سەربازی هەبووە.
- لەدوای ٣١ی ئاب ناوبراو فەرماندەی تیپ بوە لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر
- دەرچووی خولی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە..
- دواپلەی: عەمیدە
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٢٧

# ساڵح هەولێری




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
وئەمپاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: صالح حەمە امین نبی حسین
نازناو: صالح هەولێری
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨
ژمارە: ٤٥

مام جلال

- ناوی تەواو: ساڵح حەمەدەمین نەبی حوسێن

- ناسراوە: ساڵح هەولێری

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سێیەمی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: گولیزار بەکر عوسمان

- ناوی منداڵەکانی: دلشاد، هەڵکەوت، سەردەم، وریا، کەژین، ڕێژین

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٤ لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە لە هێزی (باڵەک)

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨

- ئۆرگان: هەرێمی (١٢) ی خۆشناوەتی .

- دواتر لە قوەی خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

- پاش تەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو لەساڵی ١٩٨٢ تاوەکو ساڵی ١٩٨٤ لە تیپی (٧٤) باڵەک کەرتی (١) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەتەوە تیپی (٧٨) ی کارۆخ.

- لە ساڵی ١٩٨٦ گواسترایەتەوە تیپی (تۆپخانەی) مەڵبەندی (٣) کراوەتە فەرماندەی (کەرت) تاوەکو قۆناغی ئەنفالەکان .

- لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان کراوەتە جێگری تیپ

- لە دوا تەشکیلاتی یەکێتیی لەسەر سنور کە بەتالیۆنەکان دروست کراوە ناوبراو لە بەتالیۆنی (٤) کراوەتە فەرماندەی تیپ..

- ناوبراو (٤) مانگ پارتیزان بووە ..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە .لە دۆڵی مەلەکان، کێل کێل، شێخ وەسانان، سەرکردایەتی ..

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی: بەتالیۆنی (٤)

ـ لە دروست کردنی مەفرەزە پارتیزانەکان بۆ ئامادەکاری ڕاپەرین دەست نیشان کراوە لەگەڵ ئەو ڕەتلەی هەڤاڵان (بورهانی سەعید سۆفی و شەهید مەلا سلێمان) بۆ سنوری بەڕانەتی . بەشداری کاریگەریان لە ڕاپەرین کردووە.

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر و دواتر لە تەشکیلاتی سوپای یەکگرتوو لە لیوای (٣٢) فوجی (١) فەرماندەی (سریە) بووە. دواتر لە لەشکری بەڕانەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. ئەندامی لەشکر بووە.

ـ پاش ٣١ی ئاب ئاوارەی سنوری ڕانیە بووەو لەوێ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

ـ لە ساڵی ٢٠٠٦ بەهەڵبژاردن بۆتە ئەندامی نوسینگەی هەولێری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان

ـ لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٢ لەکۆنگرە دەرچووە بۆ ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٤٥

# سامان ڕەشید ئیسماعیل



- ناوی تەواو: سامان ڕەشید ئیسماعیل

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆ

- باری خێزان: خێزاندار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ گەڵەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین لە کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) و (٤)، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.

# ستار مامە



- ناوی تەواو: ستار مامە مستەفا حەمەدەمین

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی بازرگانی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: سەبیعە

- ناوی منداڵەکانی: سروە، هەرێز، هۆنە، ئارێز

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. داستانی ڕزگاری (چاڵاوە)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

# سەلیم محەمەد خدر



- ناوی تەواو: سەلیم محەمەد خدر حەمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخانان، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: نەزیرە سادق خدر
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ، دەستەی تیپ
- دواتر لەتیپی (٢١) ی کەرکوک ئەوکەرتەی شەهید هیوا چیمەنی فەرماندەی کەرتی بوو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ..
- پاشان گواسترایەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٣)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە گوندی ئیلنجاغ.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- لە ١٩٨٦/١٠/٢٢ لە گوندی ئیلنجاغ زۆر بەسەختی بریندار بووە. دواتر ڕەوانەی ئێران کراوە.
- لە ساڵی ١٩٩٠ لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم کراوە.

# شەهید: مەلا سلێمان



- ناوی تەواو: سلێمان عارەب ئیسماعیل

- ناسراو بە: مەلا سلێمان

- ساڵی لە دایکبوون: ١-٧- ١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەربەندی گۆمی سیانان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: زەینەب ڕەسوڵ ئیسماعیل

- ناوی منداڵەکانی: (ئارەزوو، ساکار، هاوکار، هۆگر، سکاڵا، بەختیار، بەشدار)

- ئاستی خوێندن: سەرەتا لەگوندی دەربەند چۆتە بەرخوێندن، بەهۆی شاڵاوی حەرس قەومی گوندەکەیان بە کاملی خاپوور کراوە لە ساڵی ١٩٦٣بۆیە هاتۆتە هەولێر بۆ خوێندن .پاشان بە چەند قۆناغ ئامادەیی کشتوکاڵ لە ئاسکی کەلەک تەواو کردوە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان: لە تەمەنی (١٤) ساڵی پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دەکات زۆر چالاکانە کارەکانی مەیسەر دەکات.

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە. لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ سەدان خوێندکاری دەڤەرەکە دەبنە پێشمەرگە مەلا سلێمان دەکرێتە ئەفسەری تۆپخانەی شۆڕش .. دوای نسکۆ دەگەڕێتەوە هەولێرو درێژە بەخوێندن دەدات و ئامادەی کشتوکاڵ تەواو دەکات .

- لە ساڵی ١٩٧٦پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (مارکسی مالیان دەبێتە یەکێک لە شوێنە نهێنیەکانی ناو شار.

- لە ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە ئەندامی لێژنەی ڕێکخستن، دوای ئاشکرابوونی شانەیەکی کۆمەڵە دەکەوێتە ژێر چاودێری ئەمنی هەولێر و دەستگیر دەکرێت بەڵام هەموو جۆرە ئەشکەنجەو ئازارێکی دوژمن ناتوانن کار لە ورەوپۆلاینی بکەن و نهێنیەکانی پێ بدرکێنن.

- لە ساڵی ١٩٧٦دەبێتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی سەرژمێری هەولێر

- لە ڕۆژی ١٦- ٨- ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت.

- ساڵی بوونەوەی بە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- لە دوای دروست بوونی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دەبێتە فەرماندەی کەرت لەتیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

- لە ساڵی ١٩٨٧ دەکرێتە جێگری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

- کە شەهید ڕێباز وەک فەرماندەی ڕەتلی پارتیزانەکانی هەولێر دەست نیشان کرا شەهید مەلا سلێمان کرایە جێگری ڕەتل. بۆ ماوەی (١٤) مانگ بە پارتیزانی مانەوە ..

- له ڕێکەوتی ١٤/٧/١٩٩٠ دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی (٨)

- له ڕێکەوتی ٢٥/١١/١٩٩١ لەکۆنفرانسی ناوخۆی بۆ کۆنگرەی یەکەمی (یەکێتیی) له ساڵی ١٩٩٢یەکەم دەنگی لەبازنەی دەڤەرەکه هێناوه ..

- له دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دەبێتە فەرماندەی ١١ی بەڕانەتی پاشان دەکرێته جێگری میحوەری هەولێر..

- له ساڵی ١٩٩٢ دەکرێته فەرماندەی فوجی (٢) ی ئامادەی هەولێر..

- له یەکەم هەڵبژاردنی کۆمەڵەی پێشمەرگه دێرینەکانی هەولێر دەنگی یەکەمی هێنا..

- دوای دروست بوونی مەڵبەندی (٧) نەینەوا دەکرێته جێگری مەڵبەند بۆ کاروباری عەسکری و لێپرسراوی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگه دێرینەکانی ئاکرێ ..


- له ژیانی پێشمەرگایەتی ٣جار بریندار بوه..

- چەپکێک لەو چالاکی و نەبەردیانەی شەهید بەشداری تیاکردوەو یان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی تیا کردوه لەوانه... له ساڵی ١٩٨٦له شەڕێکی بەرگریدا له سەرکردایتیدا شەهید مەلا سلێمان له هەڵاج و دابان زۆربه سەختی برینداردەبێت و لەبەرسەختی برینداریەکەی ڕەوانەی وولاتی ئێران دەکرێت، ناوبراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری هەردوو مەڵبەندی (٣) و(٤) ی کردوه له ژمارەیەک داستان و شەڕی گەورە شەهید ملاسلێمان خۆی سەرپەرشتی کردووه ..له ڕاپەرینه مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ له ڕزگارکردنی شاری هەولێر دەوری کاریگەری هەبووه له ڕزگارکردنی کەرکوک ڕۆڵی خۆی بینیوه و لەم شەڕەدا برینداربووه..

- ساڵ و مانگی و ڕۆژی شەهیدبوون: ٥ی ئایاری ١٩٩٤

- شوێنی شەهیدبوون: ئاکرێ

# سلێمان قومبەلە




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: سلیمان مستەفا خالد قادر
نازناو: سلیمان قومبەلە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمارە: ١٩٨٢

- ناوی تەواو: سلێمان مستەفا خالید قادر
- ناسراوە بە: سلێمان قومبەڵە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخەلاس، ناحیەی دیبەگە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە
- ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بووە لە سنوری حاجی ئۆمەران
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩/٣/٢٥
- ئۆرگان: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر کەرتی (٦) حزبی سۆسیالیستی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٨٧ سەنگەری خەباتی گواستەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ شەهید (دکتۆر رەشید)
- دواتر لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە گوندی (نێرەگین)
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەیی. مەفرەزە
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ١١-٨-٢٠٢١ کۆچی دوایی کردووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٨٧

# سمكۆ جەرجیس (خەبات)



- ناوی تەواو: سمکۆ جەرجیس سۆفی فەقێ

- ناسراوە بە: خەبات

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٠

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: گەلاوێژ عەلی

- ناوی منداڵەکانی: بنار، ڕێوان، ڕۆزا، باڵا، نوێنەر

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/٣/١٤

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٥) ی گەلاڵە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی ڕێکخستنی چۆمان


- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین: ئەندامی دەزگای ڕێکخستن

- لە ساڵی ١٩٨٧ تا ساڵی ١٩٩٢ سەنگەری خەباتی گواستەوە ناو ریزەکانی (ئالای شۆڕش)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگار کردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە دوای ڕاپەرینەوە ناوبراو فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

# سمكۆ هەڵمەت





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە
ناوی چواری: سمکۆ محمد سعید هەڵمەت
نازناو: سمکۆ هەڵمەت
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٨٧٩
مام جلال

- ناوی تەواو: سمکۆ محەمەد سەعید هەڵمەت

- ناسراو بە: سمکۆ هەڵمەت

- سالی لەدایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- لە ساڵی ١٩٨٤ ئامادەیی لە پیشەسازی لە شاری هەولێر تەواو کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ناوبراو بەشداری خۆپیشاندانەکەی خوێندکارانی شاری هەولێری دژ بە بەعسیەکان کردووە لە ساڵی ١٩٨٢

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین

- لە ساڵی ١٩٨٦ ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی (٣) لە گوندی (توتمێ)

- لەبەر لێهاتووی و ئاستی ڕۆشنبیری لە ساڵی١٩٨٧ گواستراوەتەوە سنوری تیپی (٧٨) ی کارۆخ وەک کادیر دەست بەکاربووە...

- ناوبراو: بەشداری دەیان خولی کورت و درێژخایەنی کردووە لە ناوەوەو دەرەوە ..

- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بوە: لەساڵی ١٩٨٧ لە کاتی هێرشی دوژمن بۆسەر دۆڵی ئالانەی خۆشناوەتی..

- لەساڵی ١٩٨٨ بەشداری زۆربەی ئەو بەرگریانەی کردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڕژێمی عێراق و سوپا درندەکەی ..

- دوای کۆتایی هێنانی پرۆسەی ئەنفال لەلایەن بەعسەوە ناوبراو لە سنوری قاسمەڕەش و ناوەزەنگ گیرسایەوە و ماوەیەکیش لە شاری نەغدە ژیانی بەسەربرد..

- ناوبراو لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کارای بینی لە قۆڵی سۆران - شەقڵاوە..

- پاشان ڕووی لە هاندەران کردوو لە ئوستورالیا گیرسایەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەل پێکهێنانی کۆمیتەی ڕێکخستنی ئوستورالیا بووە ئەندامی کۆمیتە.. لە ساڵی ١٩٩٦ لێپرسراویەتی کۆمیتەی ڕێکخستنی گرتە ئەستۆ...

- لە ساڵی ١٩٩٩ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئوستورالیا..

- لە ساڵی ٢٠٠١ لەکاتی بەستنی کۆنفرانسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سلێمانی

بەسترا وەکو نوێنەری یەکێتیی بەشداری تێدا کرد.

- لە ساڵـی ٢٠٠٤ گەڕاوەتەوە کوردستان و کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە ..

- ساڵـی ٢٠٠٨ بۆ بۆردی پەیوەندیەکانی ئێران گوازرایتەوە ..

- ساڵی ٢٠١١ بۆ بارەگای سەرەکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە گوازراوەتەوە ..

- ژمارەی ناسنامەی پێناسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٨٧٩

# مامۆستا هێرش




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە نیشانەی ئەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەبێ وانە خەباتیان کردوە
ناوی چواری: صباح شكر عوسمان عمر
نازناو: م.هێرش
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢١٨٨
مام جلال

- ناوی تەواو: سەباح شوکر عوسمان عومەر

- ناسراوە بە: مامۆستا هێرش

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٩/١/٣

- شوێنی لەدایکبوون: کەرکوک، بەڵام لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی گردە سۆری سەربەناحیەی قوشتەپەی هەولێرە ...

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سەنیە محەمەد مەولود

- ناوی منداڵەکانی: سنوور، سنەوبەر، سیڤەر، سیروان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی (٤) ی ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٨٣

- ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی (ڕواندز)

- دواتر لە ساڵی ١٩٨٥گواسترایەوە مەڵبەندی (٤) ناوبراو عەدەد جیهاز بوە

- لە ساڵی ١٩٨٦ - ١٩٨٧ گواسترایەوە تیپی (١٩) ی کۆڕەک هەربە عەدەد جیهاز..

- لە ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەوە تیپی (٧٨) ی کارۆخ بە پلەی (کادیر)

- لە ساڵی ١٩٩٠ گواستراوەتەوە پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە نەغدە...

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە. گازی کیمیاوی داستانی رزگاری

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤) تیپی (٧٣) ی قەندیل

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: کادیر

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (٣) بووە تاوەکو ساڵی ١٩٩٤..

- لە ساڵی ١٩٩٤ گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەی پەروەردە و لە بواری پەروەردەیی خزمەتی زۆری بە نەوەکانی هەولێر کردووە. بەردەوامیش زۆربەی کات لە ڕاگەیاندنی یەکێتیی بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خزمەتی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢١٨٨

# سەرباز تاهر (عەوڵا بۆر)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: سەرباز تاهیر أحمد داود

نازناو: عەولا بکر

سالی لەدایک بوون: ١٩٦٥

سالی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤

ژمارە: ١٢٥٣

- ناوی تەواو: سەرباز تاهیر ئەحمەد داود

- ناسراوە بە: عەولا بۆر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: پیرۆز حەسەن محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: هۆنیا، سۆنیا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، دەستەی مامە غەفور

- دواتر لە تیپی (٨٧) کەرتی (٦) ئەوکات شەهید خالە مامەند مەنتک فەرماندەی ئەم کەرتە بووە . درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا دوای ئەنفالەکان.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بووە .

- لە دوای ٣١ی ئاب لە کۆیە لە فەرماندەی (٢)ی هەولێر، لە شکری (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .

- دواپلەی قەڵەمی هێزی (٢) بووە لە سنوری فەرماندەی (٢) ی هەولێر

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٥٣

# سەردار شورتە





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئەدرێتە ئەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و بەبێ وچان خەباتیان کردووە

ناوی چواری: سەردار قادر اسماعیل سیودین

نازناو: سەرداری شورتە

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ١٢٠٩

مام جلال

- ناوی تەواو: سەردار قادر ئیسماعیل سێودین
- ناسراوە بە: سەردار شورتە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: بەهار حەمەرەش ئۆمەر
- ناوی منداڵەکانی: بێستون، دانا، سنۆبەر، شنۆ، بێلان، کەنعان، هێلین..
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- لە ١٩٨١/٢/١٤ زیندانی بوە تاوەکو ١٩٨١/١١/١ لە هەئیەی خاسەی کەرکوک
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی ٩١ی سەفین
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٩)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..
- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین لە چەندین ئۆرگان کاری کردوە و بەرپرسیاریەتی بینیوە..
- دواپلەی: رائید بووە لە فەوجی (٢) ی فریاکەوتن، پۆلیس
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٠٩

# مامۆستا سەردار





ـ ناوی تەواو: سەردار محەمەد عەبدوڵڵا مەولود

ـ ناسراوە بە: مامۆستا سەردار

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەرانی: زەینەب عوسمان، لەنجە عەبدوڵڵا

ـ ناوی منداڵەکانی: پەروین، ژین، ژوان، سازان

ـ لەساڵی ١٩٧٣ تاکو ساڵی ١٩٧٥ لە شۆڕشی ئەیلوڵ بەشداری کارای هەبووە..

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

ـ ئۆرگان: سەرەتا بارەگای مەڵبەندی (٣)

ـ دواتر گواستراوەتەوە ڕاگەیاندن، چاپخانەی شەهید جەعفەر پاشان ڕێکخستنی تیپی (٦١) ی کۆرەش و (٧٩)ی سادر...

ـ دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە ڕێکخستنی تیپی (٥٨) ی گەلاڵە پاشان ڕێکخستنی تیپی (٦٨)ی مامەندە...

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ..

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ڕێکخستنی تیپی (٦٨)ی مامەندە..

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی مامەندە..

ـ لە ساڵی ١٩٨٩/١٩٩٠ بەشداری خولی سەربازی کردووە لە زەڵێ..

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: بەرپرسی کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکانی دانیمارک، کارگێڕی مەکتەبی ناوەندەکانی دەرەوە ..

# دکتۆر ئارام





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەبیوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: سعدون رستەم عبدالله سعدون
نازناو: د.ئارام
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ٢٢٥٩

مام جلال

- ناوی تەواو: سەعدون رۆستەم عەبدوڵڵا سەعدون

- ناسراوە بە: دکتۆر ئارام

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاریتان، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالوریۆس لە پزیشکی هەناونەشتەرگەری، دبلۆم لە رۆمانتیزم و جومگە..

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: جیهان سلێمان سادق

- ناوی منداڵەکانی: وەرزێر، هەژیر، وەرزین، هەرێز

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ڕزگارکردنی چەندین پێشمەرگەی بریندارو نەخۆشی گوندنشینەکان..

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هێمن لە ناوزەنگ..

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: دکتۆری شۆرش


- لەماوەی ساڵانی پێشمەرگایەتی لە شاخ ناوبراو (٣) جار بریندار بووە لە بەرگەڵوو، شەناخسێ.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە لەگەڵ هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) هاتۆتە خوارێ.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٥٩

# سەعید سۆفی حەمەد




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا و ئەمپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: سعید صۆفی محمد صۆفی

نازناو: مام سعید

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٢

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥

ژمارە: ٣١٥٠

مام جلال

- ناوی تەواو: سەعید سۆفی حەمەد

لە مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ژمارە زۆرنین ئەو خانەوادانەی سەرجەم ئەندامەکانی یەک خێزان پێشمەرگە بن. یەکێک لەو خێزانانەی هەموو ژیانیان لە بۆ کوردایەتی و خاک و نیشتمان تەرخان کردووە، بوونەتە ڕەمزێک لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خانەوادەی مام (سەعید سۆفی) بوون.ئەم خانەوادەیە لە سالآنی شەستەکان زوڵم وستەمی بەعسیەکانیان قبوڵ نەبوە، لە سنوری دەربەندی گۆم وەدەوروبەری بە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆز بۆ نیشتمان ناسرابوون و یاخیبوون لە ڕژێم. مام سەعید لەساڵی ١٩٦٣زیندانی سیاسی بوە لە بەندیخانەی موسەئیب، مام سۆفی باپیری لە ساڵی ١٩٥٣ زیندانی سیاسی بووە لە بەندیخانەی کەرکوک، لە ساڵی ١٩٨٤شەش ئەندامی خودی خێزانی مام سەعید سۆفی بۆ ماوەی (١٤) مانگ زیندانی بوونە بەناوەکانی (دانا، کوردۆ، پێشەوا، هەردوو خێزانی مامم سەعید (خانێ) و (خەزار)، لەگەڵ هێرۆی کچی) .

- ناوی تەواو: سەعید سۆفی حەمەد

- ناسراوە بە: مام سەعید

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٣٢/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بووە

- باری خێزان: خێزاندار بووە


- ناوی سیانی هاوسەرانی: خانێ ئیبراهیم ئەحمەد/ غەزال عومەر حەمەد

- ناوی منداڵەکانی: محەمەد، فەیرۆز، نەهرۆ، نازەنین، نەهرۆ، بورهان، سەرتیپ، سەردار، زبێدە، هێرۆ، خەسرۆ، کوردۆ، دانا، سۆران، هێمن، پێشەوا، نەورۆز...

- لە ٢٠٢٠/١٢/٩ کۆچی دوایی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢١٥٠

# شەهید: خەباتی مام شریف



- ناوی تەواو: سەلاّح شەریف تەها حەمەد

- ناسراوبە: خەباتی مام شەریف

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١/١/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سناعە/ بەشی کارەبا

- باری خێزان: خێزاندار لەساڵی ١٩٩٠ هاوسەرگیری کردووە لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەلاّت

- ناوی منداڵەکان: ڕانیە، ڕاژان

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨

- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢/٢/٩ سەرەتا لەکەرتی ڕێکخستن دواتر گواسترایتەوە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.

- جگە لە خۆی (٣) ئامۆزای شەهیدە

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بوە لە دەشتی کۆیە.

- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی و شەڕی کردووە.

- یەکێک بووە لە عەدەد جیهازە شارەزاکانی شۆڕشی نوێ ..

- ناوبراو بەخانەوادەوە ئـاوارەی ئێران بوون و وەک پێشمەرگەو عەدەد جیهاز درێژەی پێشمەرگایەتی داو بووە یەکێک لە پێشمەرگە دانەبڕاوەکان ..

- لەڕاپەرین بەشداری کاریگەری هەبووە لە ڕزگارکردنی شاری هەولێر.


- دواین پلەی ئەندامی مەڵبەند بووە و بەرپرسی کۆمیتەی ڕۆژئاوای هەولێر بووە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٠٠٤/٢/١

- شوێنی شەهید بوون: تەقینەوەکەی بارەگای مەڵبەندی (٣)ی هەولێر

# سەمەد ڕێکخەر





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەمیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: سەمەد سەلیم رەزا غائیب
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ١٢٥٤

مام جلال

- ناوی تەواو: سەمەد سەلیم ڕەزا غائیب

- ناسراوە بە: سەمەد ڕێکخەر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦/٣/٢٦

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلێژی ئەکادیمیای سەربازی قەڵاچۆلان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نازەنین حەمید سەعید

- ناوی منداڵەکانی: ژوان، ژیار، سیار، ژیر، زەنوێر

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە گوندی (زمارە)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ .

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ڕێبەری سیاسی تیپ

- ناوبراو پارتیزان بوە لە ڕەتلی شەهید ڕەحمان سەیدە...

- ناوبراولە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو بەرپرسیاریەتی (ئیدارەی لە شکر/ بەرپرسی دەزگای زانیاری/ ئەفسەری بەشی چاودێری و پشکنینی بوە لە فەرماندەیی گشتی..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٥٤

# ماموّستا سەیف الدین





- ناوی تەواو: سەیف الدین عەلی ئەحمەد عەلی

- ناسراوە: مامۆستا سەیف الدین

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێر ١٩٦٩ ـ ١٩٧٠

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەسرین کەریم ئیبراهیم

- ناوی منداڵەکانی: شۆڕش، سروە، سراو، سیپە، شامان، شاکێو

- لە مانگی (٤) ی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە تا ئاشبەتاڵ لە سنوری گەرەوانی، سەروو، ڕواندز

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠/١١/١٦

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێرو بەشێکی سەرکردایەتی.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: ڕێکخراوی (٢) ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ..

- دوا پلەی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی ڕێکخراوی (٢) بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە وەک: کۆمیتەی ڕێکخستنی (ئاکرێ)، مەکتەبی پەیوەندییەکان، مەڵبەندی پێشمەرگایەتی، ئاسایشی گشتی هەرێم

- بەشداری چەندین خولی کردووە لەوانەی خولی کادیرانی ساڵی ١٩٨٤.

- بەشداری زۆربەی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی کردووە.

- دواپلەی لە حکومەت:بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٨

# سواره بێستانەیی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەمانە!
و ئەیستوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: سوارە جلال علی فتاح
نازناو: سوارەی بێستانە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمارە: ١١٨٨

- ناوی تەواو: سوارە جەلال عەلی فتاح

- ناسراو: بە سوارە بیستانەیی

- تەمەن: ١٩٥٤

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی ڕەسوڵ بچکۆل، ناحیەی دێگەڵە، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر.

- باری خێزان: خێزاندار، ساڵی ١٩٨٣پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام داوە.

- ناوی خێزان: شیرین سابیر

- ناوی منداڵەکان: تانیا، ژیلوان، تاڤگە، ژیاوە، گەشاوە، دەریا، ڕەوەز، تاران، فاتم، شۆخان، نیهایەت.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩لەرێزەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر تا ساڵی ١٩٨٣، دواتر سەنگەری گواستۆتەوە ناو ڕێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

- سەرەتا لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرتی تیپ، تیپی ٨٦دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ئەوکات فەرماندەی کەرتەکە ناوی (مەهدی) بووە خەلکی سلێمانی بووە

- ماوەیەک جێگری کەرتی (٤) بووە.

- دواتر ماوەیەک جێگری کەرتی (١) بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٧کراوەتە فەرماندەی کەرتی (١) لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

- لە دوای ١٩٨٨/٨/٨دوای ڕاوەستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بە خۆی خێزانەوە لەسەر بڕیاری شۆڕش و بە کاغەزی شەهید ڕێباز ڕەوانەی ئێران کراون.

- ئەو ماوەی لە ئێران بوون تا ڕاپەرین دوو منداڵی بەر ڕەحمەتی خواکەوتوون.

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینی کوردستانی کردووە هەر لە دەروازەی ڕاپەرین و کۆیە و هەولێرو کەرکوکی قودسی کوردستان.

- لە ساڵی ١٩٩١ کراوە بە فەرماندەی بەتایلۆنی (٤) ی دێدەوان.

- لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ دروست بوونی تەشکیلاتی وەزارەتی پێشمەرگە کراوە بە (مقدم لیوا)

- لە ساڵی ١٩٩٦ فەرماندەی تیپ بووە لەلەشکری (١٦) ی هەولێر.

- لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە جێگری هێزی هەڤاڵ عوسمانە سوری ڕەحمەتی.

ـ له تەشکیلاتی نوێ و دواپلەی سەر لەشکر بووە لای هەڤاڵ عوسمان بانی مارانی.

ـ لەماوەی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە (بیرەباتی کەندێناوە) و (شاقازی سنوری مەنتکایەتی) و (دۆڵـەبەکرە)ی نزیک قوشتەپە.

ـ ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی چالاکی دەستەو یەخەی کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێرو سنوری سەرکردایەتی..

ـ لە ٢٠٢١/٨/٢٦ لە گوندی بیستانەی بچووک ماڵئاوایی کرد...

# نەبەزە کەڕ





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: سواری عەولا قادر مولود
ناز ناو: نەبەزە کەڕ
سالی لەدایک بوون: ١٩٦١
سالی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢٠٦

مام جلال

- ناوی تەواو: سواری عەولا قادر مەولود

- ناسراوە بە: نەبەزە کەڕ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی باشتەپە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەزانێ بنوسێ و بخوێنێتەوە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: فەوزیە محەمەد ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: ڕەوەز، ڕەنگین، هاوژین، خۆزگە، هۆژین ..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٩٣)ی کۆیە، کەرتی (٣) فەرماندەی کەرتەکەیان هەڤاڵ (دەشتی حەمەدەمین) بووە.

- پاشان گواسترایەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی تیپ، ئەوکات شەهید شاخەوان عەباس فەرماندەی ئەم تیپە بووە..

- لەپاش تەشکیلەی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا لەم تیپەو لە کەرتی (١) ئەوکات شەهید محەمەد شینە فەرماندەی ئەم کەرتە بووە..

- لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٨٧ بووە جێگری کەرت، لە ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە فەرماندەی کەرت ..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە، دواتر لە هێزی (١١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..


- لە ساڵی ١٩٩٢ کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆنی (٢١) ی شەهید مەهدی ..

- لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان کراوەتە ئامرسریە، بارەگای فەوجیان لە کۆمەڵگای تۆبزاوە بووە.. دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا (٣١) ی ئاب، پاشان خانەنشین کراوە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٦

# سۆران سەعید سۆفی






- ناوی تەواو: سۆران سەعید سۆفی حەمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢/٦/١
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: گەلاوێژ محەمەد ئۆمەر
- ناوی منداڵەکانی: پەیوەست، پەیوەند
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٥) بەڕانەتی
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند چالاکیەک کردووە.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە تا پلەی نەقیبی بڕیووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٣٥٦

# سیراجەدین ڕەشید ئیسماعیل





- ناوی تەواو: سیراجەدین ڕەشید ئیسماعیل حوسێن

- ناسراوە بە: سیراج

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: سەبریە عومەر سمایل

- ناوی منداڵەکانی: ژاڵە، هەلۆ، هەنگاو، ژوان، هێشوو..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەکتەبی عەسکری

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لەگەڵ هەڤاڵانی لەناو شاروشارۆچکەکانی کوردستان تا شاری کەرکوکی کوردان..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی ..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٤٢

# سیروان عەبدولڕەزاق ئیبراهیم





- ناوی تەواو: سیروان عەبدولڕەزاق ئیبراهیم مەولود

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤/٥/٣٠

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: شەمس قادر سمایل

- ناوی منداڵەکانی: شەهلا، شەهێن، ساوین

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢/٢/١٨ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا گعیتلی....

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: کۆمیتەی شاخ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. بە کیمیاوی لە (مەلەکان) ساڵی ١٩٨٨

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨) لە نۆکان

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندام کەرتی ڕێکخستن

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە...

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە، لە بواری ڕێکخستن ئەندام کۆمیتەیەکی دڵسۆزی سنوری مەڵبەندی (١٧)ی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بووە. لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان هەمیشە دڵسۆزانەو خەمخۆرانە کاری کردووە.

- لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبراوەکان ساڵی ٢٠٢١ بەهەڵبژاردن دەرچوو بە ئەندامی لقی دەستەی کارگێڕی لقی هەولێری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٦٦

# شاسوار ڕەسوڵ ئیسماعیل





- ناوی تەواو: شاسوار ڕەسوڵ ئیسماعیل ڕەسوڵ

- ناسراوە بە: هاوڕێ شاسوار

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: نەورۆز یاسین ئیسماعیل

- ناوی منداڵەکانی: هێور، بەهرە، هاوڕێ، هێما، شارا، هیوا

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ناوبراو (٢) جار گیراوە لە ساڵانی ١٩٨١و١٩٨٢ لە ئەمنی هەولێر

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز بە پلەی ئەندام پۆل

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی....

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە داستانی کێل کێل

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (١٩) ی کۆڕەک


- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کادیری ڕێکخستنی کۆمەڵە لە سنوری تیپی (١٩) ی کۆڕەک

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو ئەفسەری هەواڵگری لیوای (٣١) ی یەکگرتوو بووە.

- کارگێڕی کۆمیتەی (١) ی هەولێر بووە، دواتر کراوەتە لێپرسراوی کۆمیتەی (١) ی ڕۆژهەڵات، ماوەیەکیش لە مەکتەبی ڕێکخستن کاری کردوە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٥٨

# شۆڕش سەید مەجید




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەپاڵەوانانە خەباتیان کردووە

ناوی چواری: شۆرش سید مجید حسین مرسل
نازناو: شۆرشی سید مجید
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ٥٠٢

مام جلال

- ناوی تەواو: شۆڕش مەجید حوسێن مورسەل

- ناسراوە بە: شۆڕش سەید مەجید

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨/٨/٢٧

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: خەبات ڕەفیق کویخا محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: شاگول، هێما، شایەن، چرا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: بارەگای مەکتەبی عەسکەری

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، مەڵبەندی (٤) و سنوری سەرکردایەتی...

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ناوەندی کۆمەڵە

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کادیر

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە بە (کیمیاوی) لە بالیسان

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین ناوبراولە چەندین ئۆرگانی حزبی و ئیداری و پێشمەرگایەتی خزمەتی بەرچاوی بە ئۆرگانەکان کردووە بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە ..

- دواپلەی لە ڕێکخستن جێگری مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێر...

- بەشداری خولی فەرماندەیی لە ساڵی ١٩٨٨ لە تاران

- دوا ئەرک ناوبراو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٥٠٣

# شێرزاد زیاد محەمەد (ڕێناس)




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و ئەپساوانە خەباتیان کردوە
ناوی چواری: شێرزاد زیاد محمد علی
نازناو: ڕێناس
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٨
ژمارە: ١٨٠٥

- ناوی تەواو: شێرزاد زیاد محەمەد عەلی

- ناسراوە بە: ڕێناس

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگا/ بەشی ژمێریاری، بەکالیۆریۆس لە ژمێریاری لە زانکۆی جیهان..

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی منداڵەکانی: لاژە

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٨

- ئۆرگان: بارەگای ڕێکخراوی (٢) ی کۆمەڵە، لە گوندی خەتێ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە ١٩٩٠/٤/٢٨ لە شاخی جاسوسان نزیک ڕەزگەو مارەدوو..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٣١٥

# شێرزاد ڕەنجەڕۆ





- ناوی تەواو: شێرزاد محەمەدەمین سەعید

- ناسراوە بە: شێرزاد ڕەنجەڕۆ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی تەیراوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەزیرە سەدیق خالید

- ناوی منداڵەکانی: شاکێو، کانیاو، شنیان، شەرام

- بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولی کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٧٦ لە ڕێگەی شەهید جەمیل ڕەنجبەرەوە

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: لەمانگی (١١) ی ١٩٨٠

- ئۆرگان: هەرێمی (٧)، کەرتی (٥)

- لە ساڵی ١٩٨٢ بوە لێپرسراوی پۆل لە کەرتی ڕێکخستنی چۆمان، لە ساڵی ١٩٨٥ بوو بە لێپرسراوی رێکخستنی تیپی (٧٤) ی باڵەک لە ساڵی ١٩٩٠ بووبە (کادیر) لە بەتالیۆنی (٤)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ...

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) تیپی (٧٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کادیری ڕێکخستن

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە....

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندامی کۆمیتەی باڵای ڕێکخستنی پێشمەرگە لە هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٥ بووە ڕابەری سیاسی لە شکری (١٨) ی بەڕانەتی، لە ساڵی ١٩٩٨ بووە ئەندامی مەڵبەندی پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٩٩ بۆتە کارگێڕی مەڵبەند.....

- دەرچووی خولی شەشەمی تایبەتی فەرماندەیی لە قەڵاچۆلان، خولی کادیرانی مەکتەبی ڕێکخستن

- دواپلەی: جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٠٢

# شێرزاد جیهاز





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: شێرزاد مغدید عمر مستەفا
نازناو: شێرزادی جیهاز
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ١٢٠٥

مام جلال

- ناوی تەواو: شێرزاد مەغدید عومەر مستەفا

- ناسراوە: شێرزاد جیهاز

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢/١٠/٢٠

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی پیشەسازی هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: مژدە ئەسعەد مەحمود

- ناوی منداڵەکانی: شیاو، شیلاز، شکار، شەن

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: مەکتەبی سیاسی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی: عەدد جیهاز

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ڕۆڵی کارای هەبووە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو بەهۆی شارەزای لە جیهاز هەر لای هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) بە عەدەد جیهاز ماوەتەوە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی..


- لە حکومەتیش کاری کردووە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی (هەولێر)

- لە ٢٠٢٠/٤/٢٥ کۆچی دوایی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٧٨

# ڕەحمانە شێت





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک


ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالرحمن عادل احمد سوار
نازناو: رحمانە شێت
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢٢٣

- ناوی تەواو: عبدالڕەحمان عادل ئەحمەد سوار
- ناسراوبە: ڕەحمانە شێت
- تەمەن : ١٩٦٣
- شوێنی لە دایکبوون: گوندی گەزۆک، سەربەناحیەی قەراج، قەزای مەخمور
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ڕووناک نەجمەدین
- ناوی منداڵەکان: سروشت، گزنگ، سەردەشت، ئارۆت، سەرکەوت، باڤیت
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٩
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی ١٩٨٠ بۆماوەی (٦) مانگ زیندانی بووە لە دائیرەی ئەمنی هەولێر.
- لەساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی (١) ی شەهید هاوڕێ کاوە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و داستان و چالاکی ناوشاری هەولێرو مەخموری کردووە.
- لەبەر ئازایی و چاونەترسی زیاتر لە (٣) جار بریندار بووە.
- لەڕاپەڕین بەشداربووەو ڕۆڵ و جێ دەستی دیاربووە.
- لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ هەلوێستی کوردانەو نیشتمان پەروەری هەبووە و ئاوارەی کۆیە بووە.
- لەساڵی ١٩٩٩ بەشداری خولی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی کردوەو بە پلەیەکی باش تەواوی کردووە.
- چەندین خولی هۆشیاری و سەربازی لە ئوردن و بەغداد و قەڵاچۆلان و سلێمانی تەواو کردوە لە زۆربەی خولەکان بەپلەی نایەب و زۆرباشە بووە.
- دوا پلەی سەربازی عەمید بووە لە وەزارەتی بەرگری لەبەغداد.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی ماڵئاوایی ٢٠١٤/٧/٣٠
- شوێنی ماڵئاوایی: قەزای مەخمور
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٣

# خاڵە عەباس




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری: عباس عمر عبۆ حمەشریف
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ٨٨٨

- ناوی تەواو: عەباس عومەر عەبۆ حەمە شەریف
- ناسراوە بە: خاڵە عەباس
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٣
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: عائیشە ئەحمەد شەریف
- ناوی منداڵەکانی: سەلام، کارزان، مەهاباد، نیهایەت، ئیلاف
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر، کەرتی تیپ
- دواتر لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو کوڕ و برایەکی شەهیدی سەنگەرن.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٨٨

# عەباس قۆریتانی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: عباس عمر مولود باپیر

ناز ناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧

ژمارە: ١٢٦٠

مام جلال

ـ ناوی تەواو: عەباس عومەر مەولود باپیر

ـ ناسراوە بە: عەباس قۆریتانی

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی قۆریتان، ناحیەی شەمامک، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: بەهار ئەسعەد سەعید

ـ ناوی منداڵەکانی: ژاکاو، گەشاو، ئیمان، ڕەیان، ئومێد، ئامێز، محەمەد...

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

ـ ئۆرگان: تیپی (٨٧)، کەرتی (٤)

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...


ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

ـ ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەند ئۆرگانێکی پێشمەرگایەتی درێژەی بە خەبات داوە.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٦٠

# شەهید: عەباس سیاوی



- ناوی تەواوی: عەباس مستەفا حوسێن مستەفا

- ناسراو بە: عەباس سیاوی

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی سیاو

- باری خێزان: سەڵت

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: لە مانگی ١٢ی ١٩٨٣

- لە کەرتی (٤) ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بۆتە پێشمەرگە.

- بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە لەوانە: گرتنی یەکەم ڕەبیەی شێراوە، شەڕی قاتع ئەبو جعفر مەنسور، شەڕی زمارەو زمارەو تەللخێم، شەڕی سیاو شێخ شەروان، قەیوان ماوەت، سەرکردایەتی، داستانی ڕزگاری، داستانی ١١ ڕۆژەی سماقوڵی، داستانی سەری ڕەش، کونە کۆتر،

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٧ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە.

- ناوبراو لەقۆناغی پارتیزانی بەخیانەت شەهید کراوە.

- ڕۆژی شەهید بوون: ١٩٨٩/١٢/٢٥

- شوێنی شەهید بوون: لە سنوری سیاوی ـ ناوچەی شەمامک

# عەبدولڕەحمان خدر سەیفەدین لاوە






- ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان خدر سەیفەدین لاوە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا سەرەتایی خوێندووە
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: بەسێ جەمیل
- ناوی منداڵەکانی: تارا، بلند، هەڵوێست، هەرێم، ڕاوێژ، چرا
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ، بنکەی تیپ

لەساڵی ١٩٨٥ گواسترایتەوە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٨) ئەوکات شەهید مەلا سلێمان لێپرسراوی بەتالیۆنەکە بوو..
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی هەبووە تا شاری کەرکوک بەشداری کردووە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لەچەند ئۆرگانێک درێژەی بەخەبات داوە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٤٩

# دکتۆر زریان




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
ناوی چواری: عبدالرحمن عوسمان یونس
نازناو: دکتۆر زریان
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٢٦٨
مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان عوسمان یونس حەمەد

- ناسراوە بە: دکتۆر زریان

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤/٨/٣٠

- ئاستی خوێندن: دکتۆرا/ ڕاوێژکاری پزیشکی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ڕووناک حوسێن حەمەد ئیسماعیل

- ناوی منداڵەکانی: ئیرۆن، هەرمێن، هەوری، ئامەد

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: قوەی دەشتی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) و مەڵبەندی (٤) وەک پزیشک/ بەڵام پزیشکێکی چاونەترس، خاکی، چالاک، سادە، شارەزا، کراوە، بەتواناو خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵاین...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. بە کیمیاوی لە دۆڵی بالیسان..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: مەڵبەندی (٣) هەولێر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: دکتۆری شۆڕش

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو گەڕاوەتەوە ناو تیمی حکومەت/ هاوشان بەردەوام بوە لە ئۆرگانەگانی یەکێتیی... بەتایبەتی کۆمیتەی بەریتانیا.. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ وازی لە کاری حزبی هێناوە خەریکی بواری پزیشکیە لە وڵاتی بەریتانیا...

- دواپلەی: وەزیری تەندروستی بووە لە کابینەی (٥) ی حکومەتی هەرێم

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢١٨

# مامۆستا عەبدولڕەحمان




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کە ئەمندا
و ئەمیستواتە خەباتیان کردوە
ناوی چـــواری: عبدالرحمن محمد اسماعیل
نــاز نـــاو: مامۆستا عبدالرحمن
ساڵی لەدایک بــوون: ١٩٥٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمـــــارە: ١٢٣٦

- ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل ئەحمەد

- ناسراوە بە: مامۆستا عەبدولڕەحمان

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئازی کەند، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کردووە، دوو ساڵ لێپرسراویەتی ناوچەی دوبزی یەکێتیی قوتابیانی پێ سپێردراوە.

- ئاستی خوێندن: لە ساڵی ١٩٧٣ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە بەڵام خوێندنی تەواو نەکردو ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش کردوو لە گوندی ڕێزانی ناوچەی بارزان لە خوێندنگایەک بەمامۆستا دامەزرا، ساڵی دواتر بۆ خوێندنگەی گوندی وەردەی بناری هەڵگورد گوێزرایەوە لەوێ وەک بەڕێوەبەر دەستبەکار بوو.. لە دوای گەڕانەوەی لە ئێران لە نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ خوێندنی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ خوێندنی لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١٥ بڕوانامەی ماستەری سەبارەت بە (ڕێکخستنی ئازادی ڕاگەیاندن لە عێراق) لە زانکۆی عەرەبی بەیروت تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دکتۆرای سەبارەت بە (ڕێکخستنی یاسایی ڕاگەیاندن و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەرەپێدانی ئابوری) لە زانکۆی مەنسورەی میسر بەدەست هێناوە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: بارەگای کەرتی ڕێکخستنی چۆمان

- دواتر گواسترایەتەوە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ..

- لە ساڵی ١٩٨٣ وەک کادیرێکی تەکنیکی بۆ دەزگای ڕاگەیاندن گوێزراوەتەوە کە ئەوکات بارەگاکە لەسەر شیوی ناوچەی قەڵادزێ بوو.. ناوبراو دەست ڕەنگینیەکەی زۆری لەبواری خۆشنوسیدا نواندو وەک خۆشنوسێکی کارامە لە ڕۆژنامەی (شەرارە) و (ڕێبازی نوێ) و بڵاوکراوەکانی چاپخانە کاری کرد.

- ناوبراو ئەندام کەرتێکی چالاکی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ بوو لە سنوری تیپەکانی (٦٣) ی جوتیاران و (٦٨) ی مامەندەو هێزەکانی قەڵاتووکان و ڕەزگەومارەدوو بەڕێوەبردن و کاروباری ڕێکخستنی پێ سپێردرا.. هەرلەم سەروبەندەدا ماوەیەک وەک بێژەری بەشی عەرەبی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کاری کردووە.

- له ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٨٤ دا له ڕووی هونەرییەوە سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤاری (خەباتی مامۆستا) ی یەکێتیی مامۆستایانی کردووه..

- له سێیەم کۆنفرانسی یەکێتیی مامۆستایان له ئەیلولی ١٩٨٥ له گوندی سماقوڵی خۆشناوەتی به ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتیەکە هەڵبژێردراو دواتر له یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبردن له گوندی سێو سێنانی قەرەداغ، بەنەقیبی مامۆستایان هەڵبژێردرا...

- له کاتی شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگه بۆ سەر سنور له دۆڵه کۆگه گیرسایەوەو له پاڵ هەڵسورانی سەندیکایی، وەک کادیرێکی تەکنیکی له چاپخانەی برایم عەزۆ له شاری سەقز کاری کرد.. له ساڵی ١٩٩١ له چوارچێوەی ئامادەکاریەکاندا بۆ ڕاپەرین له ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان له زەڵێ کاری کرد..

- له ساڵی ١٩٩٢ له نۆیەمین کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان له هەولێر بەنەقیب هەڵبژێردرا..

- له ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ ژمارەیەک کادیری ڕاگەیاندن، مەدالیای ڕێزلێنانی لەلایەن مام جەلال پێ بەخشرا..

- دواشوێنی ئۆرگانی له پێش ڕاپەرین: ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان

- دوا پلەی له پێش ڕاپەرین: سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

- له تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: وێرای کاری ڕێکخراوی و سەندیکای له یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ناوبراو له ساڵی ٢٠٠٠ له ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوه به بریکاری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، دواتر له ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین کراوه.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگه دێرینەکان: ١٣٣٦

# حاکم سەمەد



- ناوی تەواو: عەبدولسەمەد محەمەد عومەر

- ناسراوە بە: حاکم سەمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا، زانکۆی بەغدا

- باری خێزان: خێزاندار

- لەشۆرشی بزوتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگا: بارەگای سەرکردایەتی..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە بەچەکی کیمیاوی.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەڵبەندی سێ هەولێر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئەندام پۆل لە ڕێکخستن

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: ناوبراو لە کاری ڕێکخستن پلەکانی ئەندام مەڵبەند و کارگێڕی مەڵبەندی بڕیوە..

- لە پۆستی حوکمەت ناوبراو بوە قائیمقامی مەرکەزی هەولێر/ پارێزگاری هەولێر بووە تا ڕۆژی ٣١ ی ئاب...

# عەبدولقادر موحسین تەها (ئاری)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: عبدالقادر محسن طه پیرداود
ناز ناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٢٣٤

ـ ناوی تەواو: عەبدولقادر موحسین تەها پیرداود

ـ ناسراوە بە: ئاری

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی مشار، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ماستەر لە ئەندازیاری تەلارسازی، دبلۆم وردەکاری دارشتن

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەری: سروە ساڵح عەبدولکەریم

ـ ناوی منداڵەکانی: ڕایەن، لانە، ڕۆمان

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

ـ ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپەکانی (٧٤) ی باڵەک و (٧٨) ی کارۆخ..

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی تیپەکانی (٧٤) ی باڵەک و (٧٨) ی کارۆخ .

ـ ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

– یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی پۆلی ڕێکخستن لەناو شار.

– یەکێک بووە لەیەکەمەکەکانی سەرئاستی کوردستان و پاش وەرگیرانی لەزانکۆ بەهۆی نەبوونی بە بەعسی وازی لە خوێندن هێناوە و لەسەر بڕیاری ڕێکخستن بوەتە کادیر.

– لەکاتێکدا کە کادیری ڕێکخستنی ناوشاربووە بەشداری شەڕی (گوندی شێخەروان)ی کردووە پاش کەشفبوونی بەخۆی و زیاتر لە لایەنگر و ئەندامی کۆمەڵە پەیوەندیان بەشاخەوە کردووە و بوون بە پێشمەرگە لە سماقوڵی.

– لە کۆتا تەشکیلاتی بەهۆی دڵسۆزی و ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی کراوەتە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی تیپەکانی (٧٤)ی باڵەک و (٧٨)ی کاروخ.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٣٤

# عەبدولکەریم ئەحمەد (عەول)



- ناوی تەواو: عەبدولکەریم ئەحمەد حەسەن حەمەد

- ناسراوە بە: عەول

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆ/ بکالۆریۆس

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: موژدە حەوێز عەبدولوەهاب

- ناوی منداڵەکانی: مەریوان، لیلوز

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لە زانکۆی موسڵ)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: بارەگـای سـەرکردایەتی

- دواتر وەک کادیرێکی ڕێکخستن ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەو پەیامی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی لە سنوری تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ لە ناوچەی قەراج و کەندێناوە..

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بەرپرسی ڕێکخستن لە سنوری دەشتی هەولێر

- چەندین خولی ڕۆشنبیری و رووناکبیری بینیوە لەزەلێ و ناوزەنگ و چنارنـیێ پشدەر..

# عەبدولکەریم مەحمود مراد





- ناوی تەواو: عەبدولکەریم مەحمود مراد حوسێن

- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٠

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر.

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ژیان سابیر

- ناوی منداڵەکانی: دەشتی، دانیال، مەحمود، لانە، دانا، دەوەند....

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە. لە جادەی هەریر، گوندی ترپە سپیان، جادەی کۆیە، دەواجنەکانی تیمار ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ناوزەنگ و زەلـێ...

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

- دواپلەی: فەرماندەی تیپ لە سکرتاریەتی مام جەلال..


- دواتر لە دەزگای ئاسایش بەردەوام بوە لە خزمەت و پاراستنی سەروەت و ماڵی هاووڵاتیان.

- لە ساڵی ١٩٩٢ خولێکی ئاست بەرزی بینیوە لە تانجەرۆ..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٩٢

# مەلا عەبدوڵڵا شێخە ئاودەل




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: عبدالله شیخە ئودل
ناز ناو: ملا عبدالله
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٣٦٥

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا شێخە ئاودەل عەبدوڵڵا

- ناسراوە: مەلا عەبدوڵڵا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی شیلانە، قەزای بنەسلاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خوێندنی ئاینی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: گەلاوێژ ئەبوبەکر ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: هۆشەنگ/ هێرۆ/ قورینگ/ هاوژین/ مینا/ هۆشمەند

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢/٢/٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی ناو شار بووە.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی کۆمیتەی شاخ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: بادیناوە، ئێران/ کۆمیتەی شاخ

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین ناوبراو کادیرو فەرماندەو ڕابەری سیاسی بووە تا ٣١ی ئاب


- لە ٣١ی ئاب دەستگیر دەکرێ بۆماوەی (٢) مانگ

- دوا پلەی لە ئێستا دا کارگێڕی ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتی هەولێرە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٦٥

# دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە بەشداریان بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و لەپێناویدا خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالواحد ادریس شریف
نازناو: دكتور رهوهند
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٢٦٧

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدولواحید ئیدریس شەریف ڕەسوڵ

- ناسراوە بە: دکتۆر عەبدولواحید

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دوزتەپە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دکتۆرا/ لە زانکۆی کۆیە/ بەشی کوردی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ڕەمزیە تاهیر عومەر

- ناوی منداڵەکانی: بارێزە، بانیاز، بەرزی

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: نەخۆشخانەی مەڵبەندی (٣) لە سماقوڵی

- دواتر گواستراپتەوە تیپی (٨٥) بەڕانەتی ..

- ئەو سالانەی پێشمەرگەبووە بەشداری لە چەند هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: دکتۆری بەتالیۆنی (٨)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە لە سنورەوە تاوەکو هەولێر

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو سەرەتا ڕابەری سیاسی بەتالیۆنی (٢)ی بەڕانەتی، دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ بۆتە ئەندامی کۆمیتە لە کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٩٣ بۆتە کارگێری کۆمیتە لە کۆمیتەی (٣٠) ی هاوبەش، لەساڵی ١٩٩٤ بۆتە ڕابەری سیاسی لە لیوای تایبەتی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی ١٩٩٥ بۆتە کارگێڕی کۆمیتە لە لەشکری (٤) ئەوکات هەڤاڵ (حاجی مەسیفی) لێپرسراو کۆمیتە بووە. لە دوای ٣١ی ئاب لە کۆیە ڕێبەری سیاسی (٢) هێز بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ کراوەتە ڕێبەری سیاسی لەشکری (٣) لە فەرماندەی (٢)ی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠١ کراوەتە لێپرسراوی کۆمیتەی فەرماندەی قەرەچوغ، پاشان لێپرسراوی کۆمیتەی فەرماندەیی (٩) ی کۆیە. لە ساڵی ٢٠٠٥ سەنتەری ڕوناکبیری پێشمەرگەی لە کۆیە دامەزراندووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگە، لە ساڵی ٢٠٠٩ کراوەتە جێگری مەڵبەندی پێشمەرگایەتی، ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی کۆیە.

- دەرچوی دوو خولی پەیمانگای کادیرانی قەڵاچۆلانە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٦٧

# عەدنان موفتی



- ناوی تەواو: عەدنان رەشاد محەمەد الموفتی

- ناسراو بە: عەدنان موفتی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٩

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە ژمێریاری

-زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزیی و فەرەنسی دەزانێت.

- لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە.

- یەکەم دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٧١ بووە لە سەرۆکایەتی زانکۆی بەغدا بە (وردبین)

- ناوبراو بەرپرسیاریەتی ڕێکخستنی قوتابیانی زانکۆی موستەنسریەی گرتە ئەستۆ.. بەهۆی کاری ڕێکخراوەیی ماوەیەک زیندانی کراوە..

- بەهۆی دروست بوونی کێشە لە نێوان حکومەتی ناوەندو کورد لە ساڵی ١٩٧٤ ناوبراو پەیوەندی بە شۆڕش کردو هەرهەمان ساڵ بەشداری دامەزراندنی دەزگای دارایی شۆڕش کرد

- لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئێرانەوە چووە (سوریا) و پەیوەندی بە هەڤاڵ (مام جەلال) و دەستەی دامەزرێنەرەوە کرد..

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ هەریەک لە دکتۆر مەحمود عوسمان و شەمسەددین موفتی و قادر جەباری بەشداربوو لە دامەزراندنی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا.. دوا بەدوای گەڕانەوەی دکتۆر مەحمود عوسمان وقادر جەباری بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧، ئەویش لە ساڵی ١٩٧٨ گەرایەوە شاخەکانی کوردستان و ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژارد..

ـ پاش جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکردنی (پ.د.ک)، لە کۆنفرانسی ئابی ١٩٧٩ دا کە حزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستانی لێ کەوتەوە ناوبراو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردرا..

ـ لەیەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالست لە ساڵی ١٩٨١ لە دۆڵە توو بەسترا ناوبراو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا...

ـ لە دوای یەکەم کۆنگرەوە ناوبراو لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر سەرپەرشتی کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی سۆسیالستی کردووە لە ئەوروپاو جیهانی عەرەب...

ـ ناوبراو رۆڵی کارای بینیوە لەهەوڵەکانی ئاشتبوونەوەی یەکێتی و حزبی سۆسیالیست دا لەساڵی ١٩٨٦ واژووی ئەم ڕێکەوتنامەیە بە ئاکام گەیشت...

ــ لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ لەناوچەی (مەرگە) لە لایەن نۆکەرێکی ڕژێمی بەعسەوە لەگەڵ ژمارەیەک هەڤاڵی تر بە ژەهری سالیۆم ژەهرخواردوو کراو بەمەبەستی چارەسەرکردن ڕەوانەی لەندەن کرا..

ـ پاش ڕاپەڕین لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان دا نوێنەرایەتی حزبی سۆسیالیستی کرد لەو شاندەی بەرەی کوردستانی کەبەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا..

ـ لە ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد، بووە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

ـ ناوبراو بۆدۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی شەڕەکانی ناوخۆ ڕۆڵـی کارای بینیوە و بەشداری زۆربەی کۆبونەوە هاوبەشەکانی یەکێتیی و پارتی کردووە بەتایبەتی لە تاران و لەندەن و دیمەشق، هەروەها لە ئیمزا کردنی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٩٦

ـ بۆماوەی (٣) ساڵ نوێنەری (ی.ن.ک) بووە لە قاهیرەی پایتەختی میسرو یەکێ بووە لە ڕێکخەرانی سیمناری دایەلۆگی کورد ـ عەرەب کە لەساڵی ١٩٩٨ لە قاهیرە بەسترا..

ـ لەساڵی ١٩٩٩ پۆستی وەزیری شارەوانی لە ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت و دواتر بووە وەزیری دارایی و ئابوری و پاشان بووە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان...

ـ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەلبژێردرا، دواتر بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا..

ـ لە ساڵی٢٠٠٤ لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بوو لە کردەوەیەکی تیرۆریستی تەقینەوەدا لەناو هۆڵی مەڵبەند زۆر بە سەختی بریندار بوو..

ـ لە ڕۆژی ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ بەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.. تا ساڵی ٢٠٠٩ لەم پۆستەدا مایەوە..

ـ لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە شاری سلێمانی بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دواتر لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا...

ـ لە ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی ...

ـ ئەم کتێبانەی خوارەوە بە چاپ گەیاندووە

ـ (العلاقات العربیە الکوردیە) چەند بابەتێک لە مێژووی پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب، لەگەڵ چەندین وتارو سیمینار کە لە ساڵانی١٩٩٧-١٩٩٩ لە (القاهرە) ئەنجام دراوە.


ـ الحوار العربی الکوردی، دەربارەی ئەو کۆنفرانسەی کە لەژێر هەمان ناو لە ئایاری ١٩٩٨ لە (القاهرە) بەڕێوەچوو.

نامیلکەیەک لە ژێر ناوی (تاوان) دوای١٠ساڵ بەسەرهاتی هەڵەبجە ١٩٩٨

شەمسەدین موفتی، ڕابەر و سەرکردە (١٩٣٣-٢٠١٢) لە هەولێر لە ٢٠١٢ چاپکراوە

# عەدنان هەولێری




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و نەبساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عدنان فتاح نادر

نازناو: عدنان هەولێری

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ١١٩١

- ناوی تەواو: عەدنان فەتاح نادر
- ناسراوە بە: عەدنان هەولێری
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧/٧/٢٠
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: جوان عەبدولخالق کەریم
- ناوی منداڵەکانی: ڕێنما، ڕۆژا، ڕێبەند
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (خەتی گشتی)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: بەهاری ١٩٨٢
- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی (٣)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی .
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە . لە گوندێ خەتێ
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: زەلێ
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: سەرپەرشیاری پێشمەرگەکانی مەکتەبی عەسکری
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٩١

# عەزیز بەردەقەیی





- ناوی تەواو: عەزیز عەلی مستەفا حوسێن

- ناسراوە بە: عەزیز بەردەقەیی

- ساڵی لە دایكبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایكبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: قەدریە برایم عەولا

- ناوی منداڵەكانی: هاورێ، هێور، هەورین، محەمەد، هێلین، ستایش

- ساڵی پەیوەندی بەرێكخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەكەمان: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان (شۆڕشگێڕان)

- لە ساڵی ١٩٨٤ دەستگیركراوە تاوەكو ١٩٨٥/٤/١ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین/ كەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری كردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەركردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتایۆنی (٨) كە ئەوكات مەلاسلێمان لێپرسراوی بەتالیۆنەكە بوو.

- لەژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە قۆپی شیلانەی بناری سەفین

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری كردووە و ڕۆڵی كارای بینیوە.

- لە تەشكیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- ژمارەی ناسنامەی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكان: ٩٩

# عەلی مەخموری





- ناوی تەواو: عەلی عەبدوللا حەمەد ئەحمەد

- ناسراوە بە: عەلی مەخموری

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تاپۆلی (٢) ناوەندی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: سەلما حەمەد حاجی، شیرین عەبدوڵڵا عومەر

- ناوی منداڵەکانی: هەژار، کەژاڵ، بژار، فریشتە، ئیبراهیم، ئیسماعیل، یوسف، فێنک، فاتیمە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/٢/١

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ....

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مەڵبەندی (٣)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە لەڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو بەرپرسیاریەتی هەبووە..

- دواپلەی: فەرماندەی تیپ بوە .

- ناوبراو دەرچووی خولی ئەکادیمیایی ئەفسەرانی قەڵاچۆلانە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢١٦

# مامۆستا هەندرێن



- ناوی تەواو: عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد حەمەد

- ناسراوە بە: مامۆستا هندرێن

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٠

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: زەینەب قادر ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: ئەڤین، تۆڵە، هەوار، ئەژین، گارە

- ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە لە سنوری چۆمان ـ گەڵاڵە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرەتا بزوتنەوەو دواتر (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٧٨

- ئۆرگان: بارەگای هەرێم، لە ناو زەنگ

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ناوزەنگ


- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین سەرەتا لێپرسراوی ئیدارەی بەرەی کوردستانی بووە. پاشان لە ئاسایشی هەولێر بە پلەی (رائید) خزمەتی کردووە.

- دواپلەی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن بووە.

# عوسمان عاڵلایی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: عوسمان محمد حاجی جەرگیز
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٣٦٩

مام جلال

- ناوی تەواو: عوسمان محەمەد حاجی جەرجیس

- ناسراوە بە: عوسمان عالّلایی

- سالّی لە دایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی عالّلا، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: شیرین عەبدولّلا عەلی

- ناوی منداڵەکانی: مهاباد

- سالّی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢ لە ڕێگای شەهید شاخەوان عەباس

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- سالّی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- ئەو سالّانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین:بەتالیۆنی (٨) کە شەهید (مەلاسلێمان) لێپرسراوی ئەم بەتالیۆنە بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە سنوری کەرکوک

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٦٩

# شەهید: عوسمان عەلی سۆر



- ناوی تەواو: عوسمان عەلی عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: عوسمان عەلی سۆر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨/٧/٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قازیخانە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی (٥) سەرەتایی خوێندووە.

- باری خێزان: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٨٢

- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە:١٩٨٤

- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر

- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ کەرتی (٣)

- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە. وە بەشداری شەڕەکانی سەرکردایەتی و قەیوان وماوەت و داستانی ڕزگاری کردووە.

- لەساڵی ١٩٨٨ بەهۆی فشاری هێزەکانی (سەدام) لەگەڵ زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە دەچێتە سەرسنوری عێراق - ئێران - لە گوندی نۆکان بەردەوام دەبێت لە پێشمەرگایەتی، دواتر لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی دەگەڕێتەوە دەشتی هەولێر .

- دواپلەی جێگری فەرماندەی کەرت بووە. بەڵام لە هاتنە خوارەی پێشمەرگە پارتیزانەکان فەرمانی فەرماندەی کەرتی بۆ دەرچووە.

- ناوبراو جگە لەخۆی ژمارەیەک کەسی تری شەهیدە لەخانەوادەکەی.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون:١٩٨٩/١٢/١٤

- شەیانی باسە ناوبراو بە غەدرو خیانەت شەهید کراوەو دواتر تەرمەکەی تەسلیم بە دائیرەی ئەمنی هەولێر کراوە.

# عومەر گردەسۆری




کۆمەڵـەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبەردانە خەباتیان کردوە

ناوی چـواری: عومەر عەلی عەزیز محەمەد
نـاز نــاو: عومەر گردەسۆری
ســاڵی لـەدایـک بـوون: ١٩٦٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمــــارە: ١١٧٣

- ناوی تەواو: عومەر عەلی عەزیز محەمەد

- ناسراوە بە: عومەر گردەسۆری

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گەرەکی تەیراوە، هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی (٣) ی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: زۆزان یاسین عەلی

- ناوی منداڵەکانی: ئارام، ئەڤین، ڕێزدار، هاڤانا، ئومێد

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: سەرەتای ساڵی ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ناوبراو لە دەوروبەری مانگی (٥) ی ساڵی ١٩٨٣ لەهەولێکی گرتن و ڕفاندن ڕزگاری دەبێت و خۆی دەگەیەنێتە سنوری دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە..

- ناوبراو لە مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە بە تیپی (٨٦) تا مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٤

- دووبارە ناوبراو لە ١٩٨٦/٢/٨ پەیوەندی بە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢) ئەوکات شەهید (خالە یوسف) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە..دواتر گواستراوەتەوە کەرتی (٣) هەمان تیپ، لە ساڵی ١٩٨٨دەگوازرێتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٢) بە پلەی فەرماندەی (مەفرەزە) ئەوکات هەڤاڵ (سەعدی چاوشین) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- ناوبراو لە ڕەتلی پێشمەرگەکانی بادینان بوە لە ساڵی ١٩٨٧ـ ١٩٨٨

- لە تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان ناوبراو دەکرێتە جێگری کەرت لە تیپی (٨٧) ی قەرچوغ بەتالیۆنی (٨).

- لەکۆتا تەشکیلات ناوبراو دەگوازرێتەوە تیپی (٨٨) ی شەمامک کە شەهید (هاشم شەمامکی) فەرماندەی ئەم تیپە بووە - دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: جێگری فەرماندەی کەرت - لە ڕەتلی شەهید هاشم شەمامکی ناوبراو پارتیزان بووە .

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەبەرەی کوردستانی بووە تا ساڵی ١٩٩٢، دواتر

له هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر درێـژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٩٣. لە ٣١ی ئاب ئاوارەی سنوری کۆیەو سلێمانی بووە، لە ساڵی ١٩٩٧ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ لە سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان کاری کردوە، دواتر تا ساڵی ٢٠٠٨ لە مەکتەبی ڕێکخستنی هەولێر وەک ئەندام بەشی بەدواداچون کاری کردوە بە پلەی ئەندام مەڵبەند.. دواتر گواستراتیەوە بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر کاری ڕێکخستنی کردوەو لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی (خەبات) بووە. دواتر بۆتە کارگێری مەلبەندو بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخراوەیی، لە دوا کۆنفرانسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکان ناوبراو هەڵبژێردراو بوە جێگری نوسینگەی کۆمەڵەی هەولێر..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی، بادینان.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.

– لە ساڵی ١٩٩٠ لە نێوان بۆسکین - سەیداوە لە سنوری ڕانیە ٢- ساڵی ١٩٩٣ نێوان نۆکان و توژەڵە بە فرۆکەی تورکیا ٣- ساڵی ١٩٩٦ لە نێوان کۆیەو دۆکان...

- دەرچووی خولی (٦٢) ی کادیرانی قەڵاچۆلانە، چەندین خولی تری بینیوە لە بواری (هەڵبژاردن - ئەتەکێت - ڕۆشنبیری)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٧٣

# مامۆستا ئەژین



- ناوی تەواو: عیماد عەزیز فەتاح حوسێن

- ناسراوە بە: مامۆستا ئەژین

- ساڵی لە دایکبوون: ٢٣/ ٣ ١٩٥٩

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: ماستەر لە زانستە سیاسیەکان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: تاڤگە یاسین

- ناوی منداڵەکانی: تاڤێ، ڕێشە، هێور

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە) دواتر شۆڕشگێڕان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی دەشتی هەولێر

- دواتر مەکتەبی سیاسی لە ناوزەنگ، بارەگای دکتۆر خدر مەعسوم

- لە ساڵی ١٩٨٣بووە بە لێپرسراوی ناوچەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە بەڕانەتی، لە ساڵی ١٩٨٥ بوە بە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان لە سماقولی لەگەڵ هەڤاڵ (شێخ محەمەد سەرگەڵویی) لەساڵی ١٩٨٨بەشداری کۆبونەوەکانی بەرەی کوردستانی کردووە لە قاسمە ڕەش، هەمان ساڵ ناسنامەی پێشمەرگایەتی دوایی ئەنفالی پێ بەخشراوە..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە دەشتی کۆیە

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان

- لە کۆتایی ساڵی١٩٨٩ لەلایەن مەکتەبی سیاسی ڕێگای پێ دراوە بە زەماڵەی خوێندن بچێتە دەرەوەو لەوێ بەردەوام بووە لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..

# غەفور چاوشین




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

...ە ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
...ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
...ـەپاوانە خەباتیان کردوە

...وی چـواری: غفور احمد مولود باپیر
...باز نـــاو:
...سالی لەدایک بــوون: ١٩٦٢
...سالی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمـــارە: ٢٢٢٨

مام جلال

- ناوی تەواو: غەفور ئەحمەد مەولود باپیر

- ناسراوە بە: غەفور چاوشین

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قۆریتان، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سێ ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ئاسیا تەها تاهیر

- ناوی منداڵەکانی: ئارەزوو، ئەڤین، دیاری، ئارینا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢/٣/٢١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی ..

- دواتر لە تیپی (٨٧) قەرەچوغ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو ڕۆڵی کارای بینیوە لە چالاکییەکان.

- پاشان گواسترایەتەوە تیپی (١٢)ی سۆران..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە گەرۆتە

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوە و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەڕزگارکردنی مۆڵگەو بارەگاکانی رژێم.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان پێشمەرگە بووەو بەرپرسیاریەتی هەبووە.

- ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٢٨

# مام غەفور




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا و ئەیساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: غفور درویش احمد محمد

نازناو: مامە غەفە

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٢

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨

ژمارە: ٧١١

مام جلال

- ناوی تەواو: غەفور دەروێش ئەحمەد محەمەد

- ناسراوە: مام غەفور یان مامەغەفە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٢/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سمایلاوە، ناحیەی دیبەگە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: کابان فەتاح، هەمین حەمزە

- ناوی منداڵەکانی: ئاواز، ئەختەر، ڕەوشەن، شنۆ، جیهانگیر، فەریدون، هێمن، ئازاد، ژارۆ، جەمال، ئاکۆ، ماکۆک، ئەزمەر، زریان... ئەمانەش لە ژیان نەماون (دڵشاد، وەفا، فاتیمە، سەیف الدین)

- لە ساڵی ١٩٥٧ تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ لە بەندینخانەی (موسڵ) زیندانی بووە.

- لە ساڵی ١٩٦٢ تاوەکو ساڵی ١٩٦٣ لە ڕومادی زیندانی بووە.

- لە ساڵی ١٩٦٣ تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە لە سنوری دێدەوان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (بزووتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (باڵی بزووتنەوە)

- دواتر لەناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٣

- لە ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەبات و پێشمەرگایەتی گواستەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..

- ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، دواتر کراوەتە جێگری تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، دواتر کراوەتە فەرماندەی تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر

- ناوبراو له ڕاپەرین بەشداری کردووه و ڕۆڵی کارای بینیوه له ڕزگار کردنی شارو شارۆچکەکان.

- له دوای ڕاپەرین ناوبراو درێژەی به پێشمەرگایەتی داوه لەزۆربەی تەشکیلاتەکان فەرماندەیەکی دیار بووه.

- دوای ٣١ی ئاب له فەرماندەیی (٥) ی دوکان درێژه به پێشمەرگایەتی دەدات تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٧، دواتر له فەرماندەیی (٩) ی کۆیەو دواتر فەرماندەیی هەولێرو دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای هەولێر درێژەی به پێشمەرگایەتی داوەو له زۆربەی ئەو ئۆرگانانه کەسی یەکەم بووه.

- ناوبراو کارگێڕی فەرماندەیی گشتی بووه.

- له ژیانی پێشمەرگایەتی (٧) جار بریندار بووه.

- بەشداری خولی تایبەتی فەرماندەییەکانی کردووه.

ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگه دێرینەکان: ٧١١

# فاتح دیبەگەیی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆرشی نوێی گەلەکەماندا و تەیساوانە خەباتیان کردووە

ناوی چواری: فتاح سمایل قادر اسماعیل
نازناو: فتاح دیبەگەیی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٢٣٦

مام جلال

- ناوی تەواو: فاتح سمایل قادر سمایل

- ناسراوە بە: فاتح دیبەگەیی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی پیشەسازی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ڤیان مستەفا عەبدولڕەحمان

- ناوی منداڵەکانی: سارێژ، ئیسماعیل، ڕەز.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (١٩) ی کۆڕەک، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە چیای کێل کێل

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین، مەفرەزەی پارتیزانی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- دەرچوی خولـی سەربازی قاسمەڕەش بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواپلەی: لە دوای ٣١ی ئاب ئیدارەی فەرماندەی (١٥) ی قەرەچوغ بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٥٤

# فارس مەخموری





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان
وە ئەبیتوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: فارس حسین عولا
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٢١١

- ناوی تەواو: فارس حوسێن عەولا وەلی
- ناسراوە بە: فارس مەخموری
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەرانی: نادیە مەولود سەعید، دیاری عەبدوڵڵا ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی: شاسوار، شاهۆز، شاهین، سەردەشت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، دەستەی تیپ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە . لە کۆیە
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە .
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دواپلەی فەرماندەی هێز بووە لە فەرماندەی (٢) ی هەولێر
- دەرچووی خولی (٣) ی ئەکادیمیای قەڵاچۆڵانە ...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢١١

# شـــەهيد: فاروق جەبار



- ناو: فاروق جەبار کەریم کاملا

- ناسراوبە: فاروق جەبار

- تەمەن: ١٩٦٥

- شوێنی لە دایکبوون: گەڕەکی سێ تاقان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی خێزان: سەعدیە برایم ڕەحمان

- ناوی منداڵەکان: باڤێ، بوێر، باسنێ

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان: ١٩٨٤ بەتیپی (٩١) سەفین

- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە مەفرەزەی تایبەتی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەویەخەی کردووە لەوانە: لە ساڵی ١٩٨٥ بەشداری شەڕێکی دەستەویەخەی کردووە لە سماقوڵی، شەڕی دوومانگەی دۆلە رەقە، شەری داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧، داستانی ١١ڕۆژەی سماقوڵی، بەنەباوێ، چەندین چالاکی فەردی ومەفرەزەی ناوشار بۆ فراندنی ئەفسەرو بەرپرسی ئەمنی رژێم لەساڵی ١٩٨٧، زۆربەی شەرەکانی سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.... وەشەڕەکانی سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ڕاپەرین ناوبراو ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ڕزگارکردنی شارەکان هەر لەسنوری ئێران تا هەولێرو کەرکوکی قودسی کوردستان.


- لە دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان شەهید فاروق لێپرسراوی مەکتەبی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) بووە.


- سەرۆکی یانەی وەرزشی برایەتی بووە ماوەیەک لە دوای ڕاپەرین.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٦/٩/٥

- شوێنی شەهید بوون: گوندی چەمرگە - نزیک قەزای بنەسڵاوە.

# فاروق جەمیل




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و لەپێناویدا خەباتیان کردوە
ناوی چواری: فاروق جميل صادق
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ٢٠٧١
مام جلال

- ناوی تەواو: فاروق جەمیل سادق مستەفا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی کولێژی یاسا/ زانکۆی بەغدا/ ساڵی ١٩٦٧

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: شاهیدە عەبدوالواحید، سوعاد عەبدولحەمید

- ناوی منداڵەکانی: کاوە، نەورۆز، دلێر، تاڤگە، شۆڕش، لاڤە، دیکو، فرۆ، گدۆ، گەشە

- ژیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٠ دەست پێ دەکا لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٤ پشگیری باڵی مەکتەبی سیاسی کردووە. لە ساڵی ١٩٦٥ لێپرسراویەتی ڕێکخستنەکانی هەردوو کۆلێژی ماف و بازرگانی گرتە ئەستۆ، لە ساڵی ١٩٦٧پاش تیرۆرکردنی ئەحمەد ڕەشوانی، لە جێی ئەو کرایە ئەندام ناوچەی هەولێر، هەر ئەوساڵە بووە لێپرسراوی لقی هەولێری باڵی مەکتەبی سیاسی..

- ناوبراو لە ١٩٧٢/١/١ تاوەکو ساڵی١٩٧٥/٤/١ بەشداری شۆڕشی کردووە لە سنوری (چۆمان)

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: سەرەتایی ساڵی ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرەتا لە هێلی بزوتنەوە دواتر شۆڕشگێڕان بووە.

- ناوبراو سەرەتا لەسەر داوای عەلی عەسکری لێپرسرایەتی لێژنەیەکی ڕێکخستنی پێ سپێردراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ پاش یەکگرتنەوەی (هێلی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ناوبراو لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان درێژەی بە ئەرکەکانی داوەو بەشداری لە کۆنفرانسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کردووە

- لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/٥/٢٧ دەستگیرکراوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٦/٤/١٨ لە زیندانی ئەبوغرێب

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: هەرێمی سلێمانی، ناوچەی جافەتی

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: دۆڵی جافەتی، گوندی یاخسەمەر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی: دادوەری شۆڕش، سەرۆکی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان.

- ناوبراو بریندراری چەکی (کیمیاوی) بووە لە یاخسمەر

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە ...

- لە ساڵی ١٩٩٢ پاش کۆچی دوای (عومەرمستەفا) سەرپەرشتیکردنی دادگای باڵای شۆڕش

به (فاروق جەمیل) دەسپێردرێ

- لە دوای ڕاپەرین لە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر درێژەی بە کاری ڕێکخراوەیی داوە.

- لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ئیدارەی سلێمانی کراوەتە بریکاری وەزارەتی داد.....

- لە پۆستی حکومەت ناوبراو (وەزیری داد) بوو لە کابینەی (٥) یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٧١

# شـەهید: فاقە مەخموری



- ناوی تەواو: فاروق حسێن عەبدوڵڵا ولی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی منداڵەکانی: ئارۆز، ئاریان، ئاڤان، ئارین، ئارەزوو، ئالأن، ئاڤێستا

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان: ١٩٨٠

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢ هەرێمی دەشتی هەولێر

- ساڵی ١٩٨٣ پلەی فەرماندەی مەفرەزە ی وەرگرتوە لە تیپی ٨٦دەشتی هەولێرلە کەرتی (٤) کەندێناوە

- ساڵی ١٩٨٥ پلەی جێگری کەرتی پێ دەدرێت.لەکەرتی (١) ی شەهید کاوە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ

- ساڵی ١٩٨٦ دەکرێتە فەرماندەی کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ

- لە ساڵی ١٩٨٨ دەکرێتە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ

- لە ساڵی ١٩٨٩ پلەی فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغی پێ دەدرێت .

- لە ساڵی ١٩٩١ دەکرێتە جێگری بەتالیۆنی (١٧) ی قەرەچوغ

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ پلەی فەرماندەی بەتالیۆنی (١٧) ی قەرەچوغی پێ دەدرێت .

- لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێتە لێپرسراوی فوجی (٢) پاراستنی هەرێم بە پلەی مقدم.

- لە ساڵی ١٩٩٤ بووە بەڕێوەبەری ئاسایشی ئاکرێ .

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ کرایە فەرماندەی لیوای تایبەتی ڕۆژهەڵات.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی چوار جار بریندار بوە

- شەهید فاقە بەشداری لەم چالاکی و نەبەردیانە کردووە (داستانەکەی بێتواتە، گرتنی شارۆچکەی هیران، گرتنی زنجیرە ڕەبیەکانی ڕێگای کۆیە و هەولێرلە، چەندین چالاکی لە قەراج و کەندێناوە، شەڕی قەیوان ماوەت، لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکوک، گرتنی

شارۆچکەی شێخ شەروان، شەرە گەورەکەی تەللخێم، گرتنی ناحیەی تەق تەق، گرتنی قاتعی ئە بوو جحفر منسور ڕەبیەکانی دەوروبەری، گرتنی سەری ڕەش، شەڕی کونە کۆتر قەندیل، گرتنی گوندی مەچلوبە لە تۆڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، گرتنی قەزای مەخمورو ناوچەی قەراج و کەندیناوە بەسەرپەرشتی شەهید فاقە مخموری لە ڕاپەرین، داستانە گەورەکەی کۆرێ شەهید فاقە دەبابەیەکی ڕژێمی سەدامی سوتاند، گرتنی کەتیبەو تۆبخانەتانکەکانی سنوری دیبەگە شەهید فاقە سەرپەرشتی ئەم چالاکیەی دەکرد.. بەرپرسی گرتنی فوجی (٢٠) سەربە لیوای دیبەگە و مەخمور بوو لەم چالاکیە. چەندین چالاکی تر کە شەهید بەشداری و سەرپەرشتی کردووە.. بەڵام بە داخەوە ئەم فەرماندە سەربازیە تێکۆشەرە لە شەوی ٢٦-٢٧ مانگی ٣ی ساڵی ١٩٩٥ لە ناحیەی کەسنەزان شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە ...

# فازیل ئەحمەد ڕەسوڵ




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و ئەمیساوانە حەباتیان کردوە

ناوی چــواری: فازیل احمد رسول احمد
نــاز نــــاو: فازیل مام غەفور
ساڵی لەدایک بـــوون: ١٩٦٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمـــــارە: ١١٩٠

مام جلال

- ناوی تەواو: فازیل ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد

- ناسراوە بە: فازیلی مام غەفور

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تەلەلخێم، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخمور

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئەختەر غەفور

- ناوی منداڵەکانی: مستەفا، محەمەد، شادی، شەوبۆ، هەورامان

- لە ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ١٩٨٤ لە ڕێزەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی پێشمەرگە بووە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- لە ساڵی ١٩٨٤خەباتی پێشمەرگانەی گواستۆتەوە ناو ڕێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، بنکەی تیپ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی (کەرت)

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە لە (ئاقوبان، ڕێگای گۆمەشین، ناو هەولێر، شەرغە)

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لێپرسراوی ئۆرگانەکانی (هێزو تیپ و فەوج و لیوا) بووە

- ناوبراو دەرچووی خولی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە.

- دواپلەی: ئامرلیوا بووە لە سنوری بادینان

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٩٠

# فەخە مەخموری




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: فخر الدين كريم عبدالله قادر
نازناو: فەخە مەخموری
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ١٢٤٩

مام جلال

- ناوی تەواو: فەخرەدین کەریم عەبدوڵڵا قادر

- ناسراوە: فەخە مەخموری

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەسرین عەوڵا مەلا

- ناوی منداڵەکانی: سۆلاڤ، میلاڤ، میلان، دیلان، بابان، تابان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، لە مەفرەزەی (تیپ) و دواتر گواسترایەتەوە کەرتی (١)

- دواتر لە تیپی (٩١)ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ئاودیوی سنور بوونە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی .

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە گۆجار

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: نۆکان

- لەقۆناغی دوای ئەنفال ساڵی ١٩٨٩ ماوەی (٣) مانگ پارتیزان بووە .

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگار کردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە هێزی (١١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە


- بەشداری خولی (٢) ی کانی گۆمەی کردووە.

- لە ئێستادا سەرپەرشتیاری پێشمەرگەکانی هەولێر و دەورووبەرە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٤٩

# ئازاد سەرسپی





- ناوی تەواو: فەرمان عەزەدین مەحمود محەمەد

- ناسراوە بە: ئازاد سەرسپی

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس، ئاداب

- باری خێزان: خێزاندار

- خاوەنی (٣) منداڵە

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی مەڵبەندی (٣) و (٤)

- بەشداری لە داستانی ڕزگاری وە ڕزگارکردنی ناحیەی تەق تەق، گەلێ چالاکی تر، ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو لە ئۆرگانی ڕێکخستنیش کاری کردووە لە کۆمیتەی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە ناوبراو کارگێڕ کۆمیتە بووە کە ئەوکات مامۆستا تاهیر لێپرسراوی ئەم کۆمیتەیە بووە، پاشان ناوبراو بۆتە لێپسراوی ئەم کۆمیتەیە..

- دەرچووی خولی یەکەمی پەیمانگای کادیران (ی.ن.ک) بووە لە ساڵی ١٩٩٢..

- لە ساڵی ١٩٩٣کراوەتە جێگری بەڕێوەبەری گومرگی هەولێر.

- ناوبراو زابت ڕوکن بووە لە قیادە مەنتیقەی هەولێر لە هۆبەی میرە..

- لە ساڵی ١٩٩٤ کراوەتە ڕێبەری سیاسی لیوای تایبەتی ڕۆژهەڵات ..

- دواتر گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەی بواری پەروەردەیی (مامۆستا) تا ساڵی ٢٠٠٩

- لە ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە کاندیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان و دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، لە خولی سێیەم، پاشان خانەنشین بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٧٦

# فەرهاد سەڕەتان




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و لەپاوانە خەباتیان کردود

ناوی چواری: فەرهاد یاسین علی عزیز
ناز ناو: فەرهاد سەرتان
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٢٢٩

- ناوی تەواو: فەرهاد یاسین عەلی عەزیز

- ناسراوە بە: فەرهاد سەرەتان

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ١٩٨٥/١/٥ تاوەکو تاوەکو ١٩٨٥/٢/١٥ زیندانی بوە لە دائیرەی ئەمنی هەولێر بەڵام هیچ ووشەو نهێنیەکی ڕێکخستنی ئاشکرانەکردوو ئیعترافی نەکرد بۆیە ئازاد کراوە..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: لە مانگی ١٩٨٥/٣

- ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی تیپی (قەرەچوغ)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨) ئەوکات شەهید مەلا سلێمان فەرماندەی ئەم بەتالیۆنە بووە.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لەڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکانی کوردستان..

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین : لە زۆربەی ئۆرگانەکانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە بەبێ دابڕان تاوەکو ڕۆژی دوایی کۆچ کردنی..

- لە ساڵی ١٩٩١ لە هێزی (١٠) دەشتی هەولێر کراوەتە (فەرماندەی تیپ)

- لەیەکەم تەشکیلاتی وەزارەتی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٩٢ ناوبراو کراوەتە (فەرماندەی فەسیل)

- لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ هەلوێستی مەردانەی نواندووەو ئاوارەی شاری کۆیە دەبێت و لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر هێزی (٢٢٧) درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات... دواتر لەهەمان فەرماندەیی لە لەشکری (٤) بەردەوام دەبێت. لەسەرجەم بەرگریەکانی قەندیل و هەڵەبجەو شنرویێ لەگەڵ هێزی (متفەریقەی) سەربە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر ڕۆڵی کارای هەبوە..

- لە ٢٧ /٢٠٠٦/١٢ کۆچی دوایی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان ١٢٢٩

# فەرهاد کادیر



- ناوی تەواو: فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد حەمەساڵح

- ناسراوە بە: فەرهادی کادیر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ڕۆژان عەزەدین حوسێن

- ناوی منداڵەکانی: پاوان، دابان، لاڤین، داریان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: کۆتایی ساڵی ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٤/٥ /١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی (٧)

- پاش دوومانگ گواستراوەتەوە بارەگای مەکتەبی سیاسی، دواتر بارەگایەکی تایبەت بە زراعە یان داناوە ماوەیەکی کەم..

- لە مانگی (٩) ی ساڵی (١٩٨١) گواسترایەوە قوەی دەشتی هەولێر

- پاشان بووە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا، دواتر لە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی.....


- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە (١- جادەی کۆیە، دێگەڵە لە ساڵی ١٩٨٢.

٢- قەیوان ماوەت ساڵی ١٩٨٦. ٣- داستانی ڕزگاری بە سەختی هەردوو قاچی شکاوە بەهۆی بوردومانی تەیارە لە گوندی (چاڵاوە)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری ڕێکخستن لە سنوری شەمامک

# فەرید ئەسەسەرد



- ناوی تەواو: فەرید سابیر قادر حەسەن

- ناسراوە بە: فەرید ئەسەسەرد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس

- باری خێزان: خێزاندار

- سەرەتای کاری ڕۆشنبیری دەگەرێتەوە بۆساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: لە ٢٤ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨،، سەرەتا لە سنوری دەشتی کۆیە و قەرەداغ و جافایەتی، پاشان گواستراتیەوە دەزگای ڕاگەیاندن ئەوکات بارەگای ئەم دەزگایە لە گوندی (نۆکان) بووە...

- ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دەسپێکی پەخشی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە یەکەم ستافی ئێزگە وەک نوسەر لە بەشی عەرەبی کاری کرد، ساڵی ١٩٨٠ وەک کادیر گوێزرایەوە بۆ کەرتی (١) هەرێمی پارێزگاری و دواتر لەکەرتی ڕێکخستنی شەهید (ئازاد) کاری کردووە کە ئەرکی ڕێکخستنی شانەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی سەرکردایەتی لە ئەستۆ گرت ..

- لە ساڵی ١٩٨٢ بووە لێپرسراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، سەربە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.. لە ساڵی ١٩٨٣ ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ پێ سپێردرا لەم ساڵەدا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەم (٣) ژمارەیە بەخولی پێنجەمی ئەم ڕۆژنامەیە دەژمێردرێت.. هەرلەم ساڵەشدا بووە لێپرسراوی بەشی عەرەبیی ئێزگە..

- لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧ بووە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن، لە ساڵی ١٩٨٨ لێپرسراویەتی بۆردی ئێزگەی پێ سپێردرا. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە گوندی ڕاژان ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە گوندی (ڕاژان)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن

- مەکتەبی سیاسی بەرنامەیەکی تازەی بۆ قۆناغی پاش ئەنفالەکان داناو لەو سەروبەندەدا بڕیاردرا چەند کادیرێک بنێردرێنەوە بۆ ناوشارەکان، لەم ڕووەوە بڕیاردرا فرید ئەسەسەردو مستەفای سەید قادر بۆ دوو مەهام ڕەوانەی هەولێر بکرێنەوە، لە یەکی کانوونی دووەمی

١٩٨٩دا بەرەو قەلآدزێ بەرێ کەوتن، لە دابەشکردنی لێپرسراویەتیەکاندا مستەفا سەید قادر ئەرکی ڕێکخستنی هەولێرو دهۆک و ڕانیەو پشدەری گرتە ئەستۆ و فەرید ئەسەسەرد ئەرکی هەواڵگری پێ سپێردراو بە درێژایی دووساڵ لەسەر ئەرکی خۆیان بەردەوام بوون ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە ساڵی ١٩٩١ ناوبراو گەڕایەوە دەزگای ڕاگەیاندن لەو کاتەدا بارەگای لە گوندی گەلاڵە بوو...

- لە ساڵانی ١٩٩٢ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ ناوبراو لە گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجیی کوردستان و گۆڤاری (ڕوانگەی جیهان) و سەرنوسەری (ڕۆژنامەی هاوپەیمانی)

- لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی لە ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە. هەر لەم ساڵەدا لەکۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بە (نەقیب) هەڵبژێردرا.. لە تەمووزی سالی ٢٠٠٢ بۆتە لێپرسراوی مەکتەبی بیر و هۆشیاری.

- لە ساڵی ٢٠١٠ لە سییەم کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی لە سلێمانی بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.. دواتر بووە لێپرسراوی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران. لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرایەوە ...

- خاوەنی چەندین پەرتووکی مێژووی و سیاسییە..

- دوا پلەی: سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە..

# فەرەیدونی مام غەفور




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: فەرمیدون غەفور دەرویش احمد
ناز ناو: فەرەی مامە غەفە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٠
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٢٢٠

- ناوی تەواو: فەرەیدون غەفور دەروێش ئەحمەد

- ناسراوە: فەریدونی مام غەفور

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەید عوبێد

- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەرانی: عەلیما نەجمەدین، نەجاح حەسەن

- بەهۆی ئەوەی باوکی فەرماندەیەکی ناو هێزی پێشمەرگە بوو ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ خانەوادەکەی دەستگیر دەکرێ تاوەکو ساڵی ١٩٨١ لە سەرای هەولێر.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی قەرەچوغ لە ڕێزەکانی (حزبی سۆسیالیست) تاوەکو ساڵی ١٩٨٣

- دواتر سەنگەری پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرەتا لە تیپی (٨٥) بەڕانەتی و دواتر لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ.

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، مەفرەزەی (تیپ) تاوەکو گەڕانەوە بۆ سەرسنور

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە دوای ڕاپەرین ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپ و هێزو لەشکرەکانی هەولێر تا ٣١ی ئاب..

- لە سوپای یەکگرتوو ناوبراو (فەرماندەی سریە) بووە.

- دوای ٣١ی ئاب لە فەرماندەیی (٥) ی دوکان درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٧، دواتر لە فەرماندەیی (٩) ی کۆیەو دواتر فەرماندەیی هەولێرو دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

- چەندین پلەی سەربازی و پێشمەرگایەتی بڕیووە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە بیرە عارەبان، بەردەسپی، مەچلوبە

- بەشداری چەندین خولی کردووە..

ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٢٠

# فەیسەڵ عەباس عەوڵا




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و لەبیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: فیصل عباس عەولا وسمان

ناز ناو: حمەی سەنگەران

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ١٢٠٤

مام جلال

- ناوی تەواو: فەیسەڵ عەباس عەولا وەسمان

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی سەعدوناوای شاری هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: جەمیلە عەبدولقادر

- ناوی منداڵەکانی: سۆما، سیڤەر، ئیرۆن

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨١ دەستگیر کراوە بۆ ماوەی (١٢) مانگ لە بەندیخانەی ئەمنی هەولێر، پۆلیسی هەولێر..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- دواتر گواسترایەوە تیپی (٨٥) بەڕانەتی، دەستەی تیپ پاشان لە کۆتا تەشکیلات گواسترایەوە دەستەی مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) تا ڕاپەرین....

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی ....

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە. (١ـ جادەی مەخمور ٢ـ جادەی کەرکوک ٣ـ سەرکردایەتی ٤ـ بەرکەوتنی کیمیاوی لە پشتی هەڵەبجە)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بارەگای سەرکردایەتی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو لەڕاپەڕین بەشداری کردووە هەر لە ڕانیەوە تا کەرکوک..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی و کاری ڕێکخستن داوە .وەک، مەکتەبی عەسکری، دەزگای ئاسایش، فەرماندەیی، مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، پەرلەمان.

- دواپلەی جێگری مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێر

- ئەرکی ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٠٤

# فواد چەلەبی



- ناوی تەواو: فواد عومەر چەلەبی محەمەد

- ناسراوە بە: فواد چەلەبی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٩/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: بکالوریۆس ئەکادیمیای سەربازی ـ بەغداد

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: بێریڤان ئیسماعیل سەرهەنگ

- لە ساڵی ١٩٦١ تاوەکو ساڵی ١٩٦٦ لە حزبی شوعی کاری کردووە.

- لە ساڵی ١٩٦٥ زیندانی کراوە لە لایەن حەرەس قەومی.. لە هەولێر، بەغدا

- لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە تا نسکۆی شۆڕش لە سنوری گەلاڵە، ڕێزان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٥/٤/٢٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦

- ئۆرگان: سەرەتا لە سوریاو دواتر بارەگای سەرکردایەتی..

- بەشداری چەندین داستان و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) وە سنوری سەرکردایەتی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەکتەبی عەسکەری لە یاخسەمەر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، سەرپەرشتیار

- دواپلەی: نوێنەری هەڤاڵ مام جەلال لە مەڵبەندی (٣) و دواتر ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند..

# قادر عەزیز



ـ ناوی تەواو: قادر عەزیز محەمەدەمین

- ساڵی لەدایکبون: لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی سێبیرانی نزیک شارۆچکەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر.

ــ باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: کەژاڵ ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: ئەلەند، ئالان، ئارا، ئەوین.

ـ ساڵی ١٩٦٠ماڵیان چۆتە هەولێر و لە گەڕەکی سەیداوە نیشتەجێ بوون.

دواتر لە قوتابخانەی اربیل الاولی النموذجیە دەستی بە خوێندن کردووە، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەسپێکردنەوەی شەر لە نێوان ڕژێمی بەعس و شۆڕشی ئەیلولدا پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردوە، خولێکی ڕاهێنانی لەسەر مووشەکی دژە تانکی رووسی (ساگەر – ملیۆتکا) لە ئێران تەواوکردوە، دواتر لە شارۆچکەی قەسرێ کە بنکەی مووشەکەکانی لێبوو جێگیربووە، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە و ماوەیەک لە شاری مهاباد نیشتەجێ بووە. لەو ماوەیەدا لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کۆبونەوانە بووە کە لەلایەن ژمارەیەک لە کادیر و سەرکردەکانی شۆڕشەکە بەمەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی تازە و گەڕانەوە بۆ عێراق و هەڵگیرساندنی سەرلەنوێی شۆڕشێکی چەکداری، لە شارەکانی مهاباد و نەغەدە و ئورمیە ئەنجام دەدرا، ئەویش بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ زۆرێک لەو کادیر و سەرکردانە گەراوەتەوە عێراق و دواتر لەگەڵ چەند بەرپرسێکی شۆڕشەکە لە بەغدا نیشتەجێ بووە. دوای دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە شوباتی ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگەی شەهیدانی سەرکردە دکتۆر خالید سعید و سعدی گچکە پەیوەندی بە بزوتنەوە کردووە.

ـ لە ١٩٧٦/٨/٨ واتە لە هەمان ساڵ دوای هەماهەنگی خوالێخۆشبوو مام جەلال و بزوتنەوە و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ چوونەوە شاخ و دەستکردنەوە بە شۆڕشی چەکداری لە خەتی هەولێر لەگەڵ شەهیدانی سەرکردە عومەر دەبابە، دکتۆر خالید، سعدی گچکە و سید کاکە و یاسین قادر مورتکەیی و جەعفەر ئەسوەد و ژمارەیەک لە هەڤاڵی تر لە بەغداوە خۆیان گەیاندۆتە چیای (قەندیل).

ـ لە ساڵی ١٩٧٧دوای دامەزراندنی لقەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەپێی بڕیارەکانی کۆبونەوەکانی برادۆست بووە بە ئەندامی لقی هەولێر. لەو ماوەیەدا لە چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بە تایبەتی لە شەڕەکانی بەستۆرەی پیرمام و شەڕی گوندی (حەسەن موتروبی) دێدەوان و شەڕە گەورەکانی سەفین و هەورێ و شیوەشان و قوباد بەگیان و داستانە مەزنەکەی (دەشتێو) لە ١٩٧٨/٣/٨ کە تێیدا لە شەڕێکی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەیی لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم سەعدی گچکەی مامی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی و فەرماندەی هەرێمی هەولێر و ژمارەیەک لە هەڤاڵەکانی شەهید بوون بەشداری کارای کردووە.

- له نێوان ۲۳/۲۵/۳/۱۹۷۸ له نۆکان بەشداری له کۆبونەوەی فراوانی کادیرانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا به ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی بزوتنەوە هەڵبژێردراوە و دواتر بووە به ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پێ سپێردراوە. له ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بووە به نوێنەری بزوتنەوە له مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان. له ۲۱/۳/۱۹۷۹ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەهۆی چەندین ناکۆکی ڕێکخراوەیی له نیمچە بەرەی یەکێتیی جیابۆتەوە و له کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان که له ۱۲-۱۵/۵/۱۹۸۱ له دۆڵەتوو بەسترا به ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە.

- له ١٦ی ئابی ۱۹۸۵ بەهۆی چەندین کێشەی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی لەگەڵ کۆمەڵێک له هەڤاڵەکانی له حزبی سۆسیالیستی کوردستان جیابۆتەوە و ماوەیەک لەژێر ناوی حزبی سۆسیالیستی کوردستان - ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر کاریان کردوە و دواتر له کۆنفرانسێکدا که له ٢٤-٢٦/٤/١٩٨٨ له گوندی (کافێ) له بناری چیای (گارا) بەسترا (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)یان دامەزراندوە و بووە به سکرتێری گشتی حزبەکە. دوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی که (۸) حزبی کوردستانی لەخۆ گرتبوو بووە به ئەندامی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی..


- له دوای ڕاپەرینە قارەمانانەکەی خەڵکی کوردستان له ٥/٣/١٩٩١ له هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان له ۱۹/۵/۱۹۹۲ بووە به ئەندامی پەرلەمان و له یەکەمین کابینەی حکومەتی کوردستانیشدا پۆستی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری وەرگرتوە.

- ڕۆڵێکی دیار و کارای له ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دژ به ڕژێمی دیکتاتۆری سەدامدا هەبووە، هەر بۆیە له هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ روخاندنی ئەو ڕژێمە له کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی له (بەیروت، ڤیێننا، سەلاحەدین، نیویۆرک، لەندەن) بەشداریکردووە. له کۆنگرەی لەندەن لەو (٦٥) سەرکردە عێراقیە بوو که له کۆنگرەکەدا بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەی رووخانی ڕژێمی عێراق هەڵبژێردران، له دوای روخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام بوە به ئەندامی یەکەمین ئەنجومەنی نیشتیمانیی عێراق. ئەو ئەنجومەنە ئەرکی نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی پێ سپێردرابوو.له چوارچێوەی شاندی کوردی بەشداری له نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق کردووە، له ۱۵/۹/۲۰۰٦ بۆتە نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستوری عێراقی تایبەت به کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان.

- دوای یەکگرتنەوەی حزبی ئایندەی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان له کۆنگرەی (٤) له (۱۹/۱۲/۲۰۱۹) هەڵبژێردراوە به ئەندامی سەرکردایەتی و دواتریش کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.

# کامەران عەبدوڵڵا (ڕێدار)




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ـەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و تەنیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چـواری: کامەران عبدالله علی خدر
نـاز نـاو: ڕێـدار
سـاڵی لەدایک بـوون: ١٩٦٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمـاره: ٢٨٦

- ناوی تەواو: کامەران عەبدوڵڵا عەلی خدر
- ناسراوە بە: ڕێدار
-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢/١١/١٧
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: شەنگ عەبدولخالق مەعروف
- ناوی منداڵەکانی: باڵا، ئاوان، هێڤار، بانۆ
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندازیار و لێپرسراوی تەکنیکی ڕادیۆ.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ...
- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین ناوبراو لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن درێژەی بە خزمەت داوە.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین: لێپرسراوی تەکنیکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن
- لە ساڵی ١٩٩٣ خولی لە پەیمانگای کادیران بینیوە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٨٦

# كامەران عەلی (دیار)





- ناوی تەواو: کامەران عەلی مەولود قادر

- ناسراوە بە: دیار

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: لەیلا کانەبی سەعید

- ناوی منداڵەکانی: عەبدوڵڵا، پەیام، پەری، بەهێز

- سەرەتا لەساڵی ١٩٧٩ لە هێزی (١٠) ی سەفین لە ڕیزەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بۆتە پێشمەرگە..

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- لەساڵی ١٩٨٣پەیوەندی بەریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە.

- ئۆرگان: تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێ.

- لە ساڵی ١٩٨٨ لە تیپی (٨٧) ی قەرچوغ/ کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- لە ساڵی ١٩٨٩ لە کۆتا تەشکیل لەبەتالیۆنی (٨) تیپی (٨٨)ی شەهید هاشم کادیر پێشمەرگە بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ڕۆڵی کارای بینیوە

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگان کاری کردووە، لە سوپای یەکگرتووش ناو براو ئامر فەسیل بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٣٥٣

# کامەران نادر قادر




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: کامەران نادر قادر حمد

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥

ژمارە: ١٢٣٠

- ناوی تەواو: کامەران نادر قادر محەمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەلاقەرە، قەزای مەخمور، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: گوڵاڵە ئەحمەد محەمەد
- ناوی منداڵەکانی: دالان، دیلان، داستان، دەریا، داهێن
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ .
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە دواتر لە چەندین ئۆرگانی تر کاری کردووە.

# کاوە جەلال شێرە





- ناوی تەواو: کاوە جەلال سەعید ئیسماعیل

- ناسراوە بە: کاوە جەلال شێرە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: سێ ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: وەردە قادر محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: ماندێلا، گەریلا، ناز، دیاری

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (١) ی شەهیدان

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی .

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی پێش ڕاپەرین: ناوەندی کۆمەڵە لە قاسمەڕەش

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- بەشداری خولی مێرەگەپانی کردووە لە ساڵی ١٩٨٤.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین: ناوبراو لەدەستەی پاسەوانی بەرێز (کۆسرەت ڕەسوڵ) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ..دواتر لەچەند ئۆرگانێکی تر لە ڕێکخستنەکان کاری کردووە ..

- ناوبراو خاوەنی (٣) مەدالیایە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٢٥

# مەولان گردەسۆری




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا،
و لەپێشەوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: کریم اسماعیل حسن رسول
نازناو: مولان گردەسۆری
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٣٥٠

مام جلال

- ناوی تەواو: کەریم ئیسماعیل حەسەن ڕەسوڵ
- ناسراوە بە: مەولان گردەسۆری
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گردەسۆر، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: سەمیرە خالید عەلی
- ناوی منداڵەکانی: بریار، یادگار، پەیام، خەیام، خۆشی، شادی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢/٦/١٨
- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە قۆریتان
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: هێزی تایبەتی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەدەزگای ئاسایش خزمەتی کردووە ..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٥٠

# شەهید: دکتۆر هیوا



- ناوی تەواو: کەمال جەوهەر کەریم

- ناسراو بە: بە دکتۆر هیوا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٩/١٢/٣١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی مەسیف، قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی و ناوەندی لە کۆرێ و مەسیف تەواو دەکات، دواتر ئامادەیی لە هەولێر تەواو دەکات.. پاشان پەیمانگای پزیشکی تەواو دەکات.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: عەزیمە حەسەن کەریمە

- ناوی منداڵەکانی شەهید: کاروان، کارزان، شاناز، تریسکە، تەزرە، باران

- شەهید هیوا لە ١٩٧٤/٤/٢٦ برایەک و ئامۆزایەکی لەسەر پردی گەڵاڵە بە بوردوومانی فرۆکەی عێراقی شەهید بوون.

- بەهۆی ئەوەی خێزانەکەیان پێشمەرگە بوون لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بوون. دواتر گەرانەوە کوردستان، درێژەی بە خوێندن داو قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتووی بڕیوە..

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ماوەیەک لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوە لە سنوری (مەسیف)

- لە ساڵی ١٩٨٢ لە نەخۆشخانەی (پیرداود) دادەمەزرێ.

- لە ١٩٨٢/٨/٢١ بەشداری کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەکات لەناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: سەرەتایی ساڵی ١٩٨٤ بە خێزانەوە روو لە شاخ دەکەن و دەبنە پێشمەرگەو بەلێن بەدایکانی شەهید و خاکی پیرۆزی کوردستان دەدا بەرگریکارێکی دڵسۆزبێت ..

- ئۆرگان: سنوری تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی...

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەزۆربەی داستان و بەرگری و هێرشەکانی سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێرو سەرکردایەتی کردووە.

- لە دوای قۆناغی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٩ئاودیوی ئێران دەبێت

- دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ چەندین کادیر دەچنە وولاتی (پاکستان)

- له پاکستان کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردیان دامەزراندووە.... چەندین چالاکی و گردبوونەوەی نارەزایان ئەنجام داوە..

- له ساڵی ١٩٩٢ گەڕاونەتەوە کوردستان له شاری هەولێر گیرساونەتەوە.

- له ساڵی ١٩٩٢ له دەزگای ئاسایشی هەولێر به پلەی (رائید) و لێپرسراوی بەشی (ڕامیاری) خزمەتی بەرچاوی کردووە..

- بەشداربووی یەکەمین خولی ئەفسەرانی قەڵاچۆلان بوو بەهۆی شەهید بوونی ئەم خولەی تەواو نەکرد.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٦/٩/٥

- شوێنی شەهید بوون: هەولێر

- جگە له خۆی (٣) شەهیدی قارەمانیان بەخاک به خشیووە.

- شەهید دکتۆر هیوا له دوای خۆی تاوەکو ئێستا (٢) منداڵی کۆچی دوای کردووە.

# ملازم کەمال




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: کمال ابراهیم حسین دەرویش

نازناو: ملازم کمال

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩

ژمارە: ٢٠٥٠

مام جلال

- ناوی تەواو: کەمال ئیبراهیم حوسێن دەروێش

- ناسراوە بە: ملازم کەمال

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی یەدی قزلەر، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: پەیمانگای کارگێڕی

- باری خێزان: خێزان

- ناوی هاوسەری: بەفرین حەسەن عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی: ژیار، یارا، هۆنا، کارۆس

- لە ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (حزبی شوعی عێراقی) دەکات تاوەکو ساڵی ١٩٧٩

- لە ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگە لەڕیزەکانی (حزبی شوعی عێراق) تاوەکو ساڵی ١٩٨٣ لە لقی دەشتی هەولێر، دوا پلەی لەناو حزبی شوعی (ڕێبەری سیاسی لق) بووە..

- لە ساڵی ١٩٨٣پەیوەندی بەهێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات..

- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەند، لیژنەی دارایی

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی..

- - ساڵی ١٩٨٨/١٩٨٧ خولی فەرماندەیی لەتاران تەواو کردووە.

- لە ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە لێپرسراوی دەستەی پاراستنی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بارەگای مەکتەبی سیاسی (ناوەندی کۆمەڵە)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ناوبراو (جێگر بەتالیۆن) بووە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندا بووە .لە سەیتەرەی هەولێر - کەرکوک

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە .

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگانی یەکێتیی خزمەتی کردووەو بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە.. لە ساڵی ١٩٩٢ لێپرسراوی کۆمیتەی (٧) بووە، لە ساڵی ١٩٩٣ کراوەتە کارگێری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٥ بە بڕیاری سکرتێری گشتی

گواستراتیەوە مەکتەبی پەیوەندییەکانی تاران، لە ساڵی ١٩٩٧ تاوەکو ساڵی ١٩٩٩ ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە گشتیەکان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ کراوەتە جێگری مەڵبەندی دەرەوە، لە ساڵی ٢٠١١ کراوەتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن.

- دواپلەی: ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٥٠

# کوردۆ سەعید سۆفی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەمان
و بەشداریان تێدا کردووە

ناوی چواری: کوردۆ سعید سۆفی صمد
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ٢٢٦٤

مام جلال

- ناوی تەواو: کوردۆ سەعید سۆفی حەمەد

- ناسراوە بە: کوردۆی مام سەعید

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١/١٢/٣

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: نیهایەت خورشید فقێ

- ناوی منداڵەکانی: ئاشنا، تەمەن، هەنگاو

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ناوبراو زیندانی بوە لە بەرواری ١٩٨٦/٣/٢٧ تاوەکو مانگی (٤) ی ساڵی ١٩٨٧ ..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٨٥) بەڕانەتی، کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە چوار قورنە

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: دەستەی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە زەلێ، قاسمەڕەش.

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواپلەی: رائید بوە لە لیوای دووی هەولێر..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٦٤

# لەتیفە سۆر



- ناوی تەواو: لەتیف عەزیز حەمەد عەلی

- ناسراوە بە: لەتیف سۆر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: جوان سەباح محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: لۆزان، رۆزان، کارێز

- لە شۆرشی ئەیلول بەشداری کردووە لە سنوری بەڕانەتی

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەڵەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/١/٥

- ئۆرگان: هەرێمی (٨)

- لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٣ لەحزبی سۆسیالیستی کوردستان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، دواتر سەنگەری خەباتی گواستەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر ناوبراو یەکێک بوە لە کادیرو فەرماندە دلێرەکان.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین داستان و هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٨) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش راپەرین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: ناوبراو لەدەزگای ئاسایشی هەولێر خزمەتی کردووە و رۆڵی کارای هەبووە لە پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و سەروەت و سامانیان. لەدوای ساڵی ١٩٩٦ لەکۆیە نیشتەجێ بوو، لەفەرماندەیی دووی هەولێر چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بریوە، فەرماندەی هێزی ئامادەی هەڵمەت بوو لەناوشاری کۆیە. لەبەرگری و هێرش و هەلوێستە نەتەوەییەکان ناوبراو هەمیشە فەرماندەیەکی ئازاو خاوەن پێگە بووە..

- دواپلەی: جێگری مەڵبەند

- دەرچووی خولی سەربازی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە

# نەریمان باشتە پەیی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆرشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەمیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: لوقمان هادی حمد عزیز
نازناو: نەریمان باس تەیەی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٩٤

مام جلال

- ناوی تەواو: لوقمان هادی حەمەد عەزیز

- ناسراوە: نەریمان باشتەپە

- ساڵی لە دایکبوون:١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی باشتەپە، ناحیەی قوشتەپە، قەزای بنەسڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: بەیان جەوهەر باپیر

- ناوی منداڵەکانی: ئاشنا، ئاشتی، ئیمان، هەناسە، شاباز، ئایا، لۆنا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆرشی نوێ گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢/٢/١٢

- ئۆرگان: قوەتی هەولێر

- دواتر لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، لە ساڵی ١٩٨٤ گوازرایەوە بۆ تیپی (٩٣) کۆیە، لە ساڵی ١٩٨٥ گوازرایەوە بۆ تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٣) درێژەی بە پیشمەرگایەتی داوە.. دواتر لە کەرتی (٢) کرایە فەرماندەی مەفرەزە، دواتر بووە جێگری فەرماندەی کەرت، پاشان بۆتە فەرماندەی کەرت..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: بەتالیۆنی (٨) تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو لە راپەرین بەشداری کردووە و رۆڵی کارای بینیوە لە رزگارکردنی شاروشارۆچکەکان

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین ناوبراو لە بەتالیۆنی (٨) کرایە جێگری بەتالیۆن و درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- لە پۆستی حکومەت ناوبراو لە دەزگای ئاسایش (موقدەمی ئاسایش) بووە لە عەنکاوە لە ساڵی ١٩٩٣، لە دوای دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان دواتر ناوبراو کراوەتە فەرماندەی فەوج لە لیوای رۆژهەڵات..

- ناوبراو بەشداری خولی سەربازی و ڕۆشنبیری (گەیلان غەرب) کردووە..

- دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین پێش خانەنشین بونی (سەرلەشکر) بووە لە دوای ٣١ی ئاب لە سنوری کۆیە

- بەشداری خولّی (٣) ی ئەکادیمیای سەربازی ئەفسەرانی (قەڵاچۆلانی) کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٤

# شەهید: شاخەوان عەباس



ـ ناوی تەواو: محەمەد عەباس عەوڵا

ـ ناسراوبە: شاخەوان عەباس یان (قائید)

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٢

ـ شوێنی لە دایکبوون: سەعدوناوەی شاری هەولێر

ـ ئاستی خویندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر لە ساڵی ١٩٧٣

ـ باری خێزان: خیزاندار

ـ ناوی هاوسەر: ئاواز عەبدوڵا

ـ ناوی منداڵەکان: هاوێژ، هێور، هاوێر

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخراوی سیاسی: ١٩٦٦ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٦٧ بۆتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان

ـ لە ساڵی ١٩٦٩شەهید شاخەوان لەگەڵ هاورییان (سەعدی خەلیل ،عەلی جوکل ،شەهید ڕێباز، شەهید عەبدولرەزاق، لەلایەن بەعسەوە دەستگیر دەکرێن.

ـ ساڵی پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان: ١٩٧٢

ـ ساڵی ١٩٧٤بۆماوەی ساڵێک لە دیوانیە بۆتە سەرباز دواتر وازی هێناوە. لە ناوچەی ژێردەسەلاتی شـۆڕش لە لقی کشتوکاڵی هیران بە فەرمانبەران دامەزراوە. موچەی مانگانەی (١٨) دینار بووە .

ـ لەساڵی ١٩٧٥پاش نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، لە ئۆردوگای بەهرام لە دیزفول گیرسایەوە .

ـ هەرلە ساڵی ١٩٧٥ گەراوەتەوە کوردستان و دامەزراوەتەوە لە لقی کشتوکاڵی دیبەگە.

ـ لە رۆژی ٢٠ ی ١ی ساڵی ١٩٧٦ لە دیبەگە دەستگیر دەکرێ لەگەڵ (عەلی بەگ و قاسم عزیز) لە ئەمنی هەولێر بۆ ئەمنی بەغدا تا ٢٦ی ٢ی ١٩٧٦ بەڵام هیچ وشەیەک نادرکێنی، بەعسیەکان پێ دەڵێن تۆ لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵە دەستگیر کراوی.

ـ پاش ئازاد کردنی دەچێتەوە سەرکاری پێشووی لە دیبەگە بەڵام دواتر خۆی نقل دەکات بۆ لقی کشتوکاڵی پیرمام.

ـ هەر لەناوەراستی مانگی ٥ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردەوە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرایە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێرو لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ناوشاری هەولێری پێسپێردرا .

ـ لە ١٣ـ ٥ـ ١٩٧٧ فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەردەچێت لەگەڵ ژمارەیەک هاورێ تر لەوانە شەهید ڕێبازو جەمیل رەنجبەر.

ـ له ١٦ـ ٥ـ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەبێتە کادرلە هەرێمی دەشتی هەولێرـ له مانگی ٩ی ساڵی١٩٧٧له یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان له برادۆست کرایه کارگێڕی لقی (٤) ی هەولێر وەک نوێنەری هەولێر دەست بەکاربوه ـ له مانگی ٣ی ساڵی ١٩٧٨بەشداری کردوه له یەکەم کۆبونەوەی فراوانی کادرانی کۆمەڵە له نۆکان ـ له مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٠ بەشداری خولێکی عەسکری دەکات له باشوری لوبنان ـ له مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨١ کراوە بە ئامر قوەی دەشتی هەولێرـ لەکۆتایی ساڵی ١٩٨١ کرایه فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ـ دواتر له ساڵی ١٩٨٣کراوە بە فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی ـ شەهید شاخەوان له شەڕی بالیسان له ٢٧ـ ٤ـ ١٩٨٣ پەنجیەکی دەستی بریندار بوه .

ـ له ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراوی ڕێکخراوی (١) بووه ئەوکات له سوسێ.

ـ له دوای ڕاپەرین ساڵی ١٩٩١ کراوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر کەبارەگاکەی له شەقلاوە بوە.

ـ له کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا بە ئەندامی سەرکردایەتی له ساڵی ١٩٩٢.

ـ دواتر بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان له خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دانرا.

ـ له ساڵی ١٩٩٨ کراوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر له کۆیە .

ـ له ساڵی ٢٠٠٠ کرایه بەرپرسی مەکتەبی مافی مرۆڤ.

ـ له ساڵی ٢٠٠١ له کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دووبارە بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

ـ شەهید خاوەنی پەرتووکێکه بەناوی (سەفەری کوردایەتی، بیرەوەریەکانی شاروشاخ ١٩٧٤ـ١٩٨٠

ـ له ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری سەدان داستان و شەڕو چالاکی جۆراوجۆری کردووە، سەرپەرشتی زۆر چالاکی کردوە.

ـ لەماوەی ٢٧ساڵی خەبات و تێکۆشان له شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، چەندین پۆستی جیاجیای وەرگرتوەو سەرکەوتوانە کارەکانی بەڕێوە بردووە.

ـ له یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ له تەقینەوە تیرۆریستە خۆکوژیەکەی ناو هۆڵی مەڵبەندی ٣ی هەولێر لەگەڵ ژمارەیەک کادری پێشکەوتوو هاوڵاتی شەهید بوون.

# محەمەد گاینجی



- ناوی تەواو: محەمەد محەمەد ئەمین حەسەن

- ناسراوە بە: محەمەد گاینجی

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گاینج، قەزای خەبات، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلـی یەکەمی ناوەندی خوێندووە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوبراو خاوەنی (٨) منداڵ بووە بەڵام دانەیەکیان کۆچی دوایی کردووە.

- لە شۆڕشی ئەیلولڵ بەشداری کردووەو بۆتە پێشمەرگە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان: ١٩٧٧/١٠/٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (خەتی گشتی)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە : ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک/ ئەوکات قادرخەبات فەرماندەی تیپ بووە.

- پاش دروست بوونی تیپی (٨٥) ی بەرانەتی ناوبراو لەکەرتی شەهید (عەلی مەسیفی) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. دواتر لە کەرتی (٣) ئەوکات شەهید مەلا سلێمان فەرمانده‌ی ئەم کەرتە بووە.

- ناوبراو هەر لە تیپی (٨٥) بەڕانەتی کراوەتە فەرماندەی کەرت.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی.


- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: فەرماندەی بەتالیۆنی (١٦) ی بەڕانەتی بووە

- لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی لقی هەولێر دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵەیە بووە.

# شەهید: مەحمود پاکستانی



- ناوی تەواو: مەحمود خدر باسە جبرائیل

- ناسراو: بە مەحمود پاکستانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی قولتەپە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر.

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی خێزانی: کوێستان عەلی محەمەد

- ناوی منداڵەکان: کارۆخ، کارزان، کاروان

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦

- ئەو ئۆرگانانەی ناوبراو پێشمەرگایەتی تیا کردووە: تیپەکانی (٨٧)ی قەرەچوغ ـ تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر. ماوەیەک لە کەرتی (٣) بووە.

- یەک جار بریندار بووە.

- (دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی)

- لە دوای ڕاپەرین ئەندامی کەرت بوو لە کۆمیتەی کاسبکاران

- دواپلەی (ڕابەر سیاسی) بووە لە هێزی ئامادەی هەولێر لە ساڵی ١٩٩٥

- شەهید لە ماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و شەڕو چالاکی کردووە لەوانە: داستانی قەیوان ماوەت، داستانی بنەباوێ، شەڕەکانی سەرکردایەتی، شەڕی ڕەبیەکانی سێ قۆچان، شەڕەکانی بەستی شەرغە، لە دوای ڕاپەرین بەرگری لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم کردووە.

- ڕۆژ و مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٥/٧/١١

- شوێنی شەهید بوون: گوندی شێخە شەل ـ بەحرکە

# سەید مەجید



- ناوی تەواو: مەجید حوسێن مورسەل زەمان

- ناسراوە بە: سەید مەجید

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٣٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گردعازەبان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە/ یەک ساڵ مەلا بوە لە گوندی منارە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: حەفسە شێخ جەلال

- ناوی منداڵەکانی: شۆڕش، هێرش، بەهیە، حەسیبە، نەجیبە، نیشتمان

- لە ساڵی ١٩٥٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کردووە. لە ساڵی ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگەو کارگێڕی لقی (٢) ی پارتی بووە... لە ساڵی ١٩٦٣ بەپلەی کارگێری لق دەگوازرێتەوە لقی پێشمەرگە لە چەمی ڕێزان...هەرلەم ساڵە یەکەم خانوو ڕژێم کە ڕوخاندی و تەختی کرد خانوەکەی (خالە سەید مەجید) بوو.

- لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ کەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ناوبراو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دەمێنێتەوە.. لە تێکەڵ بوونەوەی ساڵی ١٩٧١ ناوبراو دەبێتە ئەندام ناوچە لە لێژنەی ناوچەی (گەڵالە) تا هەرەسی شۆڕش و بە ماڵ و منداڵەوە ڕوو دەکاتە ئێران لەوێ لەگەڵ شەهید (عەلی عەسکری و عومەر دەبابەو کۆمەڵێک سەرکردەوەو تێکۆشەری تر چەندین کۆبونەوەی تر دەکەن بۆگفتوگۆ کردن و بڕیار دان لەسەر گرتنەبەری شێوازی بەرگریکردن ....

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٥

- هەر لەدوای دامەزراندنی یەکێتیی ناوبراو دەستی کردووە بە کاری نهێنی ڕێکخستن..

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (خەتی گشتی)

- لەسەرداواکاری یەکێتیی شار بەجێدێڵێ و خۆی دەگەینێتە ناوزەنگ

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی، لە ناوزەنگ

- لەساڵی ١٩٧٩ (خالە سەید) وەک ئەرکێکی نەتەوەی ڕەوانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کراوە سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی کردووە بۆ پاڵپشتی هێزەکانی دیموکراتی ئێران لە دژی سوپای ئێران.. پاش گەڕانەوە کرایە فەرماندەی هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر..

- لە ساڵی ١٩٨٠ بووە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی لەهەمان کات ئەندامی مەکتەبی

عەسكرى بووە ....

- لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ بوە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر کە بارەگاکەی لەگوندی (وەرتێ) بوو..

- لە پایزی ساڵی ١٩٨٢ لە کۆنفرانسی یەکگرتنەوەی هێڵی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەم چوار چێوەیە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی لێ کەوتەوە... ناوبراو لەم سەروبەندا بووە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)

- لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا یەکێتیی بڕیاری دروست کردنی (٤) مەڵبەندی دا خاڵە سەید لێپرسراوی مەڵبەندی (٣)ی پێ سپێردرا بەم پێیە بوە یەکەم لێپرسراوی مەڵبەندەکە.

- بەهۆی نەخۆشیەوە دەستی لە هەموو بەرپرسیاریەتیەک هەڵگرت تاساڵی ١٩٨٨ لە سنوری ئازاد کراو مایەوە... دواتر ئاوارەی ئێران بۆتەوەو لەوێ چوو بۆ سوید.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی، هێزی پشتیوانی بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی ..

- دواپلەی: لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بووە لە پێش ڕاپەڕین.

# مەجید سۆفی (مەچکۆ)




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: مجید صۆفی محمد صۆفی
نازناو: مچکۆ
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٨٦١

مام جلال

- ناوی تەواو: مەجید سۆفی حەمەد سۆفی

- ناسراوە بە: مەچکۆ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا چواری سەرەتایی خوێندووە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: کەژاڵ ئیسماعیل حەسەن

- ناوی منداڵەکانی: ڕامیار، بڕیار، ئاڤێستا، ڕاوکار، یارە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- پاشان لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی ...

- دواتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر لە مەفرەزەکەی شەهید ڕێباز درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە دوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، مەفرەزەی تیپ


- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە لەگەڵ شەهید ڕێباز.

